تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

فەلسەفەی مێژوو

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
رەحیم سابیر

چاپی دووەم
2005

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

فەلسەفەی مێژوو

نوسینی : رحیم سابیر

چاپی دووەم

سلێمانی ---------------------- 2005

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : فەلسەفەی مێژوو

بابەت : لێکۆڵینەوە

کۆمپیو تەر : جلیل حسین

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

نۆبەتی چاپ : چاپی دووەم

ساڵی چاپ : ٢٠٠٥

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : (٨٦)ی ساڵی (٢٠٠١)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێ درا

پێزانین

بە بۆنەی بە بەرهەم گەیشتنی ئەم فەرهەنگۆکەوە بە پێویستی دەزانم لە کانگای دڵمەوە سوپاسی ئەم دۆستانە بکەم :

١. کاک قادر وریا کە هاندەری سەرەکی بوو بۆ ئەوە ئەم بەرهەمە بۆ چاپ ئامادە بکەم.
٢. کاک عومەر غولامعەلی کە بە حەوسەڵەوە ئەم فەرهەنگۆکەی پاکنووس کردەوە.
٣. کاک سەلاح میهرپەروەر کە پیتچنینەکەی بە دەزگای کامپیووتەر گرتە ئەستۆی خۆی.

بەو هیوایە ئەوان لە کاروباری ژیان و خەباتیان دا سەرکەوتوو بن و کوردیش رۆڵەی لەو بابەتەی زۆر و زۆرتر بن .

پێشەکیەکی کورت:

لە قۆناغی مرۆڤایەتیدا مێژوو ڕۆڵی کاریگەری بینی بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەو ڕۆڵانەی مێژوو دەیبینی هەر خۆشی تۆماری ڕووداوەکانی خۆی دەکردو نرخ و بەهای خۆی سەپاند بەسەر سەرجەم مرۆڤایەتیدا، دیارە ئەو گەلانەی لە مێژوو گەیشتن و بەهای مێژوویان زانی بوونە خاوەن مێژوو، ئەوانەشی بایەخیان بە مێژوو نەدەداو نرخیان نەدەزانی بێبەش بوون لە مێژوو، ئەمەش وای لە زانایان و فەیلەسوفانی مێژوو کرد کە پێناسەیەك بۆ مێژوو بکەن و زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەکانی مێژوو بکەن، دیارە ئەم پرسیارانە ئەوەندەی تر دەرگای لێکۆڵینەوەی خستە سەر پشت، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە مێژوو، مێژوو چییە؟ کێ مێژوو دروست دەکات؟ مێژوو سەرەتاو کۆتایی هەیە یان نەخێر؟ مێژوو ڕادەوەستێ یان بەرەوپێش دەچێ؟ ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟ چۆن و کەی؟ جیاوازی مێژوو لەگەڵ زانست چییە؟ ئایا مێژوو بەشێکە لە زانست؟ ئایا مێژووش

زانستێکه وەك زانستەکانی تر؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر، دیارە سەدەی ناوەڕاست و تا سەدەی ڕینیسانس مرۆڤ بیری لەو جۆرە پرسیارانە دەکردەوەو مشت و مڕی لەسەر کراوە تا وای لێهات لە سەدەی ڕۆشنگەری بووە بەشێك لە زانست و لە وەهم و خورافات پاك کرایەوە یاخود بڵێین بە زانست کراو بەرگی فەلسەفی پێ بەخشراو لەگەڵ فەلسەفەدا ئاوێتە کراو دیاردەی (فەلسەفەی مێژوو) هاتە ئاراوە، واتە مێژوو فەلسەفی پێ کراو چەند لقێکی فەلسەفیانەی گرتەوەو فەیلەسوفان لێکۆڵینەوەی تایبەتیان لەسەر مێژوو کرد لە ڕووی فەلسەفیەوە تا ئەوەی مێژوو بە فەلسەفە بکەن، دیارە لەو کەین و بەینەدا چەندان قوتابخانەی جۆربەجۆر سەری هەڵداو هەر قوتابخانەیەك بە شێوەیەك لە فەلسەفەی مێژووی دەکۆڵیەوە، تەنانەت پیاوانی ئاینیش کەوتنە خۆیان و مێژوویان لە ڕێگەی دینەوە ڕاڤە کرد.

ڕاڤەکاران هەریەکە لە دیدو ئایدۆلۆژی خۆیانەوە ڕاڤەی مێژوویان دەکرد، لە دیدی ئابووری و ئایدیالی و مەتریالیزمی و کۆمەڵایەتی و ڕۆح و دین و سایکۆلۆژییەوە.. هتد، جا بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش لەو بەشە گرنگەی (فەلسەفەی مێژوو) بێبەش نەبێ و زانیاری هەبێ دەربارەی، هیوادارم خزمەتێکی بچووك کتێبخانەی کوردیم کردبێ.

ڕەحیم سابیر

دەروازەیەك بۆ فەلسەفەو مێژوو:

فەلسەفە زانست و لێكۆڵینەوەی یاساكانە، بەشێوەیەكی گشتگیری لە پێشكەوتنی سروشت و كۆمەڵ و بیركردنەوەی مرۆیی، كە فەلسەفەی مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بۆ گەڕان بە شوێن یاسا گشتییەكاندا كە ئامانجی دەربڕینێكی شاراوەیی دەكات، كە لە میانەی مێژوویی‌دا دەگاتە ئامانج، زاناو زانایانی كۆمەڵناس و مێژوونوسان توێژینەوەیان ئەنجامدا دەربارەی مرۆڤ و دەوروبەر هەروەها كاریگەری مرۆڤ لەسەر دەوروبەرو كاریگەری دەوروبەر لەسەر مرۆڤ، ئامانج و مەبەست ئەوەیە كە مرۆڤ زیاتر تێبگات لە دەوروبەرو زاڵبونی بەسەر سروشت و دەوروبەردا دوایش بتوانن بیخاتە خزمەت مرۆڤایەتییەوە، ڤۆڵتێر (١٦٩٤-١٧٧٨) نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی. یەكەم كەس بوو كە گوزارشتی لە فەلسەفەی مێژوو كردووەو بەكاری هێناوە، مێژوونوسانی سەردەمی ئەگریكی (توسیدیدس ٤٥٦-٣٩٦) هەوڵی ڕاڤەكردنی ڕووداوە مێژووییەكانیان كرد بۆئەوەی ئەو گوزارشتە

بەکاربهێنن واتە (فەلسەفەی مێژوو)، ڤۆلێتر بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکاری هێنا، لە ڕووی فەلسەفیشەوە پرۆگرامەکەی بۆ دامەزراندنی ئەپستمۆلۆژی مێژوویی بوو بە پرۆسەیەکی ئاوەزی کە پاڵپشت بێ بە دیدی ڕەخنەگرانە بۆ ئەوەش پشتی لەو شتانە کرد کە گومان بوون وەك خورافەو هەندێ چیرۆکی درۆو هەروەها مێژووی لە ئەفسانەو پیاهەڵدان پاککردەوە، بۆ ئەوەش بایەخی نەدەدا بە جەنگەکان و ئەو پەیمانە ڕامیاریانەی کە واتایان نەبوو، بەڵکو کردنیە لێکۆڵینەوەیەکی ئەپستمۆلۆژی ڕەخنەیی، (کە ئامانجی ڕاست کردنەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بوو لە مێژووی سیاسی و سەربازی بۆ فەلسەفەی شارستانیەت)، ئامانجی ڕەخنەی مێژوویی ئەوەیە (ئاوەزی مرۆڤ لەو خورافانە ئازاد بکرێن لە پێناو ئازادی و ڕۆشنگەری و لێکۆڵینەوە عەقڵانیەکان)، کاری فەلسەفەی شارستانێتی ئاراستەکردنی توێژینەوەی مێژوویی‌یە، بە بایەخترە لە جەنگ و ژیانی پادشاو ڕووداوەکانی کۆشکی پادشاکان، واتە بە دواچوونی کاروانی ئاوەزی مرۆڤە لە هەموو دیاردە مرۆیی‌یەکانەوە، لای عەرەبەکان (ابن خلدون) بەدامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە ناوبانگی دەرکردووە، کە ناوەوەو دەرەوەی مێژوو دەپشکنێت هەروەك خۆی دەڵێت (لە دەرەوەی تەنها دەنگی و باسی ڕۆژانەو دەوڵەتانی پێشوون لە پێش سەدەی یەکەمدا، لە ناوەوەدا تێڕوانین و پشکنینەو هۆدۆزیی بوونەوەرەکانەو هەروەها ڕەگەزەکانە

وردبین و زانستیانه به چۆنایەتی ڕووداوەکان هەروەها هۆکارە قوڵەکان بەوەش ڕەگەزە لە حیکمەتداو دروست کەرە لە زانستدا) (ابن خلدون) مێژوو بە زانستێك لە زانستی حیکمەت دەزانێ، حیکمەتیش لە چوارچێوەی تێگەیشتنی سەردەمەکەی فەلسەفە بووە، لەبەر ئەوەش مێژوو لای (ابن خلدون) ئەپستمۆلۆژیکی فەلسەفیانەیە، هەر بۆیە بووە پێشەوای مێژوونوسە عەرەبەکان،

فەلسەفەی مێژوو لە لایەنی مێژوویی یەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن دوایش لەسەر دەستی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا پەرەی پێدراو پێشکەوتنی بەخۆوە دی وەك (فۆلتێر/ هیردر/ کرندورسیە/ منتسکیو) هزری هۆدۆزیان هێنایە ئاراوەو بانگەشە هزری (یەکەی کردارەکی مێژوویی)یان کردو جەختیان لەسەر کاریگەری دەورووبەرو جوگرافیاو کۆمەڵ دەکردەوە لەسەر مرۆڤ بۆ ڕاڤەی مێژوو، هیگل وای دادەنا کە مێژوو کردارێکی پێشکەوتنی خۆیەتی یە بۆ ڕۆح یان بۆ هزر؛ یەکەیەکی ناوخۆیە کە یاساکان بڕیاردەر دەبن بەسەریدا، مارکس و ئەنگلس ماتریالیزمی مێژوویی یان دۆزیەوە لەسەر بنەمای تیۆری زانستی و هەروەها فەلسەفەی هاوچەرخ توینبی و شپنگلر خوێنەرو خەڵکیان زۆرە ئەویش بەهۆی تێڕوانینیان بۆ مێژوو، فەلسەفەی مێژوو بۆ دوو بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوە مێژووییەکان:

١-كۆوتەی گشتی:

بۆ یەكەم جار ڕووداوە مێژوویی یەكان لە دیدی فەیلەسوفەكاندا وەك دوورگە پەرش و بڵاون و پەیوەندیەكانیان لە نێواندا ون بووە، وەك كۆمەڵێك ڕووداوی لە سەریەك كەوتوو دەردەكەون، ئەمەش ئەوو دیاردەیەیە، بەڵام لە ڕاستیدا فەیلەسوف ئەوە ڕەت دەكاتەوە كە ڕووداوە ڕاستی یە مێژوویی یەكان شێوەیەكی پەرش و بڵاو بن، خۆ بەدەستەوەدانی خێرپێكردنی نابێ لـ میانەی مێژوودا، یان لە بزوێنەری مێژوودا، هەروەها ئەوەش ڕەت دەكاتەوە كە مێژوو زنجیرە ڕووداوێك بێت كە لە ماوەی كورت كورتدا حاڵەتەكانی ناخۆشی و شادی واتە لە نێوانیاندا، فەیلەسوفی مێژوویی مەرج دادەنێ بۆ یەكێتی ئەندامەكان لە نێوان ڕووداوی مێژوویی كە جیاوازیان تیادایەو كە لێك دابڕان و دژ بە دژی تیادا دەردەكەوێ، بنچینەی هەست پێ كردن لە فەلسەفەی مێژوودا پێك هاتنە لە نێوان بەشەكانی مێژوودا ئەمەش ئەو بابەتەیە كە فەیلەسوف لێی دەكۆڵێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا دەكات و پلانی بۆ دادەڕێژێ و لەو دیدەوە سەیری دەكات. فەلسەفەی مێژوو ئەوە ڕەت دەكات كە توێژینەوەكەی بەند بێت لەسەردەمێك لە سەردەمە مێژوویی یەكان هەروەها ئەوەش ڕەت دەكاتەوە كە لێكۆڵینەوەی تایبەت بێت بۆ كۆمەڵگایەكی تایبەت هەوڵ دەدات هەموو بەشەكانی جیهان

کۆبکاتـە ە لـە چوارچێوەیـەکدا سـەرەتاییەکەیی و کۆتاییەکـەی لەوانەیـە . مو دواساتە بێت کـە فەیلەسوف تیایدا دەژی یـان ئەوساتە دەشکێنێ کە ئەمەش ڕاڤەکردنێکی خەون بینانە دەبێت بۆ پاشەڕۆژ.

٢-هۆدۆزی یان هۆکار:

چەمکی هۆدۆزی یەکێکە لە چەمکەکانی فەلسەفی، دەتوانین ئەو چەمکە لـە کتێب کانی مێژوونوساندا بدۆزینـەوە، بـەڵام چـەمکی هـۆدۆزی لـە فەلسـەفەی مێـژوودا جیـاوازە لـە چـەمکی هـۆدۆزی لـەلای هـەندێ مێژوونوسـانی تـر، چـەمکی فەلسـەفی خـۆی وەك گشـتگیری و ڕەهـایی دەبینێتـ رە بـەڵام چـەمکی مێژوویـی بـەندی بەشـەکان و بـە ڕێـژە مێژوویی ـەکانەوە مۆرکراوە. وەك زانراوە مێژوونوس هەمیشە پیشت بە مێژوو دەبە. ـتێ بۆ هۆدۆزی بەڵام هەمیشە کۆت دەبێت لە پێشبینیدا بۆ هۆکـاری ڕووداوی بەشـەکان کـە پابـەندە بـە چوارچێـوەی میـژوو یـان تێڕوانینی لـە تاکەکەسـی و زەمـان و شـوێن، بـەڵام فەیلەسـوفی مێـژوو هـۆدۆزە بەشـە ڕووداوە تاکەکەسـیەکان دەگوێزێتـەوە بـۆ یـەك هـۆدۆز زۆرجار بۆ دوو هۆدۆز کە لەوێوە ڕاڤەی مێژووی جیهانی دەکات، لەسەر ئـەو بنچینەیـە ڕووداوە مێژووییـەکانی پـێ دروسـت دەکـات و لـە چوارچێوەی ئاوەزدا لێی دەدوێ یان وەسفی دەکات، بە ڕای (کروتشە) فەیلەسوفانی مێژوو ئارەزووی ئەوە دەکەن لە مێژووی جیهان بزانن و لە

چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراودا شتە نهێنی‌یەکان ئاشکرا بکەن. دەپرسن: چۆن دەتوانین مێژووی جیهان بزانین، تەنها بەکاری یەك کەس؟، شێوەی فەیلەسوفانی مێژوو لە فەیلەسوفانی ڕامیاری دەچن ئەوانەی یۆتۆپیایان دامەزراند: مۆدێلێکی خەیاڵی و نمونەیی وێنا دەکەن کە لە بەرژەوەندی هەموو گەلاندایە لە هەموو سەردەمێکدا، حاڵی فەیلەسوفانی مێژوو هەر ئەوەیە، لە مێژووە جیهانیەکاندا مێژووی هەموو کۆمەڵەکان لە هەموو زەمانێکدا دادەنێن، فەلسەفەی مێژوو تێکەڵە لە نێوان وێناکردن و خەیاڵدا، فەیلەسوفانی مێژوو بانگەوازی ئاشکرا کردنی ناوەڕۆك دەکەن کە مێژووی جیهانی لەسەر ڕادەوەستێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەڵام (تشالز ئومان) کاری فەیلەسوفانی مێژوو بەوە وەسف دە ات دەڵێ (پێکهاتەیەکی فەلسەفی پێشینە لەسەر تایبەتی‌یەکانی سەدە ڕابردوو دامەزراوە وەك بۆی دەچن، لە زنجیرە ڕووداوە پەشێوەکان کە دوور خراونەتەوە وەك شتێکی لۆژیکیانە). وای بۆ دەچن کە مێژوو ئارمانجی هەیە کە فەرهەنگی زۆربان دانا بۆ ناوو چەمکەکەی، ویان نا پێشکەوتن/ پێشکەیشتن/ سەردەمی ڕۆشن/ بە ئاراستەی بۆچونیان کە لە تۆمارکراوەکاندا بەڵگەیان بۆ دەردەهێنا کە بشێوێ بۆ بەم ەکانیان: لە هەمان کاتدا چاویان پۆشی و ڕایان گەیاند لەو ڕووداوانەی ـە لەگەڵ بۆچونیاندا یەك ناگرن و هیچ نادەن بەدەستەوە.

مێژوونوسان دەڵوەستەیەکی ڕەخنەیی‌یان هەبوو لە کاری هۆدۆزیدا کە فەیلەسوفانی مێژوو پسپۆڕیان تێدا دەکرد ئەمەش بەدوا گەڕانەوە بوو لە وتەی یەکانیەتی هۆدۆزی، هەڵوەستەی ڕەخنەیان بەدوو لقدا دابەش بوو:

یەکەم: ئەوانەی جیاوازکاری دەکەن لە نێوان هۆدۆزی مێژوویی و هۆدۆزی لە فەلسەفەی مێژوودا؛ یەکەمیان ئەزموونگەری دووری، واتە مێژوونوس هۆکان دەچنێتەوە، بەڵام دووەمیان تێڕامانی قەبەڵی پێشینەیی‌یە (کروتشە) دەڵێ (فەلسەفەی مێژوو ئامادەو پێکهاتەیە وەك لەوەی تۆمارکردن و ڕاپۆرت بێت. ئەوان بۆ هەموو گەلێك مێژوویەك دادەنێن شارستانیەت بەرەنگاربوونەوەیەو هزرێکی پێشینەیە بۆ حەلکردنی ئاژاوە کتوپڕیەکان لە سەردەمی فەیلەسوفدا دوایش مێژوو گاڵتەجاڕی دەکات بە هەموو ڕابردوو و ئێستاو تەنانەت پاشەڕۆژیش کە لە پێناو دووپات کردنەوەی قەرزەکەی بۆ حەل کردنی ئاژاوەکە بۆ ئەوەش چەند نموونەیەك دەهێنینەوە کە فەیلەسوفانی مێژوو قەرزەکانیان چارەسەر پێ‌کردو مێژوویان خستە خزمەتی‌یەوە.

لە بیروباوەڕی (سان اوغسطین)دا دەبینین کە کڵێسە زاڵ دەبێت بەسەر دەوڵەتدا لەسەر ئەو بنچینەیەی چوارچێوەیەکی بۆ دانا لەچەمکی (شاری خودا) یان (شار زەوی)دا (اوغسطین) هەموو شارستانیەتە کۆنەکانی کردە خزمەت بۆ یەکگرتنی یان دوانەیی کردنی ئەو دوو

شارەدا واتە (شاری خوداو شاری زەوی). سەیری هیگڵ دەکەین کە ئەویش مێژووی بەکارهێنا لە پێناو هزری میتافیزیکی کە ئەویش ڕۆح بوو بۆ سەربەست بوونی خۆی، مارکس سەرمایەداری و مەسەلەی ئابووری کردە خزمەت مەسەلە مێژووەکەیی و هەر لە مەسەلەی ئابووریەوە ڕاڤەی مێژووی کردوو ئەویش بۆ بەرگری کردن لە هزرەکەی.

دووەم: یەکایەتی هۆدۆز: لەو کاتەدا هۆدۆزی لە مێژوودا زۆر دەبێت کە ڕووداوەکان زۆرەبن، تەنانەت مێژوونوس زۆر هۆ تۆمار دەکات بۆ یەك ڕووداو، بەرامبەر ئەوەش دەبینین فەیلەسوفانی مێژوو هۆکارەکانی یان هۆدۆزەکان لەیەك هۆدا کۆدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان ناکەن بەڵام چاڵێك هەڵدەکەنن لە پشتی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی سەپاندنێکی میتافیزیکیانە بدات بە دەستەوە کە یەك هۆدۆز بێت، بەڵام هۆدۆز دەست نایات بۆ ڕاڤەکردنی هەموو ڕووداوە مێژوویی یەکان، لێرەشەوە فەیلەسوفانی مێژوونوس هەڵدەستن بە هەڵبەستنی هۆدۆزیان. ئارمانجیش لەوە داپۆشینی ئەو درزانەی کە لە ڕاڤەکردنیان دەردەکەون. لەسەر ئەو بنچینەیەش ڕاڤەکردنەکانیان سەپاندنی توندوتیژی پێوە دیاربوو بەرامبەر بە مێژوو، ئەو توندیە بێدادیە لەوانەیە بۆ دواڕۆژ پەرەی هەبێت، بۆ ڕاستی بۆچونمان ئەویش ڕاڤەکردنی (سان اوغسطین)ی دینی یە بۆ مێژوو. کە ڕاستی هەڵگری دیاری دەوکرد لە سەرەتای دروست بوونەوە تا ڕۆژی قیامەت

(هەستان ەوە) هەروەها راڤەکردنی مارکس بۆ کۆمەڵی سەرەتایی لە رابردووی پێ شێل کراودا بەهەمان هۆدۆز کە پێشبینی دەکرد بە فردۆسی ەوی کە نوێنەرە لە کۆمەڵێکی بێ چین لە پاشەڕۆژدا.
دیارە مێ ژو لێکۆڵینەوەیە لە رابردوو، رابردووش لە چرکەی یەکەمی ئێستادا . ادەوەستێ، بەلام فەیلەسوفانی مێژوو چوارچێوەی ئەوەیان پچڕاندو .بوون بۆ پاشەڕۆژ، بەڵکو پاشەڕۆژیان کردە ئارمانج، دوایش بوویەری مێژوویی‌یان سڕیەوە بە لایەکی ئاوازی میتافیزیکیان گۆڕیانەو . نموونەش بۆ ئەوە ئەو ڕوحەی کە گوزارش لە هۆشی خۆی دەکات هەروەها کۆمەڵی بێ چین هەروەك لە داستان و ئەفسانەکاندا دەرکەوتورە، کە خێر بەسەر شەڕدا سەردەکەوێ یان ڕووناکی بەسەر تاریکیدا سەردەکەوێ. (کروتشە) بەرابەرەکی دادەنێ لە نێوان مێژوو فەلسەفەی مێژوودا. بەرابەرەکی‌یەکەی لە کاتی خۆیدا سروشتی بابەتی فەلسەفەی مێژووی ئاشکرا کرد، وای بۆچوو کە فەلسەفەی مێژوو بە دووی ڕەهای ناسنووردا دەگەڕێ لە ڕێژەیی دیاریکراودا، فەیلەسوفانی مێژوو بە دوای ناکۆتایی‌دا دەگەڕێن لە کۆتایی‌داو جیاوازکاری لە بوویەردا، دیارە کە مێژوو لە زنجیرەیەك پێك هاتووە لە ڕووداو کە گرێ دراوە بە کۆمەڵی هۆی بەش بەش. بەلام کە مێژوو گرێ درا بە فەلسەفە خۆی دەسڕێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی هەریەك لە (هزر بۆ فەلسەفە) و (واقیع بۆ مێژوو).

فەلسەفەی مێژوو:

دوو پرسیار دەوروژێنین: ئایا فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانی زانستی مێـژوودا پۆلێـن دەکرێـت؟ ئایـا مێژوونوسـان دەخـی بە ادادەنێن؟ لێکۆڵینەوەی مێژوویی وا لە لێکۆڵەوەر دەکات کە لە دەریایەک ، ڕووداو و ڕاستیـیەکاندا بخنکـێ کـە تەنانـەت ڤۆڵتـێر دەڵـێ (دوای د وە هیـچ حیکمەتێك وەك ئێش خۆی نابێ وەك ئەوەی لە پێشدا هـەیبوو) ئەمە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەوەر یا حۆی گرێ دەدات بە ڕا ردووەوە تا وای لێ دێت وەك (دیکارت) دەڵێ (ئەوەندە گرێی/ پەیوەد ی/ دەبێ کە لە ئێستا نامۆ دەبێ تا کۆتایی پێ‌دێت بەوەی کە نامۆ بێت لە نیشتمانەکەی) سەرەڕای ئەوانەش مێژوو مرۆڤ وا لێدەکات ، ئازاری ڕابردوو بچێژێ. بەڵام حاڵەتی ئەفراندن لە هێزی مرۆڤدا کەو لە ڕابردوو وانـە وەردەگـرێ لەسـەر ڕای (نیتشـە) وەك دەڵـێ (هـەر دە ێ لێـك جیابێتـەوە، حاڵـەتی مێـژووی سروشـتیانەی دژ بـە دژ لەگـە حاڵـەتی

داهێناندا ئەمەش گرێ دراویە بە ڕابردوو، بۆ دواوە بەڵام ئەمەی دوایی هەنگاوێکە بۆ نادیار بۆ پێشەوە).
بە ڕاستی فەلسەفەی مێژوو ئەپستمۆلۆژی مێژوویی چارەسەردەکات ئەویش بەوەی کە ڕووداوە مێژوویی‌یە یەك لە سەریەکەکان و ئەوانەشی کە دێن ماناو ئارمانجێکیان پێ‌دەدات ئەریش بەوە دەست پێ‌دەکات وەك (کروتشە) دەڵێ (کێشەیەك لە ئێستادا ڕوودەدات بەڵام وا لە مرۆڤ دەکات کە هەمیشە جێگیر بێت لە ناویداو گرێ دراوی بێت. دوایش بۆ نێو قوڵایی ڕابردووی هەڵناگرێ وای لێ ناکات کە ئێستای نامۆ بکات، ئەویش پێچەوانەی مێژوو لە ئایندە بوونیدا بۆ پاشەڕۆژ مرۆڤ وا لێناکات بچێتە ژێر ئازاری ڕابردووەوە لە دوایشدا بەرگی ئاییني پۆشیوە دژی ئەوەی (نیتشە) ناوی لێنا بە نەخۆشی مێژوو واتە کارەساتی ناوەن کە ڕابردوو تووشی لووت وشکی دەکات ئەویش بەولائی بۆ خۆی.
مێژوونوسان ناویان لێناوە نەزانینی فەیلەسوفانی مێژوو بە ڕووداوە مێژوویی‌یەکان کە ئەویش لە کەرەستەی مێژوویی‌یەکانیاندا کە تیۆرەکانیان لەسەر بنیات دەنێن ئەمەش لە ڕاستیدا تەنها ڕزگاربوونە لەو فەیلەسوفانە بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی نەخۆشی مێژوو) فەلسەفەی مێژوو کەمتەرخەمیەکانی فەلسەفە پڕ دەکاتەوە، فەلسەفە توشی دڵەڕاوکێ بووە سەرچاوەکەشی عەقڵیەی فەیلەسوفە بۆ گەیشتن بە ڕاستی، بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات بۆ گەیشتن بە ڕاستی،

زۆرجار دەترسێ لەوەی کە ئەو ڕێگایە هەڵە بکات چونکە لە بەرزی‌یەوە لێی دەڕوانێ و مامەڵە لەگەڵ جیهانی ئەبستکراتدا دەکات، هەر بۆیە دەبینین فەیلەسوفی مێژوو کەرەستەکەی لە مادەی واقعی مێژووەوە وەردەگرێ، کەواتە مێژوو فەلسەفە توندوتۆڵ دەکات بەو شێوەیەی کە نایەوێ بەرز بفڕێ (دوور لەم جیهانەمان و فەلسەفە بە مێژوو بەرزەکرێتەوە تا لە قوڕو لیتاوو خوێنی ڕابردوودا نەچەقێ، مێژوو لە فەلسەفەو حیکمەت وەردەگرێ. هەروەها فەلسەفەش لە مێژوو واقع وەردەگرێ هەردووکیان ئەوی تریان تەواو دەکەن و دوایش (زواج) لە نێوانیاندا دروست دەبێ سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتی هەیە لە نێوان فەلسەفەو مێژوونوساندا، فەلسەفەی مێژوو بۆ ئەوە پەیدا بووە کە پێدا پێداویستی‌یەکانی مرۆڤ لە مرز جێبەجێ بکات. هەرکاتێك مرۆڤ دووچاری ناخۆشی و مەترسی و چارەنووسی نادیار بووبێت ئەوکاتە پشت بە مێژوو دەبەستێت و ڕابردوشی پێ‌دەبەخشێ، لێرەوە نموونەی هەندێ لە مێژوونوشان دەهێنینەوە ئەوانەی لە مێژوو دەکۆڵنەوە وەك (نیقولا بردائیف) سەردەمی هەرەسەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، (کە هەمیشە بیری دەکردەوە لە ڕابردوویی و چارەنووسی کە جێی بایەخە بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو و هۆ دۆزیەکەی). (سان اوغسطین) هەوڵی ئەوە دەدا کەمێژوو ڕاڤە بکات کە بە دواداچوونی کرد لە جیهانی کۆن و ڕووخاندنی ڕۆمادا، شارستانیەتی ئیسلامیش کە قۆناغی لەناوچوونی

هاتە بەر ابن خلدون)ی خستە هەڵپە بۆ دانانی یەکەم تیۆر لە فەلسەفە: مێژوودا، هەروەها چوونە ناوەوەی ئەرتەشی ناپلیۆن بۆ نێو خاکی ئە یا ئەمەش جەختی کردە سەر هیگل کە قسە بەناوبانگەی بڵێ (کو بووی منیرفا هەڵنافڕێ تا کازیوە هەڵدێ) واتە باشترین قسەی د نە دەرناچێ گەر لە باشترین بارودۆخدا نەبێت، کە هێنایە بۆ حیکم ئەمەش تیۆرە بەناوبانگەکەی بوو لە مێژوودا.

ترسی شـ لرو توینبی لەسەر جارەنووسی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دوای جەنگی یەکەم ئەوەی کرد واتە ئەو مەترسیە وای کرد کە ڕێبازێک دەربڕین لە فەلسەفەی مێژوودا.

کارل یاس دەڵێ (سەردەمەکان پێویستی بە مێژووی مرۆڤایەتی هەیە تا پێوانەمان بداتێ کە دەتوانین تێبگەین لەو مانایەی کە ئەو ڕووداوە چییە لەم سەردەمەماندا. لە قەیرانی هوشیاریدا یارمەتیمان دەدات بۆ تێڕامان لە مێژوو بۆ ئەوەی خۆمان بناسین و هەڵوێستمان بناسین... یان بۆ هیچ. یان بۆ ڕاپەڕین). زانستی سروشتی هەر لە سەدەی ... ەوە پێشکەوت و کاریگەری خۆی کردە سەر زانستی مرۆیی، ... هۆی پێشکەوتنەش لە زانستی سروشتیدا وەك پەیڕەوێکی ئەزموونی چووە سەر، زانایانی مرۆیی پرسیاریان دەکرد کە تا چەند پەیڕەوی زانستی سروشتی پراکتیزە دەکرێ لە زانستی مرۆییدا بۆ ئەوەی بە ... ی پێشکەوتنی هاوشێوە بەدەست بهێنن، ئەو پەیڕەوەیان

پێش خست بەلام زانایان ئەو بابەتە زانستیەیان چارەسەر کرد وەك (بیکون/ لوك/ هیوم) لە سەروو هەموویانەوە (گالیلۆ/ کبلر/ نیوتن) و بایەخی (فرنسیس بیکون) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داهێنەری پەیڕەوی ئەزموونگەری نوێیە (ئۆرگانونا)ی نوێی داهێنا کە هاوشێوەیە یان هاوکێشەیە لەگەڵ (ئۆرگانون)ی ئەرستۆدا (بیکون) ئاماژەی بەوەدا کە گەڕان بە دوای سروشتدا و ئاشکرا کردنی و چۆندایەتیەکەیدا تەنها بە پەیڕەوی تێخوێندن دەبێت ئەمەش بۆ ئەوەی زۆرتر لە دیاردەکان کۆبکرێتەوەو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دیاردانەی لە بارودۆخی جیاجیادان بۆ گەیشتن بە یاسا بۆ ئەوەی ڕێ بکرێتەوە بۆ مرۆڤ کە زاڵ بێت بەسەر سروشتداو بیخاتە خزمەت خۆی، ئەم پێشکەوتنە ـ زانستی سروشتیدا کاریگەری کردە سەر زانستی مرۆیی دەتوانین ئە. لایەنە کاریگەریانە بەم خاڵانەی خوارەوە دیاریبکەین:

١- پەیڕەوی زانست:

بانگەزاز لەلایەن فەیلەسوفانی مێژووەوە بۆ ڕێگرتنە بەر پـ ەیڕەوی زانستی سروشتی، مەبەستیش دۆزینەوەی پەیڕەوێکی خوێن ئەوەی مێژوویی یە کە هەستی بە کۆکردنەوەی زۆرترین لە ڕووداوە مێژوویی یەکان بۆ گەیشتن بە یاسا گشتی یەکان هەروەك چۆن ڕ ی داوە لە زانستی سروشتیدا.

٢-ئامانجی زانست:

بانگەزاز لە لایەن فەیلەسوفانی مێژووەوە بۆ ناسینی ئامانجی زانست بەرامبەر ئەوەی کە ئارمانجی مێژوویی دیاری بکرێت کە وەڵامدانەوەیە لەگەڵ تایبەتمەندیە بابەتیەکاندا، ئامانجی زانست ئارمانجێکی برگماتی کرداریە لە سروشتدا، ئەویش خستنە خزمەتی سروشت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ، بەڵام لە مێژوودا ئارمانج ئەوەیە کە دەستور بە مرۆڤ ببەخشرێت بۆ ئەوەی مانای ڕووداوەکانی ئێستا لەبەر ڕۆشنایی پسپۆڕی ڕابردوودا تێبگات تەنانەت ڕۆشنایی بخاتە سەر دواڕۆژیش.

٣-سەربەخۆیی زانست لە دین:

بانگەوازێکە کە پەیڕەوی زانست دەیکات لەو بوارەدا، ئارمانجی زانست لە لاهوت جیابوونەوەیە، ئەمەش کاریگەری کردە سەر مێژوو، مێژوونوسان تیۆری کۆتایی بوونیان دوورخستەوە کەوا لە ئارمانجی مێژوو دەکات لە دەرەوەی چوارچێوەی جیهان بێت.

واتە لە جیهانەکەی تردا، ئارمانجی ڕەوتی مێژوو وای لێهات چووە چوارچێوەی جیهانی ئێستا، هەروەها مێژوو بووە نوێنەری کردەوەی مرۆڤەکان نەك بۆ هێزە غەیبییەکان، (بیکون) کاریگەری هەبوو لە لایەن پەیڕەوکەرانیەوە، هەروەها (جون لوك) و (دافید هیوم) لە لایەن بنەما فەلسەفەیەکەی بۆ سروشت و مێژوو کاریگەریان هەبوو ئەمەش وای کرد

که نزعەی سروشتی له مێژوودا که خاوەن پێشکەوتنی زانستی لەگەڵ دەسەڵاتی دیندا پێك دادەدات، به تایبەتی لەلای (لوثر) و (کالڤن) کەواته دەبوایە ئەو پێکدادانە دروست بوایە لەنێوان زانستی نوێ و دەسەڵاتی دیندا، ئەو ڕەوتە زانستی‌یانەی که لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یەکان هێنایانە بەرباس لەم چەند خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

١-نزعەی ڕەخنە که سەردەمی ڕۆشنگەری گرتەوە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر دەسەڵاتی دین، ڕەوتی ڕەخنە بەرگێکی توندوتیژی پێوە دیاربوو تا گەیشتە هەوڵدان بۆ ڕووداوە مێژوویی‌یەکان که لە پەڕاوی پیرۆزدا هەن بەر ڕەخنە بکەون،

٢-نزعەی مرۆڤایەتی که مرۆڤی بەرزکردەوە ئەویش دوای ئەوەی که ڕزگاری بوو له دەسەڵاتی دین که بە کەم دای دەناو له هەمان کاتدا دەیکردە جێگری بۆ گوناهەکانی پێشووی. کردەوەکانی مرۆڤ بوونە بابەتی مێژوو بێ بەرچاوی له هەڵسەنگاندنی دینی بۆ ئەو کردەوانە هەروەها هێزی غەیبانیش دوورخرایەوە له پاوان کردنی ڕەوتی مێژوو، ڕێبازی وضعی (ئەو گست کونت) کاریگەری لەسەر مێژوو هەبوو، ڕێبازی وضعی له لێکۆڵینە مێژوییەکانیدا پەیڕەوکەوت بەڵام (کانت) هەمیشە لێك دابڕانی دەکرد لە نێوان زانستی سروشتی و زانستی مرۆیی، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که ئەو جیاوازیە دیارە له نێوان جیهانی سروشتدا که حەتمیەت و سیستەمی پێوە دیارە یان له نێوان جیهانی

مرۆیی کە ئەوەیش سەربەستی و لە ناکاوەکی پێوە دیارە لەسەر سروشتەوە ئێستاتیك جێگرە بەڵام لە مێژوودا دینامیکی پێشکەوتووە، بەڵام بە پێشکەوتنی تیۆری (داروین) ئەو تەنگ و چەڵەمانەی چارەسەر کرد تەنها ماوەی نێوان جیهانی سروشت و مرۆڤی تەسك کردەوە، لەبەر ئەوەی زانستی زیندەوەرزانی بازنەیەکی نێوەندە لە نێوان زانستی سروشتی پوختە وەك سروشت و کیمیا، هەروەها لە نێوان زانستی مرۆڤایەتی وەك مێژوو و سۆسیۆلۆژی. (داریون) ئامانجی ئەوە بوو کە فەلسەفەیەکی پێشکەوتنی گشتی دروست بکات کە سنوری ڕاڤەی جیهانی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ بشکێنێ بەوەش نەزعەی سروشتی چووە نێو لێکۆڵینە مێژوویییەکان ئەویش نەزعەیەکە کە نوێنەری کاریگەری پەیرەوی زانستی سروشتییە لەسەر مێژوو، ئەو شێوە نەزعەیە وای کرد کە مێژوو ببێتە زانست بە مانای فیزیکی بۆ زاسنت،

١-پەیرەوی ئەزمونی تێخوێدن کە ناڕاستەوخۆ بێ لە حاڵەتی مێژوودا.

٢-کۆکردنەوەی کەرەستەی مێژوویی تیایدا کە بەرهەمێکی زۆرە لە وردەکاریە مێژووییەکاندا.

٣-گەیشتن بە دەستووری هەمۆی تا بتوانرێ قازانجی لێ بکرێ لە ئێستاو ڕابردوودا.

سەردەمی ڕۆشنگەری سەردەمی نەزعەی سروشتی بوو لە مێژوودا سەدەی هەژدەهەم لە دوو شێوازدا خۆی دەرخست.

یەکەم/ ڕۆحی ڕەخنەیی کە چووە نێو دیکۆمێنت و مستنداتەکان کە ئەمەش پیرۆزی بە دەق نەدەدا هەر بۆیە ئەو سەردەمە متمانە درایەوە بە ئەپستمۆلۆژی مێژوویی ئەو کاتەی کە مێژوو گەیشتە خۆی (فەیلەسوفێکی وەك دیکارت ئەستوریان سەپاند بەسەردا کە چیرۆکەکانی متمانەی تیادا نیەو قازانجی ئێمەی تیادا نیەو مێژوونوسان بە لێڵ کردنی ڕابردوو فێربوون و ئەمرییەکی یەکجار گەورەی پێ دەدەن).

دووەم: بایەخ دان بە لایەنی شارستانی، مێژو هەرئەوە نەبوو ژیانی کەسان بێت یان مێژووی کردەوەکان و جەنگەکانیان بێت، بە ڕای (ڤۆلتێر) زانستخوازی وەك نیوتن (باشترین ڕۆڵی بینی لە پێشکەوتنی ئاوەزی بەشەریەتدا وەك لە پیاوانی سیاسەت و جەنگدا وەك ئەسکەندەرو قەیسەر دیاردەی سیاسەت زۆر بایەخی پێ نەدرا لە لایەن مێژووەوە بەڵکو چالاکی بەشەری کە نوێنەر بوون لە شارستانیەتی نەتەوەکاندا ئەویش واتە هەر ئەویش گوزارش بوو لەو کەسایتییەی هەروەك مونتسکیو دەیبینی).

پرۆژەی لێکۆڵینەوەی مێژوو لای هیگل

هیگڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو پرۆژەیەکی دانا کە بەسێ ڕێگا دیاریان دەکات:

١-مێژووی سەرچاوە

٢-مێژووی تیۆری

٣-مێژووی فەلسەفە

١-مێژووی سەرچاوە:

بۆ ئەوەی شێوازێکمان لە بەردەمدا بێت تەنها دوو ناو دەهێنینەوە وەك هیرۆدۆت (Herodotus) و (ثوکیدیدز Thucy Dides) بۆ ئەو چینە دەگەڕێتەوە، مێژوونوسانی تر هەن کەبەو شێوازە ڕووداوەکانیان یان باری کۆمەڵ کە لە بەرچاویاندا بووەو هاوبەشیان دەکرد لە ڕۆحی ئەو ڕۆژگارەو لیکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەرچی ڕووداوێکی جیهان هەبوو لە دەورووبەریاندا نووسیویانەتەوە،

وەك مێژوو، بۆ جیهانی نوێنەری ئاوەز، هەر ئەو شێوەو ڕێگایەشە کە شاعیر لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە سۆزو هەستەکانی پێی دەدەن مامەڵە دەکات کە لە شێوەی وێنەیەکدا دەری دەخات بۆ بەردەم فریشتەی وێنەکان، ڕاستە ئەو مێژوونوسە سەرچاوانە جۆرە پیاهەڵدانێکی تایبەتیان لەژێردەستایە بۆ ڕووداوەکان، هەروەك چۆن چیرۆکی کەسانی تر دەزانن واتە هەر کەسێك بە تەنها ناتوانێ هەموو شتێ ببینێ یان گوێی لە هەموو شتێ ببێ بەڵام ئەو شێوەیەش بەکارناهێنن کە شاعیرێك بەکاری دەهێنێ وەك کەلتوری زمانی کە قەرزاری زۆریەتی، واتە بەو شێوەیە پیادا هەڵدەدەن کە یەکێکە لە پێکهاتەکان، مێژوونوسان توخمە بەسەرچووەکان لە چیرۆکەکاندا بە یەکتریەوە گرێ دەدەن و پێی دەڵێن (پەرستگای میفومین Mnemeyn)[1] تا ئەمری بەدەست بهێنێ، ئەو شێوە مێژووە (مێژووی سەرچاوە)یە، کەواتە دەبێ ئەفسانەو چیرۆکە شیعریەکان و فۆلکلۆرە میللیەکان دووربخرێنەوە چونکە ئەوانە وێنەیەکی تەم و مژاوی لێڵن لە تێگەیشتنی مێژوو دوایش ئەوانە هی ئەو میللەتانەن کە هوشیاریان بێدار نەبۆتەوە. نمونەی ئەو مێژوونووسە سەرچاوانە ڕووداو و کارەکان و دەنگو باسی کۆمەڵ (کە دەیناسن) دەیکەنە بابەتێك لەبەردەم فریشتەی وێنەداردا، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی

---

[1] میفومین: خوداوەنێکە لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا کچی (ئەورانس)ەو دایکی فێرکەری هونەرەکانە.

ئەو چیرۆکانەی دروستی دەکەن گشتی نیە بۆیان ئەویش لە پێوانەکەیدا، دەتوانین (هیرۆدۆت و ثوکیدیدز و جوشار دینی) وەك نمونەیەك بهێنینە پێشچاو لەو دەستەیە، ئێستای زیندوو لە دەوروبەرداو لە دەوروبەریاندا مادەی ڕاستەوخۆیە، کە بەکاری دەهێنن، هەروەها ئەو کاریگەریانەی کە نوسەر کردیە ڕووداوەکان واتە مادەی چیرۆکەکەی پێ دروست دەکات واتە هەر ئەو کاریگەریانەن ڕۆحی نوسەریش ڕۆحی ئەو ڕوداوانەیە کە دەینوسێتەوە ئەو پیاهەڵدانە بەرچاویەك دەکات کە خۆی هاریکاری تێدا کردووە، یان یەکێك بووە لە وانەی بایەخی پێداوە، ئەو کەرەستانەی کەوێنە گشتی یەکەی لێ دروست دەکات ماوەیەکی کورتە لە زەمانێکدا، کە چوارچێوەی کەس و ڕووداوی خەڵکانی تێدایە، مەبەستی مێژوونوس تەنها دەرخستنی ڕووداوەکانە لە بەردەم ئەوەی نوێدا، کە هەموو ڕووداوەکان هەمان ڕوونی پێوە دیار بێت ئەویش بەهۆی ئەو سەرنجانەو ئەو چیرۆکە زیندوانەی کە خۆی گوێی لێبوون یان گوێ بیستیان بوە، بەڵام تێڕامانە تیۆرەکان لە پسپۆڕی ئەودا نین لەبەرئەوەی لە ڕۆحی بابەتەکەیدا دەژی (یان ڕوداوەکاندا دەژی) بۆئەوەی بازبدات بەسەریاندا، تەنانەت پلەیەکی وەك (قەیسەر)یشی هەبێت لە سەرکردایەتیدا یان یەکێ بێ لە پیاوانی دەوڵەت ئەوا گەیشتنی بە ئارمانجی تایبەتی خۆی مێژوو پێك دەهێنێ لە دیدی خۆیەوە، دەتوانین بڵێین لەو شێوە مێژوونوسانە وێنەیەکی

هزریمان پێ نابەخشن، خەڵکان و گەلان لە نوسینەکانیاندا بە وێنەی بوویەری خۆیان دەردەکەون ئەو قسەیەش وێک ناچن لەگەڵ ئەو گوتارانەی کە لەلای ثوکیدیدز دەیبینین، ناتوانین یەقینێك پەیدا بکەین کە گوتارێك پێشووتر وترابێت، پێویستە کە دانی پیادا بنێین کە گوتار کارێکی راستەقینەیە لە جیهانی بەشەریدا، بە راستیش کارێکی کاریگەرەو زۆریش کاریگەرە، راستە هەندێ کەس دەڵێن ئەو مەسەلانە یان هی تر تەنها قسەیەو ئەوانەش رای دادەنێن کە ئەوە زیانی نییە قسەش جیاوازیەکی گرنگی هەیە کە هیچ زیانێکی نیە بەلام ئەو قسانەی کە لە گەلێکەوە ڕووەو گەلێکی تر دەچێت یان ئەو گوتارانەی کەبەرەو ڕووی نەتەوەو پادشاکان دەکرێنەوە پێك هێنەرە بنچینەکانن لە مێژوودا، ئەگەر باوەڕمان هێنا بە گوتاری لە گوتارەکانی (بیرکلیس Percles) کە قسەی پیاوانی دەوڵەتە کە بلیمەتی پێوە دیارە لە ڕۆشبیری و ڕەسەنایەتدا، لە قسەکاندا پیاوانی مێژوونوس گوزارش لە قسە کاریگەرەکان دەکەن کە هاوڵاتیانیان پێی دەدوان کە کەسایەتیانی پێك دەهێنا، هەروەها ئەو رایانەیان تۆمار دەکرد کە پەیوەندی سیاسیان دیاری دەکرد، هەروەها سروشتی ئاکارو ڕۆحیان و هەڵس و کەوت و ئارمانجیان، مێژوونوسەکان لەسەر زاری خەڵکان شتیان دەنوسی شێواندنێکی هزری پێوە دیارنەبوو بەڵکو کۆپییەکی هاوشێوە بوو کە نەشێوێنرا بوو لە نەریت و ئاوەزو دروست بوونیان، هەندێ لە

مێژوونوسان هەیە دەبێ لە بەرامبەریاندا زۆر ڕاوەستین، ئەمەش گەر بمانەوێ لەو نەتەوانە بدوێین کە لێی دەدوێین، ئەوانەشی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین لە لاپەڕەکانیاندا تەك بۆ مەبەستی ڕۆشنبیری بەڵکو تا بتوانین خۆشی قوڵی بنەچەیی بەدەست بهێنین، کە پێشتر ناویان هێنرا (هیرۆدۆت) باوکی مێژوو واتەی داهێنەری مێژوو، کتێبی (اکسینوفون Xenophon)[٢] کە بەنرخترین داهێنەری مێژوو دادەنرێ، بە کتێبی سەرچاوە دادەنرێ، هەروەها (شروح)ی قەیسەر کە کارێکی بلیمەتانەی عەقڵێکی بەهێزە، مێژوونوسانی (حولیات) کە بە پیاوانی سەردەمی کۆن دەژمێردرێن و سەرکردەی بلیمەت و پیاوانی دەوڵەت بوون، بەڵام لە سەدەی ناوەنجیدا گەر (ئەسقەفەکانی Bishops) لێ جودا بکەینەوە، کە جێگایەکی گرنگیان داگیرکرد لە جیهانی سیاسیدا، بەڵام ڕەهبانەکان (Monks) ئەو شێوازەیان داگیرکرد لە نوسینی مێژوودا بە شێوەی کە نوسەرانی (حولیات)ی کرچ و کاڵ بوون، هەروەها گۆشەگیر بوون واتە دووربوون لە ژیانی ڕۆژانە، بەڵام مێژوونوسانی کۆن پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەوە هەبوو، بەڵام لە سەردەمی نوێدا پەیوەندیەکان گۆڕان لەبەرئەوەی ڕۆشنبیریمان بەرین و گشتییە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە نموونە بۆ مێژوو.

---

[٢] اسکینفۆن/ زەینفۆن: کتێبی گەڕانەوەی دە هەزار جەنگاوەر.

٢-مێژووی تیۆری:

بەو ڕێگایەدا دەڕوات کە خۆی ناخن ناکاتە سنووری سەردەم کە باسی لێوە دەکات، بەڵکو سنووری ڕۆحی سەدەی ئێستا تێدەپەڕێنێ، جیاوازی ئەو شێوە مێژووە لەم چوار شێوەیەدا بەدی دەکرێ:

یەکەم: ئارمانجی لێکۆڵینەوە دەیەوێت بگات بە هەموو خەونێك بۆ هەموو مێژوویەك کە تایبەت بە گەلێك لە وڵاتێکدا بن، کە پێی دەڵێن مێژووی گشتی، لەم بارەشدا کاری سەرەکی چارەسەرکردنی مادەی مێژوویی‌یە لای مێژوونوس کە کارەکەی بە ڕۆحێکی تایبەتی گەوار دەکات، بە ڕۆحێکی تایبەت کە ڕۆحێکی جیاوازە لە ڕۆحی ناوەڕۆك کە چارەسەری دەکات، ئەو شێوازە لە مێژوو بایەخی ئەوەی هەیە کە مێژوونوس ئەو ڕێبازانەی دیاری دەکات و وەسفیان دەکات و نوسەر بۆی دەچێت بۆ کارو ڕووادوەکان، هەروەها ئەو پاڵنەرانەی کە شێوەی چیرۆکەکان دیاری دەکات، ئەمەش بە پشەیەك دەردەخرێ لای ئێمە، لای ئەڵمانەکان، لە شێوەی جیاجیا دەکرێتە خۆ، هەر مێژوونوسێك پەیڕەوێکی تایبەتی خۆی دەگرێ، بەلام ئینگلیزو فەرەنسیەکان ڕێبازە گشتی‌یەکان بە ئاگاوە دەنوسن لە نوسینی مێژووداو هەروەها ڕای خۆیان دەردەبڕن کە زۆربەی ڕای ڕۆشنبیری و نەتەوەیی‌یە، بەلام لای ئێمە هەر کەسێك کاردەکات بۆ داهێنانەکانی ڕای تاکەکەسی خۆی، بێ ئەوەی مێژووبنوسێ هەمیشە وامان دەبینن، خۆمان بە ئاشکرا کردنی

چۆنایەتی‌یەوە خەریك دەكەین كە پێویستە مێژووی پێ بنوسرێ، ئەم شێوە مێژووە تیۆریە نزیكە لە مێژووی سەرچاوە كاتێك مەبەستی مێژوونوس، هەر ئەوەیە كە دەنگ و باسە مێژوویی ولاتێ لە ولاتان پیشان بدات.

لەو شێوە پۆلەدا (كە پێویستە نوسەرانی لێ بەدەرنەكەین وەك (لیڤی Livy) و (دیدور الصقیلی) و (مێژووی سویسرا)ی (یوهانس فون مولر) كە دەبێ هەموو رێزێكی پێ بدرێ، دەتوانین نووسەرانی دەنگ و باس كە نزیكن لە نوسەرانی شێوەی یەكەم كە باشترین نوێنەری ئەو شێوە نوسینەن، ئەوان بە شێوەیەك دەنوسن بە رێگایەكی زۆر ڕاستەوخۆ (زیندوو) تەنانەت خوێنەر دەتوانێ وای مەزەنە دەكات كە گوێ لە بەهاو چڕی ڕووادوەكان دەگرێ و شاهدی بەرچاو دەبینێ، بەلام زۆر جار ئەوە ڕوودەدات كە خودگەرایی كە دەبێ نوسەری پێ‌ی هەستێ، كە سەر بە ڕۆشنبیرێكی جیاوازە هاوتەریب نابێت لەگەل ڕەوتی مێژوویی‌دا كە هاوپەیمان نابێت كە دەبێ كاری تۆماركردنی پێ داپۆشێ، لەبەرئەوەی ڕۆحی نوسەر جیاوازە لە ڕۆحی ئەو سەردەمەی لێی دەكۆلێتەوە بەو مانایە (لیڤی Livy) لەسەر زاری پادشاو قنصل و سەركردە ڕۆمانیە كۆنەكان گوتار دەنوسێ كە كەس ناتوانێ بلێت تەنها ئەوان ئەبن كە بەرگریەكی تەواویان لە ڕۆشنبیری پێ‌یە دەربارەی لیڤی خۆی. ئەو گوتارانە كە گۆشن لەگەل فۆلكلۆری بنەچەی سەردەمی ڕۆمای كۆن (وەك

چیرۆکە خورافەکەی دەربارەی مینسیوس ئەگریبا (Meneius Agrippa)[٣] لێرەدا لیڤی ئەو ڕێگەیەمان نیشان دەدات که هەمان ڕێگایە کە وەسفی جەنگێك وەك ئەوەی کە خۆی بە ڕاستی بینیویەتی، بەڵام سیماو تایبەتی کە وەسفی دەکات بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێ وەك بۆ وەسف کردنی جەنگێك لە سەردەمێکی کۆندا ڕووی دابێت، کاتێ (لیڤی) باسی جەنگی (ڤلسك Volsci)[٤] دەکات لە زۆر شوێنندا بە شێوەیەکی توند دەڵێ (ئەمساڵ لەگەڵ ڤلسك جەنگ هەڵگیرسا).

دووەم/ شێوەی دووەم لە مێژووی تیۆریدا دەتوانین پێی بڵێین مێژووی پرگماتی Pragmatical ئەمەش دەبێ ڕابردوو بخوێنینەوەو خۆمان سەرگەرم بکەین بە جیهانێکی دوور لە ئێمە، ئێستاش لە بەردەم هزردا دەبێتە کازیوە دەرەئەنجامی چالاکی تایبەتی‌یە وەك ئەوەی بەخشینی هزر بێت بۆ ئەو هیلاکی‌یەی کە دەیدات لە پێناویدا ڕاستیش ئەوەیە چەند ڕووداوەکان فرەیی و هەمەجۆر بن ئەو هزرەی کە تیایدا دەکوڵێ، واتە ناوەرۆکە قوڵەکەیی و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا. یەکە، ئەمەیش

[٣] مینیوس ئەگریبا/ پیاوێکی ڕۆمانی بوو لە ساڵی ٥٠٣ قونسوڵ بوو هەندێك ئەفسانەی دەربارەی دەگێڕنەوە کە پێك هاتنە لە نێوان گشتی و ئەشرافدا لە ڕۆمادا دەربارەی دەڵێن کە چیرۆکی پشت بەستنی ئاڵوگۆڕی باس دەکرد لە نێوان هەناو (البطن) و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا.

[٤] ڤلسك: گەل ئیتاڵ کۆن نیوەی ڕۆژئاوایی یان لە لەتیوم Latium دەژیان ڕۆما لە ساڵی ٣٢٨ داگیری کردو بون بە هاوڵاتی ڕۆمانی.

ڕووداو لە قسەی پێشووی دەربەچێ بەهۆی هێزەوە دەیکاتە ئێستای لەبەرئەوەی تێڕامانە تیۆریە پرگماتی‌یەکان یان ڕێکخراوەکان سەرەڕای ئەوەی بە سروشتیاندا ئەبستکراتن بێ چەندووچوون، کە تایبەتە بە ئێستاوە کە حولیاتی ڕابردووی مردو بە خاك دەسپێرن.

بەڵام مەسەلەی توانینی ئەم تێڕامانە تیوریانە کە ببێتە جێی سەرنج و بوژاندنەوەی ژیان لە ڕووداوەکاندا بە ڕاستی ئەوە لەسەر ڕۆحی نووسەر دەوەستێ، لێرەدا دەبێ گوزارشتێکی تایبەتی دابنێین بۆ ئەم تێڕامانە تونێریە ناکاریانە، واتای فێربوونە ناکاریەکان کە گریمانەی ئەوەی لێ دەکەین لە مێژوودا بیانهێنینە دەرەوە، مێژوو زۆرجار چارەسەری ئەو دەرئەنجامە تێڕامان و ناکاریانە لە هزری مێژوونوسدا دەکات، دەتوانین بڵێین ئە نموونانە کە بانگەشەی باشی دەکات دەروون ڕێک دەخات، کەچی چارەنووسی گەلان و دەوڵەتان و بەرژەوەندیەکانیان و پەیوەندیەکانیان و ڕیسی مەسەلە ئاڵۆزەکانیان مەیدانێکی تر لە بەردەمماندا دەنوێنن کە جیاوازترە لەوی تر، دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران و نەتەوەکان بە یەقینی داوایان لێکراوە کە زانستەکان بخوێننەوە کە پسپۆڕان و ئەزموونەکان پێشکەشیان دەکەن لە بواری مێژوودا، بەڵام ئەزمون و مێژوو فێرمان دەکەن کە گەلان و حکومەتەکان هیچ شتێ لە مێژووەوە فێرنەبوون، بەپێی ڕێبازەکانی پاڵپشت فێرنەبوون، هەموو سەردەمێك جووت دەبن لەگەڵ بارودۆخی تایبەتیدا،

(یوهـانس فـون مولـر) لـه مێشـکیدا ئـەو ئارمانجـە ئاکاریانـەی لـە نوسینەکانیدا دەردەخسـت بـە تایبـەتی لـە کتێبـی (مێـژووی جیهانی) هەروەها لە کتێبی (مێژووی سویسرا)دا ئارمانجی لەوەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵێك تیۆری سیاسی دابنێ بۆ ڕۆشنبیرکردنی پادشاو حکومەت و گەلان و ڕێکخستنیان بوو، (بەشێکی تایبەت لە تیۆرو هزرەکانی دانا) بەڵام ئەوە هـەموو باشەکانی نەبوو کە کردی، بەڵام دیدێکـی گشـتی و وردو سـەربەخۆ بـوو بـۆ پەیوەندیـەکانی مێـژوو (وەك لای مونتسـیکیو دەیبینین لە کتێبی -ڕۆحی یاساکان) تەنها ئەوە بایەخی ڕاستەقینەی هـەبوو لـە نموونـەی ئەو ڕەنگە لە تێڕامـانی تیۆریـدا، لەبەرئـەوەی هـەر ڕەنگێك لە مێژووی تیۆری ڕەنگێکی تر دەسڕێتەوە، کەرەستەکان نەرمن و مل کەچن لە بەردەم هەموو نوسەرێدا، هـەموو نوسـەرێکیش وا دەزانێ لە دەروونی خۆیدا دەتوانێت چارەسەری ئەو کەرەستانە بکات و ڕیزیـان بکـات، وای دەبینین کە هـەر یـەکێکیان پـێ دادەگـرن لەسـەر ئـەوەی کـە ڕۆحـی تایبەتیان ڕۆحـی ئـەو سـەردەمەیە کە لێی دەکۆڵێتەوە، زۆرتریـن خوێندەریش بۆ مێژووی تیـۆری مـەیلیان بـەلایاندا دەچـێ، هـەر بۆیـە دەیانبینین دەگەڕێنـەوە بۆ ئـەو مێـژووەی کـە ڕای تایبـەتی تیـادا نیـە، بێگومـان دیـارە ئـەو مێـژووە بایـەخی خـۆی هەیـە، بـەڵام هیچمـان پـێ نابەخشێ تەنها کەرەستەی مێژوو نەبێت، ئەمەشە کە ئێمەی ئەڵمانی پـێی ڕازیـن، بــەڵام فەرەنسـیەکان توانایــەکی بلیمەتانــەیان هەیــە بـۆ

بوژاندنەوەی ژیانی نوێ لە سەردەمە ڕابردووەکانەوە، هەروەها بەستنەوە لە نێوان ڕابردوو بارودۆخی ئێستادا.

٣-شێوەی سێهەم لە مێژووی تیۆری (مێژووی ڕەخنەیی)یە، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئێستا لە ئەڵمانیادا شێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی باوە وەك لەوانی تر، ئەم ڕێگەیەش خودی مێژوومان بۆ پەخش ناکات هەر بۆیە باشتر وایە ناوی لێ بنێین مێژووی مێژوو، لەبەرئەوەی ڕەخنەی چیرۆکە مێژووییەکان لێکۆڵینەوەیە لە ڕاستی و ماقوڵیيەکان، سیفەتی دیاریکراو هەروەك ئەوەی بوونەوەرە کە پێویست ناکات ببێت، لە تیۆری مزریدا کە نوسەر دڵی پێ خۆش دەبێت کە وای لێ دەکات لەو دیکۆمێنتانە شت دادڕێ کە لە کەرەستە تۆمار کراوەکاندا نەبێت، فەرەنسییەکان ئەو شێوەیەیان پێشکەش کردین واتە ئەو نوسراوانەیان پێشکەش کردین زۆر لە کارەکانیان کۆدەبێتەوە لە نێوان تیۆری ڕاستی و قوڵدا، بەڵام هەوڵیان نەدا کە تەنها کارێکی ڕەخنەیی بێت وەك ئەوەی مێژویەکی ڕاستەقینە بێت بەڵکو دەسەڵاتدارەکانیان لە ڕێنە پشکنینە ڕەخنەییيەکاندا نیشاندا، بەڵام بەسەر بواری فقهی زماندا هەروەها بەشێك لە نوسینەوەی مێژوومانی داگیرکرد، ئەم ڕەخنە (باڵا)یە دەستێك بوو بۆ بەرەوپێشەوە چوونی هەموو شێواندنی دژایەتییەکان بۆ مێژوو، کە خەیاڵی پەرت سروشتی پێدەکات، لێرەدا پرۆسەیەکی ترمان بەوەی کە تێڕامانە خودییەکان بکەینە جێی پێدەرە مێژووییيەکان ئەو

تێرامانانەی بەهاکەی ئەوەندەی بەشەکانی پێوانە دەکرێ، مەبەستم کەمی ڕووداوە بەشەکان کە پێی هەڵدەسێ، هەروەها برانەوەی تەواو کە زۆرینەی دیکۆمێنتە مێژوویی‌یەکان دژایەتی یەقینی دەکەن.

٤-دواشێوە لە مێژوی تیۆریدا.هەر لە سەرەتاوە خۆی ئاشکرا دەکات لە سروشتی بەشەکەی کە هەڵوێستێکی ئەبستکراتی وەردەگرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێکی گوێزانەوە لەخۆ دەگرێ بۆ مێژووی فەلسەفی جیهانی، مادامەك ڕا گشتی هەڵدەگرێ (بۆ نموونە لە مێژوی یاساو مێژووی دین) ئەو شێوەیە گەشەی کرد لە مێژووی هزردا لە سەردەمی ئێمەدا بەرەو پێشەوە دەچوو تا وای لێهات بەبلیمەتی ناوی دەرکرد، ئەم لقانە لە ژیانی نەتەوەییدا پەیوەست دەبن بە پێکهاتە تەواوەکان لە (حولیات)ی گەلدا، ئەو پرسیارەی کە بایەخی زۆری هەبێ ئەویش کە پەیوەندی هەیە بە بابەتەکەمانەوە ئەوەیە ئایا هەموو پەیوەندیدار دەبن کە دووچاری ڕاستی و بوویەرەکەی دەبێتەوە، یان ئەم پەیوەندیە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیە دەرەکیەکان؟! لەوحاڵەتەی دواییەدا دیارە، ئەم دیاردانە بایەخیان هەیە (هونەر/ یاسا/ دین.. هتد) لەبەرئەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی‌یە دووچاری گەلان دەبێ، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کاتێك مێژووی تیۆری دەکاتە دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ڕایە گشتی‌یەکاندا ئەم ڕایانە ئەگەر هەڵوێستیان باش بێت ئەوە هێڵێکی دەرەکی وەرناگرێ یان پلەپلەیەکی ڕووکەشی بەڵکو ڕۆحی ناوەوەی

ئاراستەکراوە: بۆ ڕووداو و هەڵسوکەوتەکان کە (حولیات)ەکانی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان ئیشی پێ دەکەن، هەروەها لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا هزر سەرکردەی گەلان و سەرکردەی جیهانە وەك ئەستێرەی (عەتارد ڕێنیشاندەری ڕۆح)ە هەروەها ڕۆح یان ئیرادەی ئاوەزی کە پێویست بووە بۆ ئەو ڕێنیشاندەرە، کە ئاراستەکەر بووەو تا ئێستاش ئاراستەکەری ڕووداوەکانە لە مێژووی جیهاندا، هەر بۆیە ئارمانجی لێکۆڵینەوەی ئێستامان ئەوەیە کە ئەو ڕۆحە بزانین چییەو وەزیفە ڕێنیشاندەرەکانی چین کە ئەمەیش دەمانبات بۆ:

شێوەی سێهەم لە مێژوو کە مێژووی فەلسەفییە، ئاگاداری ئەوە بین کە پێویست نەبوو بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دوو جۆرەی پێشوو لە نوسینی مێژوودا لەبەرئەوەی سروشتیان دیاربوو، بەڵام مەسەلەکە لەم شێوەیەدا جیاوازترە کە بێگومان پێویستی بەو ڕوونکردنەوە یان پاساودان هەیە، بەڵام باشترین پێناسەکردن بۆی ئەوەیە کە فەلسەفەی مێژوو هیچ شتێ ناگەیەنێ تەنها ئەوە نەبێ کە لێکۆڵینەوەی مێژووە لە دیدگای هزرەوە، ڕاستیش ئەوەیە کە هزر ناوەڕۆکە بۆ مرۆڤ کە لە ئاژەڵی جودا دەکاتەوە، هزر توخمێکی پێویستە کە بەهەستەوە گرێدراوە هەروەها بە زانست و زیرەکی و ئیرادەو ڕەمەکیمانەوە، جەخت کردن لەسەر هزر کە لێی دەدوێین دەربارەی مێژووی باوەڕ پێنەکەر وا دەردەکەوێ کە هزر لە زانستی مێژوودا دەبێ ماڵی ئەو پێدەرە بێت، واتە بەشێك دەبێت لە

ڕاستیو بوویەرەکان کە بنچینەو ڕێنیشاندەرەکەیەتی، لە لایەکی ترەوە کە فەلسەفە لایەنگرە بۆ ناوچەی ئەو هێزەی کە خۆ بەرهەم دێنێ بێئەوەی ئاماژە بە بوویەری کرداری خۆی بکات، ئا بەو شێوەیە کە هێزی تیۆری لە مێژوو نزیك دەبێتەوە کە لەسەر ئەو شێوازە بێلایەن دەبێ، لە وانەیە وای بۆ بچێ کە چارەسەرێکە بۆیەوەك بەو سیفەتەی کە مادەیەکی نێکەتیڤە، بەدەر لەوەی کە ئەو مادەیە بەجێ بهێڵێ لە ڕاستییە سەرچاوەکەیدا، ناچاری دەکات کە لەگەڵ هێزی زاڵ بووندا هاوکێشە بێت، کە بە ڕێگایەکی قەبەل (apricri) ڕاڤەی بکات، کاری مێژوو کورت دەکرێتەوە لەوەی لە نێوان دیکۆمێنتەکاندا کە ئێستا هەن و لەوەی کە هەبوون لە پێشوودا لە کردەوەو کارە پراکتیکەکانیدا، ڕەوڕەوەی فەلسەفە کە فەلسەفە لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێ کە لە مێژوو ڕادەمێنێ؛ هێزێکی سادەیە دەربارەی ئاوەز کە دەڵێ: ئاوەز زاڵ دەبێ بەسەر جیهاندا، مێژووی جیهانیش شێوەی ڕەوڕەوەی ئاوەزی دەبێ لە بەردەمماندا، ئەم هەست پێکردن و قەناعەت هێنانە تەنها داسەپێنە لە بواری مێژوودا وەك ئەوەی مێژوو بەڵام زۆرێك نیە لە بواری فەلسەفەدا، لە فەلسەفەدا بەڵگە هەیە لە ڕێی ئەپستمۆلۆژی تیۆرییەوە کە ئاوەز ناوەڕۆکە هەروەها هێزێکی ناکۆتاییە خۆی لە خۆیدا، لەوانەیە ناوەڕۆکی ناکۆتایی لە پشت هەموو ژیانێکی سروشتی و ڕۆحییەوە سەردەردەهێنێ هەروەك چۆن وێنەی ناکۆتایی پێك دەهێنێ کە ئەو

ناوەڕۆک - دەبزوێنێ، لە لایەکەوە ئاوەز ناوەڕۆکی گەردوونە کەچی تێدایە لە بوونی هەموو بوویەرێکی ڕاستی و هەروەها مانەوەی، لە لایەکی ترەوە وزەی ناکۆتایی یە بۆ گەردوون، مادامەکی ئاوەز لە لاوازیدا نیە کە نەتوانێت شتێك بەرهەم بهێنێ تەنها نموونەی بالایی یان گەر نیەتی هەبێ، کە شوێنەکەی لە دەرەوەی بوویەردا دەستگیر دەکات، لە ناوچەیەکدا کە کەس نازانێ ئەوە تەنها دەبێتە شتێکی جیابونەوە، لە سەری هەندێ مرۆڤدا هەیە بەلام بەلەمی ناکۆتایی نیە بۆ شتەکان، ئەو ماهیەتەکانیەتی و ڕاستە تەواوەکانیەتی، کەرەستەی تایبەتی یەتی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لە گەشەی ئەرێنی ی تایبەتدا، مادامەکی وەك کردارە دژایەتی یەکان پێویستی بە مەرجی کەرەستە دەرەکیەکان نیە بۆ بابەتەکانی گەشەی (ئاوەز- عقل) خۆی خواردنی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات کە خۆی بابەتی کردارەکانیەتی لەسەر ئەوەش کە یەکەیەکی بوون و ئارمانجی ناکۆتایی ڕەهایە، هەروەها ئەو هێزە گەشەیە کە ئەو ئامانجە دەپێکێ و پێشی دەخات، تەنها لە دیاردە جیهانی سروشتی یەکاندا نیە بەڵکو لە جیهانی ڕۆحیشدا، مەبەستم مێژووی گشتی یە بەلام ئەم (هزر)ە یان ئەو (ئاوەز)ە کە (الحق) (ئەمرە) کە ماهیەتێکی بەهێزی ڕەهایەو خۆی لە جیهاندا ئاشکرا دەخات لەم جیهانەشدا هیچ شتێ ئاشکرا نابێت تەنها ئەو نەبێت، مەبەستم ئەم ئاوەزو شکۆمەند و بلیمەتی یەیەتی، ئەو

بانگەشانەیە کە فەلسەفە بەڵگەی بۆ هێنایەوە، دەبێ بڕوای کێ پێتەومان هەبێ بەوەی کە ئاوەز (عقل) لەمێژوودا هەیەو جیهانی ئاوەز ئیرادەی هوشیار لە ناکاوەکی نیە، بەڵام دەبێ لەنێو تیشکی هزری هوشیاریدا بدرەوشێتەوە، ئەو مێژووەی کە لێی دەکۆڵینەوە شێوەی ئاوەزی پێویست بوون بۆ ڕۆحی جیهان دەگرێتە بەر، ئەو ڕۆحەی کە سروشتی وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر خۆی ئاشکرا بکات لەو سروشتە تاکەی لە دیاردەکانی جیهاندا، هەر دەبێ ئەوە دەرکەوێ، وەك ئەوەی ئاکامی کۆتایی بێت بۆ مێژوو، بەڵام دەبێ مێژوو وا سەیری بکەین وەك خۆیی و ئێمەش بە ڕێگایەکی مێژوویانە بڕۆین، مەبەست ڕێگای ئەزموونگەری وە پێویستە لە سەرمان کە ئاگامان لەو مێژوونوسانە بێت کە ڕێمان لێ هەڵە دەکەن (بە تایبەت لەنێو ئەڵمانیەکان)دا ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەن، ئەوانەی کە فەیلەسوفان تاوانبار دەکەن، مەبەستم ئەوانەی داهێنەری قەبەلیەتن لە داهێنانی دیکۆمێنتە ڕابردووەکان، بۆ نموونە چیرۆکێکی خورافی هەیە کە بڵاوبۆتەوە دەربارەی گەلێکی سەرەتایی بە ڕەگەز کە لەڕێی خوداوە ڕاستەوخۆ فێربوون. خودا بینینی تەواوی پێ بەخشین هەروەها حیکمەت و زانستی پێبەخشین بە هەموو یاسا سروشتی و ڕاستی و ڕۆحیەکانەوە، گەلێکی تریش هەبوو لە گەلانی (کهنوتیە) دەتوانین بەشێك لە نموونەیەك بهێنینەوە:

هەندێ لە داستانە ڕۆمانیەکان هەبوون کە مێژوونوسانی ڕۆمانی مێژووی یەکەمیان پێ دروست کرد بۆ شارەکەیان.. هتد، ئەو شێوەیە لە سەرچاوەکان بۆ ئەو مێژوونوسە بەرەمەندانە بەجێدەهێڵین کە بەکاری دەهێنن (لە ئەڵمانیادا) ئەوەیە: کە پێویستە لە سەرمان کە بە ئەمانەتەوە هەر شتێك مێژوویی بێ لە ئامێزی بگرین. ئەوەی بە چاوی هزرەوە سەیری جیهان دەکات، جیهانیش لە ڕێی خۆیەوە بەرگێکی ئاوەزی دەکاتەبەری لە بەردەمیدا، پەیوەندییەکان ئاڵ و گۆڕن یان بەکارهێنانی جۆراوجۆر بۆ هزر، یان ڕاجیاوازەکان، دەتوانم لە دوو ڕادا دەربارەی ئەوەی کەوتراوە کە ئاوەز جیهان بەڕێوە دەباتو تا ئێستاش بەڕێوەی دەبات کە دوایش مێژووی جیهان بەڕێوە دەبات کە لە خوارەوە شی دەکەمەوە:

١-ڕای یەکەم/ ئەو برگەیەیە لە مێژوودا کە پێمان ڕادەگەیەنێ کە (ئەنکساگوراس Anaxagoras)*ی یۆنانی یەکەم دەڵێ (نوس Nous چەمك) بە شێوەی گشتی یان ئاوەز جیهان بەڕێوە دەبات، لێرەدا مەبەست زیرەکی نیە وەك ئەوەی کە ئاوەز خۆی هۆشیار بێت نەخێر ئەو ڕۆحەشی نیە کە وەك خۆیەتی، دەبێ بە ئاگادارییەوە ئاگاداری ئەو جیاوازیە ببینین لەنێو ئەم و ئەودا، بزوتنەوەی سیستەمی خۆر بە پێی

---

* ئەنکساگوراس: یۆنانییەو یەکەم کەس بوو کە (Nous چەمك)ی‌یە سیفەتێکی گشتی یان ئاوەز جیهان بەڕێوە دەبات باسی لێوە کرد.

ئەو یاسایانە دەڕوات کە ناگۆڕدرێن. ئەو یاسایانەش ئاوەزی تەواون لەو دیاردانەدا کە لێی ئەدوێن بەلآم نە خۆرو نە هەسارەکان کە بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە بەپێی ئەو یاسایانە دەتوانین پێی بوترێ هوشیاری، (ئەرەستو) دەربارەی (ئەنکساگوراس) دەڵێ (کە ئەو یەکەم کەس بوو لەو هزرە دواوە، ئەو وەك پیاوێکی قورس دەردەکەوێ لەنێو نەتەوەیەکی سەرخۆشدا)، (سوکراتیش) بیرەکەی لە (ئەنکساگوراس)ەوە وەرگرت بە خێرایی ئەو هزرە زاڵ بوو بەسەر فەلسەفەدا بێجگە لە قوتابخانەی (ئەبیقور) کە هەموو ڕووداوەکانی دەگەڕانەوە بۆ ناکاوەکانی (صدفە)، (ئەفلاتون) لەسەر زاری سوکرات دەڵێ (زۆر پەرۆش بووم و سەرم سوڕماو هیوام هەبوو کە مامۆستایەك بدۆزمەوەو بۆم دیاری بکات کە سروشت لەگەڵ ئاوەزدا دەگونجێ، هەموو دیاردە بەشەکان لە ئارمانجی چۆنیەتی و تایبەتیدا بدۆزێتەوە، هەموو بسەلمێنێ کە ئارمانجی بلیمەتدا بۆ گەردوون، بەلآم خۆم زۆر بە دەسەوە نەدا بۆ ئەو هیوایە بەلآم پەرۆشی بێ هیواییم لەوەدا بوو کە گۆشەگیر بووم بەدیار نوسینەکانی ئەنکسا گوراس کە تیایدا دۆزیمەوە پیش ئەوەی بچێت بەلای ئاوەزدا دەچوو بەلای هۆکارە دەرەکیەکاندا وەك /با/ ئاو/ ئاگر/.. هتد، دیارە ئەو هەڵەیەی کە سوکرات گومانی لێدەکات لەسەر ئەو ڕێبازە ناچەسپێ بەڵکو لەسەر پراکتیزەکردنی ئەو ڕێبازە لەسەر سروشتی بەرچاوە، مەبەستی من لەوە: سروشت پێشبینی نیە لەو شێوەیە،

بەڵکو رێ زەکە تەنها بە بەهای ئەوەیە کە سروشتی بەرچاو نەبێ، تێگەیشـ نە تێگەیشتنێکی ئاوەزیگشتی پەخشدار بێت و لەسەر ئەوەی ک ٠ جێی پێشکەوتن بێت بۆی، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە رێکخیست یێک بێت کە ئاوەز پێی هەڵدەستێ.

دووەم/ دەبێ ئەوە ئاشکرا بکەین کە دەڵێ (ئاوەز جیهان ئاراستە دەکات ئەمەش لەگەڵ ئەو رێبازەدا دەگونجێ کە ئێمە لەسەری دەدوێین لەبەرئەوەی چاودێری خودا کە حیکمەتێکە هێزێکی ناکۆتایی پێدراوە کە ئامانجەکانی بەجێ بهێنێ مەبەستیشم دابین کردنی ئاوەزی رەهایە بۆ جیهان ئاوەزیش ئەو هزرەیە کە خۆی بەربەستی تەواو دادەمەزرێنێ، هیگڵ رەخنە لە رێبازەکەی سوکرات دەگرێ کە پەیوەندە بە رێبازی (ئەنگساگەراس)ەوەو دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕە نموونەیەکی دیارو دیاری کراو نیە، کەس ناتوانێ بە شێوەی گشتی پێی بڵێت بەناوی باوەڕ چاودێری خوداوەندەوە بێ ئەوەی ئەوە بسەپێنێ بە رەوتی مێژووی هەموو، بەلا/ راڤەکردنی مێژوو واتە وێناندنی هەڵچوونە بەشەریەکان یان ئاشکرا کردنی سۆزە مرۆڤەکان و بلیمەتی و هێزی کاریگەری لە رۆڵی گەرە دەبینێ لەم شانۆیەدا، ئەو رەوتەی کە چاودێری خوداوەند دیاری دەکات کەلەسەر ئەم شانۆیە پیشانی دەدات شێوەیەك دەردەخات پێی دەڵێن (پلان)ی چاودێری خوداوەند، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پلانە کە خۆی دەسەپێنێت وەك ئەوەی شاراوە بێ لە بەردەم چاوماندا، سەرەرۆیشە

ئەگەر ئارەزوو بکەین بۆ زانینی لێرەدا هیگڵ ئەزانی (ئەنکسا گوراس) دەخاتە بەرباس، هیگڵ هەوڵ دەدات کە ئەو ڕێگاو شێوازانە بدۆزێتەوە کە چاودێری خوداوەندو کاریگەری دەبێ بۆ مێژوو، هەروەها دیاردە مێژوویی یەکان دەربخات بۆ ناسینی خودا، هیگل بیروباوەڕەکان دەهێنێتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە، مادام کێ ڕای گشتی لەوێدا ڕادەوەستێت کە جێی باس و پرسیار بێت ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (ناسینی خودا موستەحیلە) ئەو باوەڕە بڵاوە لە ناوەڕۆکیدا دژ بە دژێکی ڕاستەوخۆ هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەوەی کە کتێبی پیرۆز فەرمانمان پێدەدا بەوەی کە ئەرکێکی پیرۆزە. ئەمە ئەوەیە کە پێویست ناکات تەنها خودامان خۆش بوێت بەڵکو دەبێ بیشیناسین ئەمەش ڕەت کردنەوەیە بۆ ئەوەی کە کتێبی پیرۆز وتویەتی کە ڕۆح بەرەو ڕاستیمان دەبات هەموو شتێ دەزانێت و دەچێتە نێو قوڵایی کاروبارکانی خودامان. کاتێ ئەو بوونە خوداوەندیە بەو شێوەیە دادەنرێ کە لەدیو زانینمانەوەیە کە لە دەرەوەی سنووری هەموو کاروباری مرۆڤدایە، دەبێ ئەوەش بکەین کە دەوری خۆمان دەربخەین،

فەلسەفە ناچار بوو لەم سەردەمە نزیکەدا کە بەرگری بکات ئەویش لە بواری دیندا دژی ئەو شالاوانەی کە ڕێبازە لاهوتیە جۆربەجۆرەکان هەستان پێی، لە دیانەتی مەسیحیەتدا خودا خۆی ئاشکرا دەکات مەبەستم ئەوەیە کە خۆی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن کە ئەو

چییە. ئەمەش بە شاراوەیی و حەشاردراوەی نەمایەوە، دەتوانین ئەو خودایە بناسین، کە خۆیمان بەو شێوەیە دەخاتە بەردەم، ئەم ناسینە ئەرکێکە لە سەرمان کە بزانین، خودا نایەوێ کورەکانی ئاوەزیان بۆش بێت یان دەروونیان چروك بێت، بەڵكو دەیەوێ کە بە سروشتی دەرونیان شێوەی هەژاری وەرگرت بەلام دەوڵەمەند بێت بە زانینیان بۆی،
دەبێ ئاوەز بناسین کە خۆمان وا دابنێین کە پشتی پێ دەبەستین بۆ راڤەکردنی دیاردەکانیان، بێئەو ناسینە بۆ ئاوەز هیچ پێشکەوتنێك ڕوونادات تەنها قسەیە.

سروشتی مێژوو

وشـەی مێـژوو لـە کـارپێکردنیدا فەرهەنگێکـە دوو بەشـی جیـاواز دەگەیەنێت، لە هەندێ کاتدا ئەو کارانە دەگرێتەوە کە ئەنجام دراوەو مرۆڤ پێی هەستاوە هەر لە کۆنەوە. زۆرجار بۆ ئەوە بەکاردەهێنری واتە بـۆ ئـەو ڕووداوو بەسـەرهاتانەی کـە ڕووی داوەو لـە دوایـدا کۆکراوەتـەوە یـان نوسـراوەتەوە، بەم شـێوەیەش مێـژوو دەچێتە ئـەو چوارچێوەیەوە کە بۆی دیـاری کـراوە. واتـە ئەو بازنەیـەی کـە ئـاوەز دروسـتی کردۆتـەوە، لـە پێشـدا ئەفسـانەو ئەندێشـەکان و وەهمـەکان کاریگەریان کرد بۆ دروست بوونی مێژوو. بەڵام پێداویستییەکانی ژیان و تەنگ و چەڵەمە تایبەتی و گشتییەکان وای کـرد کـە مامەڵـە کـردن لەگەڵ بوویەردا (واقع) بگونجێ یان خۆ بگونجێنێ، لە دایك بوونی مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توانای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەی لە ڕابردووی و هەست کردن بە هونەری جوانی و گێڕانـەوەی ڕووداوەکان و هێنانەوەی

بۆ سەردەمی خۆی لە چوارچێوەیەکی جواندا، مرۆڤ نەیدەتوانی مێژوو بنوسێتەوە چونکە پێداوستی‌یەکانی نەبوو بۆ نوسینی مێژو، ئەمەش واتە مێژوو بەهرەیەکی گشتی زۆر ساکار بوو بریتی بوو لە گێڕانەوەی پشتاوپشتی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە شێوەی داستان و چیرۆکی کورج و کاڵدا، هەروەها لە شێوەی شیعردا، چونکە مرۆڤی سەرەتایی بە هۆی شیعرەوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕی بە تایبەتی شیعرە داستانیەکان ئەوانەی بە شان و شکۆی پاڵەوانانی جەنگدا دەیان هۆنیەوە، شیعر یەکەم ڕەوتی ئەدەبی بوو کە لە دایک بوو، ئەم سیستەمە توخمە مێژویی‌یەکانی بوون کە لە چوارچێوەی ئەفسانەدا خۆی دەنواند چونکە ئەفسانەو خورافەکان و چیرۆکەکان دەچوونە دڵەوە لای مرۆڤی سەرەتایی چونکە ساکار بوون، شیعر گەیشتە ڕادەیەکی بالا لەنێو گەلاندا پێش لە نوسینەوەی مێژوو چونکە نزیک بوو لە پەخشانی مێژوویی‌یەوە، یان بە شێوەی (ئیپۆس Epose) دەریان دەبڕی کە پشتاو پشت بۆ نەوەی داهاتوو دەمایەوەو هەر ڕۆژەی خەیاڵی فراوانی ئادەمیزاد شتی نوێی دەخستەسەر وەك داستانی (گلگامێش)ی بابلی و (ئیلیادە) گریکی و (ئۆدیسا)ی گریکی و (ڕامایان)ی هندی هەروەها (مەهابەهارات)ی هندی.. هتد.

مێژووی نوسینی مێژوو

مامۆستا شوتول Shotwell لە نوسـینی مێـژووی مێـژوودا دەڵـی کە تـا سەردەانێکی نزیك مێژوو و مێژوونوسی کەم بوو، مێژووی هەموو شتێك لە ژێر خۆردا نەنوسرا، بۆ ئەدەب و هونـەرو فەلسـەفەو زانسـت، تا ئەم ساڵانەی دوایی بێجگە لەو دانراوە کەمانەی کە بایەخیان کەم بوو تا ئەو سەردەمە چیرۆکی مێژوو نەنوسرابوو، شوتول بە گەمانێ دەڵێ (کلیو- خوداوەندی مێژوو- خۆی خەریك کردبوو بە نوسینی ڕابردووی ئەوانی تر، خـۆی بـە نوسـینی مێـژووەوە خـەریك نـەکرد کەسـیش پرسـیاری لێنەکرد لە ڕابردووی خۆی، مێژووی نوسینەوەی مێـژووی لە سـەردەمی کۆنـدا ئـەو بەرەوپێشـەوە چوونـەی نـەبوو بـە تایبـەتی لـە خۆرهـەڵاتی ناوەندا، دوای دۆزینەوەی نوسین و درەنگ هاتنە نێو گەلانی ڕۆژهەڵات نەدەتوانرا ئەو نوسراوە کە دەنوسرانەوە وەك دیکۆمێنت هـەڵگیری لـە پەرسـتگاکاندا، سـەرەڕای ئـەوەی شارسـتانێتی میسـرو وڵاتـی

میسۆپۆتامیا پێشکەوتوو بوو بەڵام نەدەتوانرا پێی بڵێین مێژوو، ڕووداوەکانی فرعەونی میسری و هەڵگرتنی وەك مێژوو ئەوەش هەموو بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی فرعەون بوو، ئەویش لە ڕێی ڕووداوەکان و ژیانی فرعەونەوە، لە بابلیش نوسینی مێژوو لە شێوەی هەڵکۆڵین لە شێوەی وێنەدا لەسەر ڕووکاری دیوارەکان، لەلای ئاشووریەکان دیکۆمێندی پادشاکان بوونە مێژوو کە لە ڕووداوی جەنگ و ڕاو دەدوا، بە هیچ شێوەیەك ڕەخنە نەبوو لەو دیاردانە بۆ تۆمارکردنی سەرەتایی بۆ مێژوو، ئارمانجی ئەو هەڵکۆڵینەش ئەوەبوو کە دەسەڵاتدار شکۆمەند بێت لای ئەوەی دواتر شکۆمەندتر بێت و ئەو ڕاستیانەش کە ڕوویان دەدا نەدەخرانە نێو ئەو تۆمارکردنە بۆ ئەوەی لە بیرەوەریەکاندا جێگایان نەبێتەوەو لە یاد بکرێت چونکە زۆربەی ئەو تۆمارانە یان ئەو هەڵکۆڵین و دیکۆمێنتنە دین و دیاردەی خوداوەندەکانیان بەسەردا زاڵ بوو بە تایبەتی ئاپارتمانی خوداوەندەکان، (بارنز Barnes) دەڵێن باری کەش و هەوا یاریدەی ئەوەی دا میر- پادشا ببێتە شوێنەوارێکی مێژووی ڕاستەقینە یان وەك (برستد Breasted) دەڵی ڕای لێ هات میر بوە کتێبێکی مێژوویی گەورە کە یارمەتی هەڵگرتنی سەرچاوە بە سوودەکانی دا هەروەها بەهای ئەو زانیاریە مێژووییانەی کە لە نێو ئارامگای پادشاو کۆشکەکان و پەرستگاکان و شوێنەوارەکاندا بوو، بەڵام هەندێکیان وەك مێژوو مانەوە، یەکێك لەو نوسراوانە کە دەربارەی

(تخرنفــس ی ســـێ)ی نووســـی کـــه بـــەو پادشـــایەدا هـــەڵیدا لـــە داگیرکردنەکانیدا، کاتێ ڕۆشنبیری هیلینی کاری کردە سەر ڕۆشنبیری میسری کۆن، نوسەرێکی میسری هیلینـی هاتـە سەرشـانۆ کـە هـەموو ڕووداوەکانی مێـژووی میسـری کۆکـردەوەو ڕووداوە مێژوویی‌یـەکانی نوسی لەکاتی خۆیدا بایەخێکی تایبەتی هەبوو ئەو نوسەرەش (مانیتۆ Manatho) بـوو ئـەم نوسـەرە بـەوە ناسـراوبوو کـە ڕاســتگۆ بـوو لـە لێکۆڵینـەوەکانیدا هـەروەها لێکۆڵینـەوە بابەتیـەکانیدا لـە هـەموو مـادە مێژوویی‌یەکانداو ڕاڤەکردنیان هەروەها بابلی‌یەکان و ئاشووریەکان زۆر لـە میسـریەکان پێشکەتووتر بوون لەلایـەن کۆکردنـەوەی دیکۆمێنتـە مێژوویی‌یەکان بەلام مێژنووسێکی وەك (مانیتۆ)ی تیـا هەڵنەکـەوت تـا بتوانرێت کاریگەری شارستانێتی هێلینی لە سەریان بێت بەڵام لەگەڵ سـەرهەڵدانی مێژوونـوس (مـانیتۆ) لـەلای بابلی‌یـەکانیش مێژوونوســی (کاهن) بیروسوس (Berossos) سـەری هـەڵداو هـەر لە سـەردەمی (مانیتۆ) مێژووی بـابلی نوسـی‌یەوە، کۆنـترین نوسـراوی مێـژووی ئاسیای ئـەو دیکۆمێنتانەیە کە نووسەر سۆمەریەکان نوسیویانەتەوە، بەڵام ڕووداوی مێژووی تیا بەدی نەدەکرا، سەرەڕای ئەوەش جۆرێك لە نوسینی مێژوو سەری هەڵنەدا تەنها ئەوە نـەبێت کە باسی پادشا کۆنـەکانی میسـری و بابلی و ئاشووری دەکرد ئەمەش وای‌کرد کە شێوازێکی باڵاو ڕەچەڵەکی هونـەری نوسـینی مێژوویـی نـەبینن بەخۆیەوە. چونکە سەربەستی تیـا

نەبوو تەنها دیکۆمێنتەکان باسیان لە پادشاو مەلیکەکان دەکردو تەنها دەنگ و باسی چینی دەسەڵاتداریان تیادا تۆمار کردبوو لەبەر ئەوەی پادشاکان لە چاو خۆیانداو لە چاو خەڵکاندا خوداوەند بوون و بەسەر زەویدا دەڕۆیشتن.

چینی‌یەکان و نوسنیی مێژوو:

(روبرت فلنت) دەڵێ (چینی‌یەکان بەسەر هەموو نەتەوەی ڕۆژهەڵاتدا لە پێشتر بوون لە لایەن ئەدەبی مێژووەوە) ئەویش بەهۆی ئەوەی کە چینی‌یەکان زۆر تامەزرۆی ڕاستی ژیان بوون و سۆزیان بەرامبەر ڕاستی ژیان هەبوو هەروەها ڕێزیشیان بۆ ڕەچەڵەکیان هەبوو، هۆگری ڕابردوو بوون، هەروەها زانابوون لە دەرك کردنی ڕامیاریان و یەکسانیان لە دەرکردنی فەرمانەکاندا، ڕێزیان بۆ زانست و ڕۆشنبیری هەبوو سەرەڕای ئەوەش مەیلیان بۆ پزیشکی و زانست هەبوو، چینی‌یەکان مێژوونوسیان زۆرە، ئەو ڕووداوانەی کە بایەخیان ئەدا بە مەسەلەی نەتەوایەتی، ئەدەبی چینی گەورەو بەرفراوانە کە تایبەتمەندی مێژووی خانەوادەی تایبەت دەکات، هەروەها خاوەنی فەرهەنگێکی مێژوویین کە پڕە لەزانیاری بەنرخ، نوسراوەکانیان شێوەیەکی تایبەتی و بەزەوقێکی چینی نوسراوەتەوە کە شێوەیەك زۆر زەحمەتە، سەرەڕای ئەوەش

نوسینی مێـژوو پێـش نەکـەوتبوو لـە لایـان بـەڵکو هـەر لـە ئاسـتی (حولیە)تدا بوو، مێژوونوسانی چینی بە ڕاستی خۆیان خەریك دەکرد بە کۆکردنـــەوەی زانیـــاری و کۆکردنـــەوەی دیکۆمێنتەکانـــەوە بـــەڵام نەیاندەخستە نێـو تـەرازووی ڕەخنـەوە، بـەدوای هۆکـارو پێشـکەوتنە ناوەکی‌یەکان نەدەگـەڕان کـە ڕووداوی مێژوویی‌یـان لێ دروسـت دەبـوو، نەیان توانی بگەنە تێڕوانینی گشتی وایان دەبینـی کـە مێـژوو هونەرێکە لە هونەرە نەتەوەیی‌یەکان، نەك ئاوێنەیەك بێت و سروشتی بەشـەریەت پێشـان بدات، بەناوبانگترین مێژوونوسـیان (سـیزماتیان ١٤٥- پ. ن) و (سـیریمکا کوانـج) کـە بـەناوی مـیری مێژوونوسـان نـاوی دەرکردبـوو، یەکەمیان بە نوسـینی دیکۆمێنتـی مێژوویـی کـە بایـەخی (حولیـات)ی چینی بوو لە سەردەمی (هوانج تی) دەی‌نوسی تا ئەو سەردەمەی خۆی تیـایدا ژیـابوو دووەمیـان مێـژووی ١٣٦٢ سـاڵەی چینـی نوسـی‌یەوە ئەوەش وای کرد کە مێژووی چینـی تـری بخرێتـە سـەر تا ڕووداوەکانی سەدەی هەژدەهەم ئەم کتێبەش گۆڕدرا بۆ زمانی فەرەنسی.

یابانیەکان و نوسینی مێژوو:

یابانیـەکانیش وەك چینی‌یـەکانیان لێبەسـەرهات لەلایـەن نوسـینی مێژووەوەوە لەو مەسلانەی کە تا سەدەی بیست، هەمیشە کێشەی لەسەر بوو مەسەلەی سەرهەڵدانی مێژووی یابانیە، کە ئایا ئاکامی (حافز)ی نەتـەوەیی بـوو، یـان کاریگـەری ئـەو تێکەڵاوبوونـە بـوو لەگـەڵ چینی‌یەکاندا، پسپۆرە ئەوروپی‌یەکان لە لێکۆڵینەوەی یابانیدا دەڵێن کە نووسینی مێژوویی یابانی ڕاست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشی پێش زایـین، کۆنـترین دیکۆمێنتـی یابـانی کـە کۆکراونـەوە لـە کتێبێکـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ (سـاڵی ٧١٢ز) کـە گـۆڕدراوە بـۆ زمـانی ئینگلـیزی (حولیـات)ی یابانی کە بە نێوی(نیهونجی) دەرکردووە کـە سـاڵی ٧٢٠ تەواو بووە کاریگەری مۆرکی چینی لەسەرە، لە سەدەی هەشت و نۆدا چەند کەسـێك لـە نوسـەران بەشـداری نوسـینی کتێبـی دیکۆمێنتـی مێژوویی‌یان کرد، یەکێك لەو مێژوونوسانە (سیجوار میشیزن) بوو لە سەدەی ١٠ بۆ ١٢ نوسینی مێژوویی لە یاباندا پێشکەوتنی بەخۆیەوە

بینی، کە ڕوداوی ڕاستی و بیروباوەڕی مێژوویی بەخۆوە بینی، لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا (حولیات)ی زۆر هاتنە سەرشانۆ، بەڵام هاتنە سەرشانۆی مێژوونوسی لێهاتوو کەم بوو لەو سەردەمەدا هەروەك چۆن لە سەردەمی دەرەبەگایەتی ئەورووپا ڕوویدا، پێش کۆتایی سەردەمی دەرەبەگایەتی مێژوونوسێکی ناودار سەری‌هەڵدا ئەویش (میتوپادشا ١٦٢١-١٧٠٠) بوو کە هەندێ لە زانایانی یابانی و چینی هاوکاریان کرد لە نوسینی کتێبەکەیدا کە باسی لە مێژووی یابان دەکرد تا ساڵی ١٤١٣ مەبەستی ئەو نوسینەی لەوەدا بوو کە سیستەمی (شوجانات)ەکان تێك بدات کە ئەوان دەسەڵاتیان گرتەدەست و خەڵکیان دەچەوساندەوە، نوسەر لێرەدا زیرەکانە توانی بگاتە ئارمانجی خۆی و بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێك کە کۆتایی‌یەکەی ساڵی ١٨٦٨ بوو یەکەم مێژوونوس کە پلەی زانستی پێدرا هاکیسیکی بوو (١٦٥٧-١٧٢٥)، یابانیەکان بە مەزنترین مێژوونوسی خۆیانی دەدەنە قەڵەم، هەروەها گەورەترین مێژوونوسی یابانی (رابی سانجو ١٧٨٠-١٨٣٢) بوو کە بە ڕەخنەگرێکی بە توانا ناوی دەرکرد، هەروەها مێژنووسانی تر هەڵکەوتن وەك (مورتوری نوریناجا ١٧٣٠-١٨٠١) و (هیدانا استیانی ١٧٧٦-١٨٤٣) یەکێك لە شێوازە جیاکانی ئەدەبی یابانی زۆری چیرۆکە مێژوویی‌یە یابانیەکەیەتی کە زۆربەیان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەهەم و یانزەهەم.

هندو نوسنیی مێژوو:

هند بە دەوڵەمەندی ئەدەبەکەی بەناوبانگە، شیعرو فەلسەفەی هندی ناودارترین شێوەیە لە شێوەکان، بەڵام بەهۆی زۆری تێکەڵاوی نەتەوەو هۆزو تیرەی دی لە هندستاندا هەر لە کۆنەوە بووە هۆی ئەوەی یەکێتی‌یەکی سیاسی کۆیان نەکاتەوە، ئەمەش وای کرد هۆکاری جیاوازی لە داب و نەریت و زماندا نەهێڵێت کە بووە هۆی ئەوەی نوسینی مێژوو سەرهەڵنەدات بۆیە لای هندوسەکان مێژووی نەتەوەیی بەدی ناکرێ کە نوسرابێتەوە، هندیەکان توانیان کە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن لەنێو کتێبی (فیدا) یا کە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی تیرەیەکی هندیە ئاریەکان دەکات و هەروەها سەرنجیان دەربارەی خوداو گەردون و مرۆڤ دەردەخات، بەڵام ڕووداوی ڕۆژانەو ژیانی کۆمەڵایەتیان تیادا تۆمار نەکردووە هەروەها ڕووداوەکانی دەوروبەریان تۆمار نەکردووە، لێکۆڵەرەوەکان زۆر زەحمەتی دەبینن لە دەرهێنانی ڕاستی‌یە

مێژوویی‌یەکاندا لەنێو سیستەمە شیعرەکانی هندیدا، کۆنترین نوسینی هندی هاوپێچە لەگەڵ ئەوەی مێژوویی‌دایە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەهەم کە ئەویش لێڵی پێوە دیارە. بەناوبانگترین نوسین (پادشاکانی کاشمیرا)یە کە ڕۆحی شیعری و ئەزعەی ئەفسانەیی پێوەدیارە.

یەهودیەکان و نوسینی مێژوو:

(بارنز) لە کتێبەکەیدا (شێوەی نوسینی مێژوو)دا دەڵێ (کە شەرەفی نوسینەوەی یەکەم گێڕانەوەی مێژوویی مافێکی بەرچاوی هەیە و لە هەمان کاتدا وردبینی‌یەکی بلیمەتانەیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ یەهودیەکانی فەلەستینی کۆن) زۆربەی ئەو نوسراوە یەهودیانە کە مێژوویین لە دووتوێی (پەڕاوی پیرۆز) لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی کۆندا هەندێ لە پیاوانی کڵێسە ئەوانەی بەلای گومڕایی‌دا دەچوون، گومڕابوون لە ڕاستی بیری باو لەلایەن دانراوی پەڕاوی پیرۆزەوە، یەکەم لێکۆڵەرەوە کە بایەخێکی زۆری دا بە ئاڕای باو ئەویش زانای سەردەمی

ناوەندی (ابن عزرا) بوو کە لە ساڵی ١١٥٠دا توانی بەربەرەکانی ئەوە بکات کە (موسی) داهێنەری پێنج سەفەرەکەیە، لە سەدەی هەڤدەدا فەیلەسوفی ڕەخنەگر (توماس هوبزشکە) ئەوەی ڕاگەیاند کە دانراوی موسی بۆ پێنج سەفەرەکە لەسەر بنگەی لۆژیك و تێگەیشتنە دەرەکیە گشتییەکان بووە نەك لەسەر بنکەی توێژینەوەی دانەر ژیانی خۆی بنوسێتەوە تا مردنی، هەر پێنج سەفەرەکە بە جوانی باسی ئەو ئازارانە دەکات کە یەهودیەکان دووچاری بوون دوای مردنی، زانای یەهودی (باروخ ئەسبنوزا) کە هاوچەرخی (هوبز) بوو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی دروست و ڕاست کرد لەسەر شێوازی سەفەری دروست بوون، ئەوەشی دیاری کرد کە ئەو سەفەرە تەنها یەك دانراوی نەبووە واتە یەك نوسەری نەبووە لە یەك کاتدا، بەڵگەی نیشاندا کە تیۆری دانراوی (موسی)ی بۆ پێنج سەفەرکەی ڕەت کردەوە (بارنز) دەڵی کە لێکۆڵەرەوە نوێکان وەك (دلینزس) و (ونکلر) و (روجرز) دەریان خست ئەفسانەکان و نەریتی دینی بابلی کاریگەریان هەبوو لەسەر دینی یەهودی، بە تایبەتی لەسەر وێك چوونی چیرۆکی دروست بوون و بورجی بابل و لافاوەکە، هەروەها زۆر زاناو لێکۆڵەرەوەی تر بیری دۆزەخ و شەیتان و نەمری ڕۆح دەگێڕنەوە بۆ سەرچاوە فارسیەکان، (بارنز) دەڵێ (پلەپایەی یەهودیەکان لە سەردەمی پادشاو مەملەکەتە یەککگرتووەکەیاندا لە سەردەمی شاول و داودو سلیمان دەگمەن بووە بۆ لێکۆڵینەوەی نوسینی مێژوو کۆنترین

هەوڵیان بۆ نوسینی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی نوسەرە نەناسراوەکان بۆ نوسینی شێوەی پێنج سەفەرەکەو سەفەری (یەشوع) و سەفەری (صموئیل)ی یەکەم و دووەم هەروەها سەفەری یەکەم پادشاکان، (برستد)ی مێژوونوس دەڵێ (ئەم سەفەرانە کۆنترین نوسینی مێژووە لای نەتەوەکان کە هەیانبێت، هەروەها دانەرە نەناسراوەکەی بە کۆنترین مێژوونوس دادەنرێ لە سەردەمی کۆندا، (ادوارد میبر) دەڵێ (جۆری سەرسووڕمانە کە ئەدەبی مێژوویی هەبێت لەو شێوەیەو لەو سەردەمەدا لەلای ئیسرائیلیەکان)، (ئەبیاثار)ی مێژوونوس دەربارەی مێژووی داودی نوێ بە زمانی عیبری کە بەرزترین پلەی مێژوویی ئەو سەردەمە بووەو دواترین مێژوونوسی سەردەمی کۆن (فلافیوس یوسیفوس)ی یەهودی بووە (٣٧-١٠٥) کە بە مێژوونوسی نەتەوەیی دادەنرا دوای ئەوەی دەوڵەتی یەهود لەدەست چوو وایکرد کە بۆ ئەوەی جارێکی تر ژیان بێتەوە بەر گیانی یەهودیەکان و بیر لە پشێویان بکەنەوە دەستی دایە پیاهەڵدان و زۆر ڕەوی بۆ پێشووی یەهودیەت، (روبرت فلنت) دەڵێ یەهودیەکان لە ڕووی دینییەوە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد، خودا لەلایان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بزاوتنی مێژوویی، ئیرادەی خوداش مەحەکە بۆ بڕیاری مێژوویی، شارەکەشی ئامانجێك بوو کە پێشکەوتنی مێژوویی چووە ناوی، یەهودیەکان بەوە ناسراون کە زۆر بە توندی گیرۆدەی مێژووی کۆنیانن.

نوسینی مێژوو لای یونانیەکان و ڕۆمانیەکان:

سەرچاوەکان دەڵێن یەکەمجار نوسینی مێژوو لەلای یونانیەکانەوە داهات کە خۆی لە شیعردا دەبینییەوە لەلایەن (هومیروس)ەوە کە ئەمەش ڕاست بوو، لە شیعرەکانیدا زانیاری زۆری دەربارەی کۆمەڵ و ڕۆشنبیری یۆنانی تیادا بوو، کە دەتوانرا وێنەیەکی شارستانی ڕوونی سەردەمی خۆی دیاری بکرێت لە شیعرەکانیدا، بەڵام لە دایک بوونی نوسینی مێژووی یونانی لە شێوازی نوسینەوەی مێژوو پێویستی بە پێشینەی مێژوویی هەبوو کە لەلای یۆنانیەکان ئەو پێشینەیە نەبوو تا سەدەی شەشەم ئەو پێشینەیەش کە هەبوو لە شێوەی پەخشاندا بوون، هەروەها ڕوانینە ڕەخنەکان بۆ ئەفسانە باوەکان و لێکۆڵینەوە بۆ شێوازی کۆمەڵگاو سەرهەڵدانی سیستەم و یاساو داب و نەریتەکان، لە نیوەی سەدەی شەشدا ئەو پێداوستییانە پەیدابوون بۆ نوسینەوەی مێژوو، لە شاری(میلیتس لە ئەیونیای ئاسیای بچووک) هەر لە سەرەتای سەدەی شەشەم (کادموس میلتی) دەستی کرد بە نوسینەوەی پەخشان

له جیاتی نوسینی شیعر که به یه‌کێك له پێشه‌وه‌یانی نوسه‌رانی پەخشانی ئەدەبی یونانی دادەنرێت هەر لەو کاتەشدا فەلسەفەی ئەیونیە سەری هەڵدا کە شێوازی بیرکردنەوەی سەربەستی پێوە بوو هەروەها رەخنەی بەهێزکرد، مامۆستا (بری) لە ل٢٣دا لە کتێبەکەیدا (مێژووی سەربەستی هزر)دا دەڵێ (ئەیونیا لە ئاسیای بچووکدا کە لانکەوی بیری سەربەست بوو)، هەروەها مێژووی زانستی ئەورووپی و مێژووی فەلسەفەی ئەورووپی لە ئەیونیاوە دەست پێ دەکەن لەوێ لە سەدەی پێنج و شەشدا فەیلەسوفەکان ویستیان لە رێگای عەقڵەوە بگەن بەسەرچاوەی جیهان و دروست بوون، ئەیانتوانی لەو عەقڵەیان رزگار بن لەو بیرو باوەڕەی کە پێشو فێرکرابوون بەڵام دەستیان کرد بە روخاندنی ئەو باوەڕەی دەپارێزێ، کە نەریتە دینی‌یەکان، بزوتنەوەی دروست کردنی کۆلۆنیەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کۆچ کردن بۆ رۆژهەڵات کاریگەری خۆی کردە سەر پێشکەوتنی شارستانێتی یونانی لە ئەیونیاو دەریای ئیجە کە رۆحی رەخنەی لە ئەیونیایی‌یەکاندا چاند ئەو رۆحە رەخنەیە یاریدەی ئەوەی دا کە پێشکەوتن رووبدات لە فەلسەفەو ئەدەب و نوسینی مێژوویی دیارە لێك دانی رۆشنبیری دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای نهێنی‌یەکان و فێربوون و کاریگەرکردن و کارکردنە سەر پێگەیشتنی عەقڵ یەکی: لەو مێژوونوسە یۆنانیە گەڕۆکانە (هیکا تیوس) بوو (٥٥٠ - ..) کاتێك فارسەکان ئەیونیایان داگیرکرد زیاتر یونانیەکان هەستان بە لێکۆڵینەوە لەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی ئەو

ئیمپراتۆریەدا دەژیان کە بوون بە بەشێك لێی، نوسینی مێژوویی سەری هەڵداو کە بوو بە بەشێك لە بزوتنەوەی فەلسەفی لە ئەیونیاوە دەستی پێ کرد، زۆر بایەخیان دەدا بە جوگرافیاو لێکۆڵینەوەی ئاکارو نەریت و ئاداب و باری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری مێژووی گەلان، هەر بۆیە دیاردەی وەسف کردنی جوگرافی دیارە بەسەر نوسینە مێژووییەکاندا، ئەوبارە گونجاوە وای کرد کە مێژوونوس وەك)هیکاتیوس میلیتی) بێتە سەر شانۆ کە دانیشتووی شاری (میلیتی)یە کە پەخشانی فەلسەفەی یۆنانی رەخنەیی تیادا هێنایە بەرهەم، کە بە شێوەیەکی زانستیانە مێژووی هەڵسەنگاند بە هۆی زانیاری راست و دروستەوە، هەروەها بەهۆی رەخنەی بەرامبەر ئەفسانە جیاوازەکان هەروەك خۆی دەڵێ (ئەمەی لێرەدا دەینوسم راپۆرتێکی راستییە، لەبەرئەوەی چیرۆکی یونانی زۆرن و جێی گاڵتەپێکردنن لەلای من)، لە ماوەی نوسینی (الانساب)ی (هیکاتیوس) و (مێژوو)ی (هیرودوت)دا (کارون لامیسکوس) و (دیو نیزیاس) توانیان مێژووی فارس لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا بنوسن (سکایلاکس ی کریاندی) یەکەم رووداوی مێژوویی نوسیەوە لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا، هەروەها (انطیوکس سراقوسی) مێژووی یۆنانی نوسییەوە، (هیرودوت) بە شێوەیەکی رێك و پێك سساڵنامەیی گشتی مێژووی نوسییەوە، (هیرودوت) یەکەم مێژوونوس بوو کە پەیوەندی نێوان یۆنان و ئاسیای نوسی لەسەردەمی کروشیوش پادشای لیدیا (٥٦٠-٥٤٦) تا رووخانی فارسەکان لە ساڵی

(٤٧٨) جەنگی فارسەکان بایەخێکی تایبەتی هەبوو لای یونانیەکان بە تایبەتی، شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (هیرودوت) تەنها مێژووی نەتەوە سەردەستەکانی دەنوسییەوە بەڵکو دەنگ و باسی نەتەوە دوواکەوتوەکانیشی دەونوسیەوە لەبەرئەوە (هیوردوت) نەك تەنها باوکی مێژوو بوو بەڵکو باوکی (زانستی مێژووی سروشتی)یش بوو، (هیرودوت) گەڕیدەبوو حەزی لە کۆکردنەوەی زانست و زانیاری هەبوو، پرسیاری زۆر دەکرد دەربارەی ژیان و زانیاری کۆدەکردەوە دەربارەی داب و نەریت و دین و یاساو سیستەمەکان، ئەو شتانەی دەی دیت و گوێی لێ دەبوو چاوی پێدەکەوت دەینوسیەوە بەمەش نوسراوەکانی بوونە نوسراوە مێژوویی‌یە نەمرەکان، بە تایبەتی جەنگی نێوان یۆنان و فارسی بە جوانی و ڕاستی باس دەکرد سەرەڕای ئەوەش سۆزی نەتەوەیی بۆ یونان کاریگەری نەکردە سەر نوسینەوەی مێژوو بەڵکو فارسەکانی بە ئازاو چاونەترس داوەتە قەڵەم و بەمەش ڕەخنەی لە یونانیە نەتەوە پەرستەکان دەگرت، جەنگی یونان –فارس لای هیوردوت لێدانی دوو شارستانیەت بوو شارستانیەتی هیلینی و شارستانیەتی ڕۆهەڵاتی بۆ ئەو مەبەستە ئەو دوو توخمەی شیکردەوە، لێکۆڵینەوە شوێنەوارەکان ڕاستی قسەکانی (هیرودوت) دەردەخەن کە تا چەند ڕاست بووە لە نوسینەکانیدا، چونکە جیاوازی دەکرد لە نێوان ئەوەی دەیبینی و ئەوەی باوەڕی پێیەتی، (هیرودوت) زۆر موعجبی دیموکراتی یونان بوو، سەرەڕای ڕێز بۆ ئازایەتی فارسەکان خۆشحاڵ بوو، لە

نوسینەکانیدا ئەوەی پێوە دیارە (دەست تێوەردانی خوداوەند هەیە لە کاری مرۆڤدا) زۆرجار باسی باری سروشتی کردووە لە ڕووداوە مێژووییەکاندا، دوای هیرودوت (توکوتیدس- ٤٥٦-٣٩٦) بە دووەم مێژوونوسی یۆنانی دادەنرێت بەڵام ئەم بە پێچەوانەی (هیرودوت)ەوە مێژووی دەنوسیەوە، دوور لە ئەفسانەو خورافەکان بە شێوەیەکی خۆشی دەینوسیەوە (توکوتیدس) سنوورێکی دانا لە نوسینی مێژوودا لە نێوان پرۆگرامی داستانی و کاریگەری بیروباوەڕو ئەوەی لەسەرو سروشتەوەش و لە نێوان نوسینەوەی مێژوو کە هەڵدەسێ بە ڕاستی ڕووداوەکان و هۆکارە ماقوڵەکان بۆ ڕووداوەکان و شیکردنەوەیان؛ باسی گرنگی سەرکی توکوتیدس جەنگی (بلیبوسیە) بوو (٤٣١-٤٠٤) کە کتێبێکی دەربارەی نوسی لەکاتی ئەو جەنگەدا نوسینەکەی لە شێوەی پەیامنێرە ڕۆشنبیرەکان جەنگی نوێ دەچوو، (بارنز) دەڵێ (هێزێکی تایبەتی هەبوو لە وێناکردنی ڕابردوودا، بەڵام کتێبە مەزنەکەی (بەرزبوونەوەی پێش هەموو شتێك مێژوویەکی هاوچەرخ بوو لەبەرئەوەی خۆی سەرهەنگێکی ئەثنیو سیاسی بوو)، لەبەرئەوە مێژوونوسی ئەڵمانی (لیبولدفون انك) لە سەدەی نۆزدەهەمدا دوای ڕاستی ڕووداوەکان کەوت لە نوسینەکانی (توکوتیوس)داو لە هەمان کاتدا ڕەوتی نوسینی پرۆگرامی زانستی ئەوی گرتەبەر لە نوسینی مێژودا، لە دیدی سیاسیانەوە دەیڕوانیە مێژوو، وەك سیاسەتمەدارێکی فەیلەسوف وابوو لە پێکەوە لکاندنی تەنگ و چەڵەمەی مێژوویی و

هۆکاری سیاسیدا، سەرەڕای ئەوەی هێزێکی سایکۆلۆژی هەبوو بۆ پێکەیشتن لە دەروونی تاك و کۆمەڵ، بە تایبەتی وێناکردنی کەسایەتی ئەو کەسایەتیانەی لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دیاربوون لەسەر شانۆی (شۆڕشی ساڵی ٤١١ی پ. ز)، (روبرت فلنت) دەڵێ (هیچ بەڵگەیەك نیە کە بەبێ ئیمانی دابنێین، بە هیچ شێوەیەك ڕێی نەدەدا کە هیچ ئیماندارێك کاریگەری بکاتە سەر نوسینە مێژوویی‌یەکانی یان باوەڕی مێژوویی‌یەکەی، بە ڕاستی ئەیویست نوسینی مێژوویەکی ڕاست بنوسێتەوە) ڕەخنەیان لێ ئەوەبوو کە بایەخی هۆکاری جوگرافی لە مێژووەکەیدا نەبوو سەرەڕای ئەوەش پەی بە کاریگەری هێزی پۆشنبیری و کۆمڵایەتی و ئابووری نەبرد بۆ ڕەوڕەوەی مێژوو واتە لەو لایەنەوە بێئاگا بوو، دوای ئەو مێژوونوسی بەناوبانگی یونانی (هوبولیبیوس ١٩٨-١١٧) هاوشان بوو لەگەڵ (تکوتیدس) لەسەر مەسەلەی گەڕانی وردبینی زانستی لە مێژوودا، شێوازێکی تایبەتی نەبوو وەك (هیرودوت) یان (توکوتیدس) خوێنەر نوسینەکانی ئەویان زۆر بەدڵ نەبوو، مێژووەکەشی هەوڵدان بوو بۆ درێژەپێدانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی تا ساڵی ١٤٦ لە نێوان ٤٠ بەرگدا زیاتر لە (توکوتیدس) جەختی لەسەر مەسەلەی مێژوونوسی شیاوو لێهاتوو دەکردەوە بۆ نوسینی مێژوویی، دەبوایە ئەو مێژوونوسە لێهاتووە (یەکێك بێت لە گەورەپیاوانی کاروبار، باشتر وایە سەرهەنگێك یان پیاوی دەوڵەت بێت). (هیرودوت) بایەخی

مێژوونوسانی یۆنانی دەدا بە ڕۆژهەڵات (توکوتیدس) باسی مێژووی پەیوەندی دەرەوەی ئەسینای دەکرد کە لە کاتی ترۆپکی شارستانیەتیدا بوو، بەڵام (بولیبیوس) وێنەی یۆنانی پێچەوانە دەکردو لە حاڵەتی دواکەوتوییدا وێنای دەیکرد بایەخیشی بە ڕۆمانیا دەدا بۆ دەست بە سەراگرتنی ڕۆژئاوادا، سەرەڕای ئەوەی ڕەچەڵەکی یۆنانی بوو بەڵام زۆربەی ژیانی لە ڕۆمادا بەسەربرد لە نوسینەکانیدا زیاتر بەلای ڕۆمانیادا دەیشکاندەوەو لە بارەی سیاسەت و جەنگەوە، بایەخی بە مەسەلەی جوگرافی دەدا لە ڕووداوە ڕاستییەکانی مێژوو، گرنگی دەدا بە مەسەلەی هۆکار لە ڕووداوە مێژووییەکاندا، ڕاڤەکردنی بۆ مێژوو لایەنی ئاکاری زۆر پێوە دیار بوو وەك لایەنی ئابوری یان لایەنی کۆمەلایەتی، هەروەها مێژوونوسانی تر سەریان هەڵدا وەك (زینفون ٤٣٠-٣٥٤) و (فلوطار خس ٥٠-١٢٥ م) کە تایبەت بوو بە وەرگێڕانی مێژوویی، لە سەردەمی بوژانەوەی ڕۆشنبیری یۆنانی لە ڕۆمادا مێژوونوسانی تر سەریان هەڵدا وەك)ئەریان ٩٥-١٧٥) کە دانەری کتێبی (ژیانی ئەسکەندەری مەقەدونی)یە.

ڕۆمانیەکان و نوسینی مێژوو:

ڕۆمانیەنان هیچ شتێکی نوێیان بۆ ئەدەبی مێژوو زیاد نەکرد، ڕێی یۆنانیەکانیان گرتەبەر کە ببونە نموونەو پێشەوا بۆ یۆنان لە هەموو ڕوویەکەوە، لە نێوان ڕۆمانیەکاندا چەند مێژوو نوسێك سەریهەڵدا وەك (لیفیوس) و (تاسیۆس) کە ئیعتمادیان دەخستە سەر مێژوونوسانی یۆنانی لەنوسینەوەی مێژوودا، تا سەدەی دووی میلادی ڕۆمانیەکان بە زمانی یۆنانی ئەدەبی مێژوویییان دەنوسییەوە، وەك مێژوونوس (فابیوس بکتور ٢٥٤- ..) هەروەها (ئینساس)ی شاعیر کە سالی (..١٦٩) مردووە، بەلام یەکەم مێژوونوس کە هەلکەوت (یولیوس قیصر ١٠٠-٤٤) بوو کە لە هەموویان پێشکەوتووتر بوو کە بە یەکێك لە یاداشت نوسە مەزنەکان دادەنرێ لە جیهانی کۆندا هەروەها مێژونوسی ڕۆمانی (سلوستوس ٨٦-٣٤) و کتێبە مێژوویییەکەی دەربارەی مێژووی ڕۆما لە سالی ٧٨ تا سالی ٦٧ کە نەدۆزرایەوە، بەلام

دەربارەی پیلانی (کاتلین) و پاڵەوانی ئەفریقی (یوجورتا) ی نوسی کە بە جوانترین شێواز نوسی ببوەوە کە چۆن کەسایەتی‌یەکانی وێناکردبوو ئەوجا مێژوو نوسی نەتەوەیی مەزن (تیتوس لیفیوس ٥٩-١٧) کە بە یەکێك لە مەزنترین چیرۆك نوسەکان دادەنرێ لە ئەدەبی جیهانیدا، هەستی نەتەوەیی زۆر توند بوو لای هەروەها هەستی نەتەوەیی نیشتمانی لای لاوانی ڕۆمانیای جۆش دا، دیندارێتی وەك نیشتمانپەروەری وابوو لای ، ڕووداوەکانی مێژوویی دەگەڕانەوە بۆ دەست تێوەردانی ئەوەی لە سەرو سروشتەوە بوو هەروەها دەستی خوداوەند لە ڕەوڕەوەی مێژوودا، هەروەها مێژوونوسی ڕۆمانی (بوبلیوس کورنیلیوس تاسیتوس ٥٥-١٢٠) یەکێك بوو لە پیاوانی خاوەن پیشە، بە وردبینی ڕووداوەکان ناوی دەرکردبوو هەروەها کاریگەری پڕوپاگەندەی ئاکاری پێوە دیاربوو لە نوسینەکانیدا بۆ هۆدۆزی ڕووداوەکان و دەی گەڕانەوە بۆ هۆی ئاکاری، زیاتر زانستیانە بوو بەلای سیستەمی کۆماری کۆندا مەیلی هەبوو، (سیتونیوس ترانکویلوس) دوا مێژوونوسی ناوداری ڕۆمانیە (٧٥-١٦٠) سکرتێری (هادریان)ی ئیمپراتۆر بوو بەناوبانگترین کتێبی (ژیانی دوانزە قەیسەرەکە)یە سەرچاوەیەکی گرنگی بڕواپێکراو بوو بۆ وەسف کردنی ژیانی گشتی لە کۆنترین نموونەی نوسینی مێژوویی‌یەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە عەیبە ئاکاریەکان ئاشکرا بکات، کە چیرۆکی ژیانی ئەباطرە

ڕۆمانیەکان ڕوون دەکاتەوە لە سەردەمی (اغطس) تا (فلافین)ە ئەباطرەکان. سەرەڕای ئەوەی مێژوونوسانی ڕۆمانی ڕێگەی مێژوونوسانی یۆنیان گرتەبەر تەشەو عەیبە بێ دەرنەبون بەڵام ئەوەش لەیاد نەکەین کە بیروباوەڕی توندوتیژی پێوە دیار نەبوو، ئەفسانەش زۆر کاریگەر نەبوو بۆ سەر نوسینەکانیان.

نوسینی مێژوو لە سەرەتای سەردەمی مەسیحیەتدا :

سەرکەوتنی مەسیحیەت بەسەر (وثنیە)تدا کاریگەریەکی دووری کردە سەر نوسینی مێژوویی هەروەها لە بیروباوەڕی مێژوونوسان، ڕۆشنبیر (وثنە)ت لەبەر ئەوەی بەکاری شەیتان دادەنرا پوکایەوە، نوسینە مێژووییەکانی سەردەمی (وثنیە)ت ئاستی نوسینە مێژووییە پیرۆزەکانی نێو تەوراتی دابەزاند. بۆیە گومرابوون ڕۆڵ و بایەخی بیرکردنەوەی ئاوەزی گرتەوە کە لە لای یۆنانیەکان پلەیەکی بەرزی هەبوو، دین پلەیەکی باڵاو ڕوکنێکی بەهێزی وەرگرت، باوەڕبوون بەوەی

لەسەرو سەروشتەوە بووە جێی چاکەکان بەرهەمی هونەرمەندان و فەیلەسوفان وشك بوو، کتێبە یەهودیە پیرۆزەکان جێگای ئەدەبی کۆنی گرتەوە، شیعرەکانی (هومر) و دانراوەکانی (تکوتیدس) و (پولیبیوس) و (لیفیوس) و مێژوونوسانی سەردەمی وثنی وەلانران، کەئەوەش ڕۆی لە نوسنیی مێژوویی گرت و بووە لەمپەرێك لە بەردەمیدا سەرەڕای ئەوە نەتوانرا زاڵ بێن بەسەر ڕۆشنبیری وثنیەتدا کە کاریگەری خۆی هەبوو چونکە زۆرینەی پیاوانی دینی بە زمانی (وثنیە)ت دەیان نوسی چونکە فێری ڕۆشنبیری وثنیەت ببون لەوەوپێش واتە پێش ئەوەی بێنە ناو دینی نوێوە، ئەمەش نەك تەنها پیاوانی وثنی بەڵکو سیاسیانی سەرەوەشی گرتەوە لە کاروباری ڕۆژانە بە شێوەیەکی پراکتیکی بە توخمە وتنیەکان ئەمەش وای لێکرد کە بیرکردنەوەی ئاوەزی بەسەر بیرکردنەوەی سۆزودا زاڵ بێت و ڕێگای ئەفلاتۆنی نوێیان گرتەبەر فەلسەفەش بەسەر هزری دیندا کاریگەری خۆی کرد وەك کاریگەری بۆ سەر بیروباوەڕی (قدیس اغسطین)، مێژوونوسە مەسیحیەکانی پێشوو وای بۆ دەچوون کە بزوتنەوەی مێژوو بەشێکە لە بزوتنەوەی گەردوون کە خوداو مرۆڤ بەشداری تیادا دەکات، ئەمەش لە کتێبی (شاری خودا)ی (قدیس اغسطین)دا بە ئاشکرا دەبینرێ، فەلسەفەی مێژوو لەو نوسینەدا لە سەرچاوەی فارس و هیلینی و عیبریەکاند وەرگیراوە، بزوتنەوەی مێژوو کێشمەکێشمی تێکەوت لە نێوان هێزی خێرو هێزی

شەڕدا، کە ئەمەش بە مانای مێـژووی زەوی کێشمەکێشم دەگرێتـەوە لـەنێوان (شـاری خـودا)دا کـە دەسـتەیەکن لـە ئیمـاندارانی یـەهودی و مەسـیحر و لـە نێـوان (شـاری شـەیتان)دا کـە دەسـتەیەکن لـە وثنیـە هاوچەرخەکان و ئەوانەی پێشوودا ئەمەش واتـە ئـەم ململانێیـە ئـەوە دەردەخـات و بـەوە کۆتـایی دێـت کـە شـاری (خـودا) بەسەرشـانی (شـەیتان)دا سـەرکەوێ، واتـە ڕووخـاندنی شـاری دووەم. مێژوونوسـە مەسیحیەکان ڕێگای (توکوتیدس (پولیبیوس)یان گرتەبەر لـە پشـکنین و تۆمارکردندا، لەبەرئـەوەی هەڵوێستی ڕەخنەگەر بۆ ئەوەی لە تـەوراتدا هاتووە، هەروەها شێوازی (هیکتیوس) بـۆ لابردنی ئەفسانە یۆنانیـەکان چوونە دەرەوە بوو لە بیروباوەڕ، هەر بۆیە کتێبە دینییەکان بە شێوەیەك ڕاڤەکانیان ڕاڤە دەکرد کە لێڵی و شاراوەیی پێوە دیاربووە ئەم شێوەیە بووە ئەلتەرناتیڤێك بۆ شـیکردنەوەی شـێوازی ڕەخنـەی پێشـوو، ئـەم ڕێگایە هەڵبژێردرا بـۆ ڕاڤەکردنی دیکۆمێنتە مێژووییەکان، مێژووش کرا بە دوو بەشەوە،

١-مێژووی دینی پیرۆز

٢-مێژووی دنیایی

لە ڕاڤەکردنی مێژووی دینی پیرۆز ڕێگای ڕەمز درایە بەر کە بە گرانی بڕوای پێدەکراو بتوانین تێی بگەین، بەو شێوەیە دین خۆی سەپاند بەسەر بیرکردنەوەی مێژووییدا، سەدەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کۆن بە

گشی سەدەی دواکەوتوویی بیروباوەڕ بوو، ئەم دواکەوتنەش کاریگەری هەبوو لەسەر هەردوو نوسەرانی وثنی و مەسیحی وەك یەك. بەناوبانگترین ئەو کتێبانەی کە دەرچوون (حولیات)ی (ئیزبیوس بامفیلوس ٢٦٠-٢٤٠) ئەسقەفی قەیسەری بوو، بۆ ئەوەی نوسی کە نوسینەکەی ببێتە پێشەکیەك بۆ مێژووی کڵێسە، کە بە زمانی یۆنانی نوسرابوو کە لەو سەردەمەدا زۆر کەس نەیدەزانی بیخوێنێتەوە، تەنها هەندێ زانای ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا نەبێت کە دەیانزانی بیخوێننەوە، وا پێویست بوو بگۆڕدرایە سەر زمانی لاتینی ئەو ئەرکەی زانای بەناوبانگ (جیرۆمی باوك) سالّی ٢٧٨ پێی هەستا) لەو سەردەمەدا ئەوەش پێویست بوو کە کتێبی مێژوویی جیهانی دەربکرێ کە بەرگری بکات لە مەسیحیەت دژی وەثنیەکان بۆ لابردنی ئەو تاوانانەی خرابو ە سەر مەسیحیەت بە تایبەتی ئەو تێکشکانانەی کە بەسەر دەوڵەتی ڕۆمادا هات کە بەرپرسیارێتیان خستە ئەستۆی مەسیحیەت. ئەوەشی بەو ئەرکە هەستا (بولوس ئوروزیوس ٢٨٠-٤٢٠) بوو کە کەرە تەکانی ناوی لێ نا (حەوت کتێبە مێژوییەکەی دژی وثنیەکان) (ئوروزیوس) یەکێك بوو لە یاریدەدەرانی (قەدیس اغسطین) دەستە،پاچەیی مێژوونوسان بۆ ئەوە گەڕایەوە کە نەیانتوانی شیکردنەوەیەکی قوڵ بکەن دەربارەی ئەو پاڵنەرانەی کە کاری کردە نێو ئەو بزوتنەوە دینیەدا کە خۆیان وەسفیان دەکرد، هۆکاریش ئەوەبوو کە خۆیان بە پەرچوو

دەنگ و باسی خورافەو شەهیدەکان و قەدیسەکانەوە خەریك دەکرد، یەکێك لە بایەخدارترین کتێب کە لەو سەردەمەدا دەرچوو (دان پیانانەکانی قەدیس اغسطین) بوو،

نوسینی مێژوویی لە سەدەی ناوەڕاستدا :

نوێنەرانی نوسەرانی مێژوو لە سەدەی ناوەڕاستدا لە پیاوانی ئایینی بوون لەبەرئەو هۆیە مێژوو لە دیدی دینەوە دادەڕێژرا، زۆربەی نوسەرانی مێژوو لەو سەردەمەدا شارەزاییان هەبوو بۆ ئەدەبی کلاسیکی و لاهوتی کە شێوەی مێژوونوسانی سەردەمی مەسیحی نوێی پێوە بوو، ئەو مێژوونوسانە زۆر بە خێرایی بڕوایان بە شت دەکردو بەدوای وردبینی ڕووداوەکاندا نەدەچوون واتە خۆش باوەڕ بوون هیچ جوداوازیەك لە نێوان بوویەرو خەیاڵدا نەبوو یان ڕاستی مێژوویی و ڕاستی شیعردا، داستانە شیعریەکان ببونە سەرچاوە مێژوویی یەکان، بە هیچ شێوەیەك ڕاستی یەکان ئاشکرا نەدەکراو

پڕوپوچەکانیش نەدەخرایە بەر ڕەخنە چونکە دیکۆمێنتە ساختەکان خزمەتی مەسەلەیەکیان دەکرد کە مەسەلەی سەردەم بوو، لەبەرئەوەی پێداوستی‌یەکان وایان دەویست، بەرەلایی دەستی پێ‌کردبوو، دوای ڕوخاندنی شارستانیەتی ڕۆما تاریکی بالی خۆی کێشابوو بەو سەردەمەدا، بزوتنەوەی هزری کوژاندبۆوە، نەزانی و دواکەوتن تەشەنەی کردبوو، توندڕەوی دینی تەسك وایان کرد کە هەندێك لە کتێبخانەکان داگیربکرێت و کتێبە زانست و بەهاکان بسوتێنرێن، ڕەهبانەکان چینی زاناکان بوون لە ئەوروپا، بەرژەوەندیە ئاینی و تاکەکان وایان کرد کە ببنە کۆسپ لە بەردەم ڕەوڕەوەی مێژوودا، زۆربەی مێژوونوسان بە پیاهەڵدانی پادشاو کڵێسەدا دەیان نوسی یان لە پێناو خانەوادەیەکدا دەیان نوسی یان مەزهەبێك لە مەزهەبەکان.

نوسینی مێژوو لە سەردەمی ئیسلامدا :

لە سەرهەڵدانی ئیسلامدا عەرەبیش بەشێکیان هەبوو لە دەنگ و باس و ڕووداویی مێژوویی کە ڕاستی و ئەفسانەی تێکەڵاو بووبوو، لەبەر نەبوونی تۆمارکردنیان ئەم دەنگ و باسانەش پێی دەوترا (ایام العرب) و جەنگەکانی پێش ئیسلام و هەندێ هەواڵی نەتەوەکانی پێشوو وەك /عاد/ ثمود/ طسم/ جدیس/، هەروەها دەنگ و باسی تەورات و تلمود، نوسین لە سەردەمی جاهلی عەرەبدا زۆر بڵاو نەببووەوە نەزانراویش نەبوو ئەوەی بەربڵاو بوو وەك نوسینی پەیمان و بەڵێن نامەو صك و نامە، بەڵام عەقڵیەتی جاهلی تەنها شیعری بەلاوە گرنگ بوو بۆ چارەسەرکردنی نوسینی مێژوویی شانازییان بە عەرابایەتی خۆیانەوە دەکردو ڕقیان لە نەتەوەکانی تر بوو؛ ئەمەش وای کرد زیاتر خەڵك هانابەرن بۆ شیعر نووسین چونکە سۆزێکی دەمارگیری تیا بەدی دەکرا دژی نەتەوەکانی تر لە هەمان کاتدا لەمپەرێك بوو لە بەردەم بەرەو

پێشەوە چوونی مێژوو لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا موسڵمانەکان بەهۆی فەتح و جەنگ و داگیرکردن توانیان جێ پێی خۆیان جێگیر بکەن و شورایەك بۆ خۆیان دروست بکەن و کەمێك جێگیری بە خۆیانەوە ببینن بەمەش موسڵمانەکان توانیان لەو ساتەدا هەندێ ڕووداوو دەنگ و باس تۆماربکەن، بە تایبەت کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرو ڕاڤەکردنی قورئان، زۆربەی مێژوونوسانی ئیسلام بە شێوەی ڕەسمی نەبوون کە دەوڵەت ڕایان بسپێرێ بۆ گەڕان بە دوای دیکۆمێنتەکانداو هەروەها نوسینەوەی مێژوو، دانراوە مێژوویی یەکانیان بۆ گشت ئیسلام بوو واتە پشتیان بە هاوکاری دەوڵەت نەدەبەست، سەرەتا مێژوو ئاوێتە بوو بە گێڕانەوەی فەرموودەکان و ڕاڤەکردنی قورئان، لەبەرئەوەی کاتێك موسڵمانەکان خەریك بوون بە کۆکردنەوەی قورئان و ڕاڤەکردن و جیاکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر پێویستیان بە لێکۆڵینەوە هەبوو بۆ ئەو بۆنەیەی کە ئایەتەکان دەهاتنە خوارەوە، بۆیە پێش هەموو شتێك هەستان بە کۆکردنەوەی دەنگ و باسی ژیانی پێغەمبەر، بە پەرۆشی ئەوە بوون کە تێبگەن لە بڕیارو هێماکانی چونکە کرایە بناغەیەك بۆ ژیان و دین، بۆ ئەوەش فەرموودەکانیان کردە پاڵپشت و هەموو فەرموودەکانیان کۆکردەوە کە گوێ بیستی دەبوون، جیاوازیان لە فەرموودەکاندا بەدی دەکرد، بۆ ئەوەش خۆیان خەریك کرد بۆ جیاکردنەوەی فەرموونە ڕاستیەکان و فەرموودە هەڵبەستراوەکان، لە

قورئاندا ئاماژە بۆ نەتەوەکانی ترو تیرەکانی ترو پێغەمبەرانی دیکە دەکات، موسڵمانەکان دەیانویست ئەو هێماو ڕەمزانە تێبگەن، دەچوونە لای یەهودو نصاریەکان بۆ لێک دانەوەی هێماکان ئەوانیش لێک دانەوەی تەورات و تلمودیان بۆ دەکردن موسڵمانەکانیش ئەو لێک دانەوانەیان بەکار دەهێنا بۆ ڕاڤەکردن و بۆ مێژوو. کە بە ناوی (ئیسرائیلیات) ناو دەنرێ، یەکێك لە پێشەوایان (کعب الاحبار) بوو کە ساڵی (٣٤ھ) مرد هەروەها (وهب بن منبه) کە ساڵی (١١٠ھ) مرد، ئەو هۆکارانەی کە یاریدەی نوسینی مێژوویی‌دا سیستەمی دارایی حکومەتی ئیسلامی بوو ئەویش بەهۆی ڕووداوە سیاسی‌یە داگیرکردنەکاندا کە ئیسلام پێ‌ێ هەڵدەستا ئەو هۆکارانەش هوشیاری مێژوویی وروژاند لای موسڵمانەکان و وای کرد کە نوسینی مێژوویی زۆر بێت، سەرەتا تۆمارکردنی هەندێ دەنگ و باس کە لە سەر زاری خەڵکەوە دەبیسترا یان لە شێوەی نامەدا بوو، ئەویش لە سەردەمی معاویەدا، تا ئێستا نەزانراوە یەکەم دانراوی کتێب لە مێژووی ئیسلامدا کێ بووە، بەڵام، پێشکەوتوتریان ئەم چوار نوسەرە بوون، (زیاد بن ابی- ٥٣ ھ مردووە) (دغفل) و (عبدالله بن عباس) و (عبدالله بن شریه ٧٠ ھ مردووە) ئەمانە لە شێوەی کۆڕو کۆمەڵدا ڕاڤەی قورئانیان کردووە، زۆربەی نوسینەکانیان شێوەی نوسینی مێژوویی وەرنەگرت بەڵکو بەشێوەی قسەو دەنگ و باس بوو بۆیە گومان دەکرا لە نوسینەکانیان لە

کتێبانەش پێش نوسینەوەی مێژوویی بوو، دوایش کتێبێ کە هەمووی دەربارەی ژیانی کەسایەتی‌یەکان بوون کە ئەویش دوور بوو لە نوسینەوەی مێژوویی‌یەوە، بە تایبەتی نوسینەوەی ژیانی پێغەمبەر و فەرموودەکانی، هەرئەوەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی نوسینی مێژوویی کە ئەو شێوە نوسینەش شێوەیەکی پەیوەندی کردنی دیاری دەکرد لە نێوان گێڕانەوەی فەرموودەکان و نوسینەوەی مێژوویی کە کاریگەریی هەبوو بۆ ڕەوتی مێژوونوسانی ئیسلام کە بەو شێوەیە مێژوو بنوسن، زۆربەی نوسینەکانی مێژوونوسانی عەرەب دەربارەی ژیانی پێغەمبەر بوو ئەویش لە ڕۆی دەماو دەمەوە یان جەنگەکانی ئیسلام دژی نەیارانیان کە لە شێوەی چیرۆکی مێژوویی‌دا دەنوسران نەك لە دووتوێی مێژوویی‌دا، وەك (إبان بن عثمان بن عفان) لە سالی ١٠٥ کۆچی کردووە) یان (محمد بن مسلم الزهري ١٢٤ کۆچی کردووە)، (ابن اسحاق) شێوەیەکی تری وەرگرت بۆ نوسین بەهۆی هاتوچۆی بۆ وڵاتانی دی و کۆکردنەوەی زانیاری ئەوکاتەی چووە لای (خلیفە منصور) و پێی وت (برۆ کتێبێك دابنێ هەر لەوکاتەوە کە خودا ئادەمی دروست کردووە تا ئەمڕۆ) کاتێ (ابن اسحاق) کتێبەکەی تەواوکرد (خلیفە منصور) پێی وت (درێژەت پێداوە برۆ دایبڕێژەرەوەو کورتی بکەرەوە)، خلیفە منصور کتێبەکەی لە گەنجینەکەیدا هەڵ گرت، کتێبەکەی (ابن اسحاق) سەرچاوەکەی ڕووداو و دەنگ و باسەکان بوو، کاتێك لە مەدینە

بوو كۆی ەكردنەوە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ڕایەكان لە یەك نەدەچوون و جیاوازیان هەبوو بەڵام لە لایەنی مێژوویی و ئەدەبی‌یەوە شوێنێكی گەورەی ەبوو بایەخێكی بەرزیشی هەبوو، لە سەدەی (٢)ی كۆچیدا پێشكەوتووترین نوسەری عەرەب (علی بن محمد المدائنی) بوو (١٣٥-٢٢٥ كۆچی) كە كتێبێكی دەربارەی دایكەكانی پێغەمبەر داناو كتێبێكی دەربارەی منافقین و كتێبێكیش دەربارەی سەردەمەكانی پێغەمبەر دانا، هەروەها دەربارەی خوڕەوشتی پێغەمبەر و دەربارەی خەلیفەكانیش دەربارەی شیعری عەرەب و فەتحەكانی عێراق و شام، دوای ئەوانیش دەیان مێژوونوسی تر سەریان هەڵدا وەك (الطبری/ الیعقوبی/ المسعودی/ مسكویە/ ابن خلدون) كە ئەمەی دوایی‌یان باسێكی تایبەتی بۆ تەرخان دەكەین لەبەرئەوەی بەشێوەیەكی زانستیانە مێژووی عەرەب و ڕاڤەی بۆ مێژوو هۆكارەكان نوسیوە.

دووەم تایبەتمەندێتی كە مێژووی ئیسلام پێی ناسرابوو ئەویش (الاسناد) پاڵپشت بوو واتە گەڕانەوەی دەنگ و باسەكان بۆ شایەتێكی بەرچاو، لە سەردەمی مێژوونوسی گەورەدا (الطبری) خەڵكان گوێیان بۆ مێژوو ڕادەگرت لە زاری (الطبری)یەوە ئەو زانستەی كە لە كتێبەكاندا بوو وەلانران بەهۆی زانستی گوێ بیستی، ئەمەش بزوتنەوەی تۆماركردن و نوسینی یەك خست، لەبەرئەوەی كتێب لای گوێ گرو لەبەركەر بایەخی خۆی نەما، دوایش باوەڕهێنان بەوەی كە كتێب و

دیکۆمێنتەکان اعتمادیان لەسەر نەبوو چونکە دەتوانرا تەزویر بکرێت، قورئان وای پێویست کرد کە ببێتە مەعریفە لەسەرویانەوە مەعریفەی مێژوویی، چونکە قورئان ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوانە دەکات کە هاتونەتە خوارەوە لەسەردەمیدا، دوایش گەڕان بەدوای زانینی ئەو بۆنانەی (اسباب النزول) کە ئایەتەکانی تیادا دابەزیوە، نەیانزانی ئەو بارودۆخە چی‌یە کە ئایەتەکان بۆی دەهاتنە خوارێ ئەمەش وای لە ڕاڤەکاران کرد کە پێویستی یان بە مێژوو بێت هەروەها ئەو بارودۆخە بێت کە ئیسلام تیایدا لەدایك بوو تا بتوانن باشتر قورئان بخوێننەوەو جوانتر تێ‌ی بگەن، چونکە لە قورئان ئاماژە بۆ نەتەوەی تر دەکات و هەروەها ئاماژە بۆ پێغەمبەرانی تر دەکات وەك مێژوو، بۆ ئەوەی زیاتر زانستی تر بن دەگەڕانەوە سەر نوسراوی مەسیحیەکان و یەهودیەکان بۆ زیا ر زانین، گەڕانەوەش بۆ ئەو کتێبە کۆنانە لەکاتی خۆیاندا قەدەغە نەبوو، بەلام لە هەمان کاتدا خەڵکیان بۆ ئەوە هان دەدا، هۆی بەرفراوانی مێژوو دەگەڕایەوە بۆ ئەو خەلیفانەی کە حەزیان دەکرد گوێ لە هەواڵی پادشاکانی پێشوو بگرن تا ئەزموونیان لێوە فێربن و فێری ڕامیاری بن، (مسعودی) دەڵی (معاویە هەموو شەوێك گوێ‌ی لە هەواڵی ڕۆژانی عەرەب و عەجەم دەگرت) هەروەها (خەلیفە منصور)یش بە هەمان شێوە دەیویست سوود لە مێژووی کۆن وەربگرێ، (روبرت فلنت) لە کتێبەکەیدا (مێژووی فەلسەفەی مێژوو) دەڵێ (نوسینی مێژوویی لای

عەرەب خاڵی نەبووە لە دەنگ و باسی باش بەڵام نەیتوانی بگاتە قۆناغی جیهانی یان فەلسەفی: ئەوانەشی گەشتنە چارەسەریّ بۆ نوسینی مێژوو نەگەیشتنە ئەو قۆناغی وەسف و گێرانەوەی حولی)، ابن الاثیر (١١٦٠-١٢٢٢) ویستی بگاتە هۆکاری سروشتی بۆ نوسینی مێژوو لەوەش زیاتر تێنەپەڕی (ابن خلدون) بووە خاوەنی تیۆرێك لە مێژووداو توانی توێژاڵێك وەرگریّ لە فەلسەفەی مێژوویدا، تەنها ئەو توانی چۆن خزمەت بکات لە ڕێگای لێکۆڵینەوە، (بارتن) دەڵێ (ابن خلدون توانی بگاتە قۆناغەکانی سەردەمی مێژوونوسانی مەسیحی لە سەدەی ناوەنجیدا لە تێگەیشتنی بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و ڕۆشنبیری.

(ابن خلدون) و فەلسەفەی مێژوو:

(ابـن خلـدون ٢٧/٥/١٣٣٢- ١٤٠٦/٣/١٧) مێژوونـوس و توێـژەرەوەی عەرەب و فەیلەسوف و زانای سەردەمی خۆی بـووە، (ابـن خلـدون) بـە شێوەیەکی دی سەیری ڕووداوەکانی دەکرد، لـە باری ناوەوەو لـە باری دەرەوەی دەکۆڵیەوە، بە مانایەکی تر ڕووداوەکانی لە دەرەوەو لە ناوەوە ڕاڤە دەکرد لەیەك کاتدا بۆ ئەوەی هۆکارەکانی بۆ دەربکەوێ و ئاکامێکی باش بەدەست بهێنێ لـە یاسا گەردوونی و ڕاڤەی دیـاردە کـە ڕێڕەوی مێژوونوسـانی خۆی نەگرت و ئەو سنوورەی پچڕاند، مێـژوو لای (ابـن خلـدون) سـەیرکردن و پشـکنین و هـۆو زانینـە بـۆ چۆنیـەکانی بوویـەرو هۆکارەکان، سەرەڕای ئەوەش هونەرێکە کە ئەوە بۆ ئەوەی دەگوێزێتەوە، لەو بارەیەوە (ابن خلدون) دەڵێ (مێـژوو هونەرێکە لـە هونـەرەکان کـە نەتـەوەکان و نـەوەکان بەشـداری تێـدا دەکـەن) بـەڵام ئـەو پرۆگرامـە زانستی‌یە کە کردیە پاڵپشتی خۆی لە دۆزینەوەی ڕاستیەکان مێژووە کە

پەیڕەوێ ی تێخوێنـدی (الاسـتقرائی) گرتـە بـەر کـە جـەخت لەسـەر پێویسـتی پـەیوەندی دەکاتـەوە لـە نێـوان ڕووداو لـە نێـوان هـێزو شـیکردنەوەو هۆکـارو ئاکامدایـە، بەمـەش تەنـها دەنـگ و باسـی نەدەگوێزایەوە بەڵکو شیکەرەوەو ڕەخنەگرێکی وردبین بوون ئاماژە بۆ مێژوونوسانی پێش خۆی دەکات وەك (المسـعودي) و (ابـن جیـان) لـە بارەیانـەوە دەڵـێ کـە مێژووەکـەیان باوەڕپـێکراو بـوو لـە هـەمان کـاتدا زانسـتی و وردبـین بـووە، بـەڵام ئـەو مێژوونوسـانەی دوای ئـەوان بـە گوێـزەرەوەو لاسـاییکەریان دادەنـێ، دوای ئـەوەی (ابـن خلـدون) لێکۆڵینـەوەی لەسـەرکردن بۆی دەرکەوت کە بازنەیـەکی ون لە مێـژووی عەرەبدا هەیە ئەویش هات ئەو ڕووپۆشەی لەسەر مێژوو و چیرۆکەکان لابرد بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی ئاشکرا نەبوو، لەو بارەیەوەشەوە دەست پاك بوو لـەو ڕووداوو مێژووانەی کە دەینوسـیـیەوە، ئاماژەی بـۆ ئـەو هۆیانە کرد کە مێـژوو دووردەخاتـەوە لـە ڕاستییەکان وەك)تشـیع) و ئـارای مەزهـەبی و نـەزانی و هـەروەها چەواشـەکردنی ڕاسـتیەکان و پێداهەڵدانی درۆیانە بۆ ناڕاستییەکان، (ابن خلدون) هەڵوێستی خۆی وەرگرت لە بەرامبەر مێژوو ئەویش لە ڕێی (الاستقراء) بوو کە هـەوڵیدا هۆکان بە هۆکارەکانەوە پـەیوەند بکات و شـیکردنەوەی ڕووداوەکـان لـە شێوەی دەرەکی و نـاوەکیدا ببینێتـەوەو هـەروەها سـەیرکردنی ڕێڕەوی ڕووداوەکان و پوختەکردنی یاساکان و سونەتەکان، جەختی لەسەر ئەو

پەیوەست بوونانە دەکردەوە بۆ نوسینەوەی مێژوو بۆ ئەوەی مێژوونوس ڕاستگۆ بێت و مێژووەکەی نزیك بێت لە ڕاستی‌یەوە، لەبەر ئەوەشە کە (مقدمە)ەکەی شێوەیەکی زانستی پوختی وەرگرتووە لە پێناو گەڕان بە دوای هۆکارە ناوەزیەکان کە کاریگەریان هەیە بۆ ڕەوڕەوەی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان و هەروەها دیاریکردنی چۆنایەتی ڕاستی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان کە خۆی لە دروستبوون و پێشکەوتن و نەمانی دەوڵەتدا دەبینیەوە، پەیڕەوی مێژووە نوێکەی سنووردار کرد کەوای لێکرد یاسایەکی تایبەت بۆ ڕاڤەی مێژوو دابنێ، ئەمەش بۆ زۆربەی ئەو مێژوونوسانەی کە لە سەردەمی ئەودا مێژوویان دەنوسیەوە بۆ ئەوەی مێژوونوسان سیفەتی مێژوونوس وەرگرن و بەزیرەکی و ڕۆشنبیری فراوانەوە مێژووبنوسنەوە، بەلام ڕێزمانی نوسینی مێژوو کە خۆی لە تێڕامان و (الاتسقراء) و لێکۆڵینەوەی ڕاستی و بینین و دەرك پێکردن و ئەزموونگەری هەروەها جیاوازی سەیرکردن بۆ ڕووداوەکان لە چوارچێوەی زەمەنیدا، سەیرکردن بۆ هۆکارەکان تەنها بە مێژوو نابێ بەڵکو بەهۆکاری کۆمەڵایەتیش، مێژوو بە زانستێ دانا لە زانستی فەلسەفە لەبەرئەوەی کە ڕووداوەکان شی‌دەکاتەوەو بە یەکیانەوە دەبەستێ لەگەڵ جیاوازی دەنگ و باسە ڕاستگۆکان و دەنگ و باسە درۆکان، هەروەها هەڵسەنگاندن لە نێوان هۆکارەکاندا، مێژووی بەشیوەیەك لە شێوەکانی کۆمەڵایەتی مرۆیی دادەنا لەبەرئەوەی مێژوو

وەسفی دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەکات کە سیاسەت و جەنگ و هونەرو زانست و پیشەسازی بازرگانی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ئابووری و دین دەگرێتە خۆ، ئەو هەموو دیاردانە کاریگەری دەکەنە سەر ڕەوتی مێژوو یان بەشێوەی ئیجابی کە زیادکردنی زانیاری‌یە بۆ ڕاستیەکان و پیاهەڵدانیان یان بەشێوەی سلبی بۆ لابردنی هەندی زانیاری و کورت کردنەوەیان و نەچوون بەلای هەندێ ڕاستی‌داو دیاری کردنی هەندێك لە هەندێکی تریان، لەو بارەیەوە (ابن خلدون) دەڵێن (ئەگەر ڕوایەی مێژوویی تەنها پشت بە گوێزانەوە ببەستێ و بڕیارنەدا بە نەریتی باوداو ڕێزمانی سیاسەتداو سروشتی عمرانداو هەواڵی نێو کۆمەڵی مرۆیی‌دا هەروەها پێوانە بۆ غائب و بەرچاو ئەکات و ئێستاو ڕۆیشتوو ئەکات لەوانەیە بڕوایی تێدا نەبێت لە دەست کەوتن و پێشکەوتن و ڕاستگۆیی‌دا)، هەر بۆیە (ابن خلدون) جەخت دەکاتەوە کە دەبێ مێژوونوس لە هەموو زانیاریەك شارەزایی هەبێت، بەڵام تەنها ڕوایەی دەنگ و باسەکان بزانێ ئەوا تەنها چیرۆك نوس دەردەچێ، مێژوو لای (ابن خلدون) دوو ڕووی هەیە: ڕوویەکی دەرەکی و ڕوویەکی ناوەکی کە جیاوازن لە یەکتری، دەرەکی مێژوو وەك خۆی دەڵێن (تەنها خۆی لە ڕووداوی ڕۆژانەی دەوڵەت و پێشینەی سەردەمەکانی پێشوو دەبینێتەوە ئەو دەنگ و باسانەی کە قسەو ڕووداو چیرۆك و کەسایەتیەکان دەگرنەخۆ)، بەڵام ڕووی دووەمی ناوەوە (ناوەکی) بۆ

مێـژوو (کـە خـۆی لـە لێکۆڵینـەوەو شـیکردنەوەی بوونـەوەرەکان و ڕووداوەکان و زانینی هۆکارەکان و هەروەها هۆی بوونیان و گۆڕینیان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر) لەبەر ئەوەشە کـە مێـژوو بابەتێکـە لـە ڕەگەزو حیکمەتدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ئەزموونـدا، هەروەها هەوڵ دان بۆ زانینی بوونی شتەکان و سروشتی ڕووداوەکان کە کاریگەری هـەبوو بۆ سەر مرۆڤ و کۆمەڵەکەی. پەیڕەوەکەی لە مێژوودا پشت بە ڕەخنـەو لێکۆڵینـەوەو تێبینـی دەبەسـتێ واتـە ڕەخنـە لـە دەنـگ و باسـەکان بـە شێوەیەکی زانستی هـەروەها ڕەخنە لەو ڕێبازانـەی کـە مێـژوو نوسـان بۆیـان ماوەتـەوە لـە لێکۆڵینـەوەی ڕوایەتـەکاندا، ئەمـەش هـەمووی بـۆ ئەوەی مێژوونوسـان نەکەونـە نـاو هەڵـەوە وەك ئەوانـەی پێشـوو تـێ ی کەوتون، چونکـە زۆربـەی ڕاڤـەکاران و مێژوونوسـان کەوتنـە ئـەو هەڵـە مێژووییانـەوە ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی تەنـها پشـتیان بـە گوێزانـەوە دەبەسـت، ئەو هۆکارانە دەست نیشان دەکات کە مێژوونوسان کەوتنە هەڵەو درۆ لە دەنـگو باسـەکاندا کـە لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا دیـاری دەکات.

١-مەیل کردن بۆ ڕۆژگارو چوونە ژێر باری ئاراو مەزهەبەکان.

٢-خۆبردنـە پێشـەوە لای سـوڵتانەکان بـە مەبەسـتی گەیشـتن بــە مەرامەکان.

٣-وەرگرتنی هەواڵەکان و گێڕانەوەی بەوپەڕی متمانەوە.

٤-نەزانینی سروشتی ئەحواڵ لە عیمراندا.

ئەو مەرجانەی کە دەبێ لە مێژوونوسدا هەبن بۆ ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە وەسفدا کە مێژوونوسانی پێشوو پێوەی ناسرابوون ئەویش گواستنەوەی دەنگ و باسە بێ بیرکردنەوە:

١-زانینی سروشتی عمران و کاریگەری کردنە سەر مرۆڤ کاریگەری کردنە سەر ئاکارو ژیانیان، ئەو زانینەیش پێوستی بە دەرک کردن هەیە بە ڕێزمانی سیاسەت و سروشتی بوونەوەرەکان و ئەوامیس و عمران هەیە ئەمەش بە جیاوازی نەتەوەکان لە ئاکارو داب و نەریت و بەهاو مەزهەبەکان ئەویش بەهۆی جیاوازی شوێن و زەماندا.

٢-لێکۆڵینەوە لە دەنگ و باسەکان و ڕاستی ڕووداوەکان و هاوشێوەکردنی بۆ رادەربڕین لە ڕاستگۆیی‌یان، مێژوونوس ناتوانێ دەربچێ لەو کارەدا بێ‌ئەوەی ڕۆشنبیری‌یەکی فراوانی نەبێت دەربارەی مرۆڤ و تواناکاری بۆ پێشکەوتن، هەروەک خۆی دەڵێ کە مێژوو دەنگ و باسی کۆمەڵایەتی مرۆیی‌یە کە ئەویش عمران لە جیهانداو ئەوەشی تووشی ئەو سروشتیە عمرانە دەبێ لە ئەحواڵی بەربەریەت و دەمارگیری و پۆڵێن کردنی زاڵ بوونەکانی بەشەر بەسەر بەشەری تردا هەروەها ئەو ڕووداوانەی کاریگەری دەکەنە سەر عمران.

هێزی فەلسەفە لای (خلدون) لەسەر ئەزموون و پشکنینی بەشێکی ڕاستیەکان و خوێندنەوەی ڕووداوە کەسێتی‌یەکان هەروەها ڕاستەوخۆی

گەردوون لە ڕێگای دەرك و ئاوەزەوە كە وەك بناغەیەك وایە بۆی، وای دەبینی كە تیۆرو باوەڕە فەلسەفیە ئەبستكراتەكان كە دەزگایەكن لە لۆژیكی وێناندن سوودی نیە چونكە زانستێكی ڕاستەقینەیە لەبەر ئەوەی دوورە لە بوویەری بەرچاوی هەست پێكراو لەبەرئەوەی ئەو پێوانانە ناتوانن وای دابنێین كە دەگەنە ڕاستییەكان لەبەرئەوەی لە سروشتێكی ترە نەك ئەو سروشتە هەست پێكراوەی كە دەزانرێ بە بەرچاوو ئەزموونی، فەلسەفە لای (ابن خلدون) حیكمەت و لۆژیك دەگەیەنێ هەروەها جیاوازییە لە نێوان حەق و ناحەقدا، فەلسەفەكەی تەنها لێكۆڵینەوە لەسەر ئاوەزو ئەودیو ئاوەز ناكات بەڵكو بایەخ بە لێكۆڵینەوەی بوونەوەرە لاشەییەكانیش دەكات كە فەیلەسوفان ناویان لێنا بە (زانستی سروشتی) هەروەها لە فەلسەفەكەیدا لە دەرگای ئەوەش دەدات بۆ زانستی خودایی كە ناوی نا بوونەوەرەكان كە لەودیوو هەست و ڕوحیانەتەوەیە یان زانستی دوای سروشت، ئەو بوونە ڕۆحیانەتانە هەر وەك خۆی پێی وایە نەناسراوەو ناشتوانین پێی بگەین و بەڵگەی بۆ بهێنینەوە لەبەر ئەوەی دامالینی ماقوڵەكان لە بوونەوەرە دەرەكیەكان ئەوەش ئەوەیە كە لەوانەیە هەستی پێبكەین یان دەركی پێبكەین، ئەوە وەلا دەنێ كە فەیلەسوفانی پێشوو دەربارەی خۆشی و ئارەزووەكان دەڵێن كە دەروون دەپێكی كە فەیلەسوفان وای بۆ دەچن كە خۆشی دەرك كردنە لە بوونەوەرەكاندا لە هەموو هەست پێ كراوو هەست پێ

نەکراودا، ئەوەش فەیلەسوفان بناغەی سەپێتراودکەیان بوو بۆ دۆزینەوەی تەنی ژێرەوە دوایی هەست دوای ئەوەش دەروون و دوایش ئاوەن، ئەو وای نابینێ کە خۆشی بە دەرك کردن بە بوونەوەرەکان دێتە جی وەك وای بۆ دەچن. بەڵکو لە کاتی دەرك پێکردنی بوونەوەرە تەنی و ڕۆحیەکانە لەبەرئەوەی مرۆڤ پێك هاتە لە دوو بەش یەکێکیان تەنی و ئەوی تریان ڕوحانی کە پێوەی لکاوە، هەر بۆیە لەو دوو بەشە چوارچێوەی تایبەتیان هەیە دەرك کردن تیایاندا یەکێکە کە بەشێکە ڕۆحانی‌یە جاری وایە بە مەدرەکێکی ڕۆحانی دەرکی پێ‌دەکرێ و جاری وایە بە مەدرەکێکی تەنی دەرکی پێ دەکرێ، بەڵام مەدرەکە ڕوحانیەکان خۆیان دەرك بە خۆیان دەکەن بێ بوونی نێوەند (واسطه) مەدرەکە تەنی‌یەکان بە بۆنەی ئامێرە تەنیەکانەوە لە مێشکەوە بۆ هەست، بەڵام دەرکی مرۆڤ بۆ بوونەوەرە تەنی و ڕۆحیەکان بەشێك لە گەشە پێ‌دەدات کاتێ مرۆڤ ڕووناکی دەبینێ و دەنگی گوێ لێ دەبێ گەشەی پێ‌دەکات، بۆ زانینی دەرکی ڕۆحی بۆ شتەکان گەشەی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێ لە ئارەزوو خۆشی وەك لە دەرکی تەنی، (ابن خلدون) لە لایەنی فەلسەفەی مێژوو بە یەکەم کەس دادەنرێ کە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی زانستی و شی‌کردنەوەی زانستی بکات لە کتێبە بەنرخەکەیدا (المقدمه) سەرەڕای ئەوەی کە فەرهەنگی فەلسەفەی مێژووی (Phliosophy of History) دیارنەکردووە، بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتی فەلسەفی مێژوویی هاوکێشەیی

دەکـات لـە نێـوان دیـاردە کۆمەڵایەتی‌یـە مرۆیی‌یـەکان و دیـاردە کۆمەڵایەتی‌یـە ئاژەڵی‌یـەکاندا هـەروەها هاوکێشـە لـە نێـوان تاکەکەسـە دڕندەوکـان و پێشکەیشـتووەکان دەکـات بـە ئـاژەڵی دڕنـدەو مـاڵی دا، هەروەك پرۆفیسۆر (شمیت) پێمان دەڵێ (هەموو بونەوەرو دروست بووە زیندوەکان لە مرۆڤیشەوە کە ملکەچی یاساکانی گەشەکردن و پوکانـەوە دەبن) ئەو یاسانە کە دەسەپێنرێ و پشتی پی دەبەسترێ لە ڕاڤەکردنی سەرهەڵدان و ڕوخاندنی خێزان و ئیماراتەکان و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و تەنانەت هونەرو ئەدەب و زانستیش.

فەلسـەفەکەی گرنگی‌یـەکی تایبـەتی هـەبوو بـۆ پراکتـیزەکردن لـەنێو کۆمـەڵی مرۆڤایـەتیدا بـە شـتێکی بناغـەیی دادەنـرا بـۆ تێگەیشـتن لـە قۆناغەکانی مێژوو کە کۆمەڵی مرۆیـی پـێ‌یدا تێدەپەڕێ. سوودی لەو شێوە لێکۆڵینەوەیـە کـردو یاسایەکی بناغـەیی داڕشـت کـە بزوێنـەری کۆمەڵگا بەڕێوە ببات، ئەو یاسایەش یاسای سێ قۆناغە بـۆ کۆمـەڵگا هـەموو کۆمەڵگایـەك دەبێ بە ڕێگای سروشتی خۆیدا تێپەڕێ قۆناغی سەرهەڵدان/ قۆناغی دروست بوون/ قۆناغی گەشـەکردن و تـەواوبوون/ قۆناعی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی/ هەروەك خۆی دەڵێت لە ڕەوڕەوەیـەکی هەمیشەیی دایە کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئامێری دەبات بەڕێوەو کۆتـایی نایـەت، کۆمەڵایەتی‌یـە مرۆیی‌یـەکان ڕاناوەسـتێ و مردنـی کۆمەڵایەتیش یان نەمانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕاناوەستێ بەڵکو ئەوە

خاڵێکی سەرەتایی و کۆتایییە، ئەویش وەك ئەوەیە کە کۆمەڵگایەك کۆتایی پێدێت، ئەم قۆناغەش جیاوازیان هەیە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، هەندێکیان وەختێکی زۆر نامێننەوەو هەر بە ساوایی دەمردن و هەندێکیان لە کاتی پیریاندا بەربەرەکانی دەکەن و هەندێکیان بە لاوی دەمردن، (ابن خلدون) لە کتێبی (مقدمە)دا پەیوەندی نێوان تەمەنی تاکەکەس و تەمەنی دەوڵەت دیاریدەکات و سنووری قۆناغی دروست بوونیان و گەشەکردنیان کە تاکەکەس و دەوڵەت پێیدا تێدەپەڕن دیاری دەکات، وەك دەڵێن (ئەزانم کە تەمەنی سروشتی خەڵکان وەك پزیشکان ڕوونیان کردۆتەوە (١٢٠) ساڵە تەمەنی هەموو نەتەوەیەك بەپێی سەدەکانی جیاوازە یان زۆر یان کەم دەبێت بەو شێوەیەی تەمەنی خەڵکانی سەدەییەکان (١٠٠) ساڵە هەندێکیان (٥٠) ساڵە هەندێکیان (٨٠) ساڵە یان (٧٠) ساڵە ئەوەش لە سەرو تەمەنی سروشتی زیاتر نابێ کە (١٢٠) ساڵە تەنها لە کاتی دەگمەندا نەبێت)، بەڵام تەمەنی دەڵەوتان، تەمەنی دەوڵەت ناتوانێ دەربچێ لە تەمەنی سێ نەوە، ئەویش تەمەنی کەسێکە لە تەمەنی نێوەند کە (٤٠) ساڵ دەبێت زۆرکات دەوڵەت ناتوانێ دەربچێ لە تەمەنی سێ نەوە لەبەرئەوەی نەوەی یەکەم لەسەر (بەداوەت) و گرژیەکەیی و دڕندەیییەکەی نەماونەتەوە، کە وێنەیەکی دەمارگیری پارێزراویان تێدایەو خەڵکانیش بۆیان ژێردەستەن، بەڵام ئەوەی دووەم ئەوەی

پادشـاو خۆشـگوزەرانی و شارسـتانیەتە، ئـەویش ئەوەیـە کـە لـە (بەداوەت)ەوە بۆ شارستانیەت لە گرژیەوە بۆ کراوەیی ئەمەش وای لێ دێ شێوەی دەمارگیری دەشکێنرێ و سیفەتی ملکەچ بوونیان تێدایە،

بـەڵام نـەوەی سـێهەم: سـەردەمی (بـەداوەت) یـان لـەبیر دەچێتـەوە وەك ئەوەی کە بوبێت، خۆشـی دەمارگیری ون دەکەن تـا ئەرکاتـەی دەگەنـە ئارمانجی خۆیان لە خۆشگوزەرانی و دوایی دەبنە بار بەسەر دەوڵەتەوە، دەمارگـیری دەڕووخـێ و هـەروەها بـەرگری کـردن و داواکـردن لـە بـیر دەچێتـەوە خۆیـان بەڕۆشـنبیرو سـوارچاك و پیاوچـاك دەخەنـە بـەرچاو بەڵام لە ڕاستیدا لە ژن بێ دەسەڵات تر دەبن، گەر داواکران بۆ بەرگری کـردن ناتوانن بـەرگری بکەن ئـەو کاتـە دەوڵـەت پشـت بـە کەسـانی تـر دەبەستێ دوایش وای لێ دێ دەوڵەت ڕۆچێ و نـەمێنێ. ئەم سێ نەوەیە یـەك لـە دوای یەکـە تەمـەنیان (١٢٠) سـاڵە. هـەروەها دەڵـی بـۆ ئـەوەی خانەوادەیەك دەست بگرن بەسـەر دەسـەڵاتداو دەسـەڵات بگرێتە دەست تەنها پشت بە هێزی سەرۆکەکانی نابەستێ بەڵکو پشت بـە کۆمـەکی کۆمەڵی یان پارتێك دەبەستێ کە دڵسۆزی بێت. زۆربەی دەوڵەتان بەو شێوە دەمارگیریە تێپەڕیوون بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، کە بە یەکەم قۆنـاغ دادەنرێ کە هـەموو دەوڵەتێك پێیدا تێدەپەڕێ، کە دەوڵـەتیش دەگات گەشەی باڵایی دەبێ تووشی لاوازی و پوکانەوە بێت لە ڕای (ابن خلدون) هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە.

١-هۆكاری ڕامیاری و سەربازی ئەمەش بۆ فراوان كردنی دەوڵەت و سەركردەش لێرەدا قورسایی‌یەك دەبینێ بۆ حوكم كردن وای لێدەكات كە سنووری بەرگری كردنی دەوڵەتەكەی زیاتر بكات ئەمەش پراكتیزە دەبێت لەو فەتحانەی كە عەرەب كردیان.
٢-هۆكاری تر دەگەڕێتەوە بۆ پلەی شارستانی لای تیرە داگیركەرەكان و تیرە داگیركراوەكان.
٣-ئەو جیاوازیانەی كە هەمیشە ڕوودەدات لە نێوان پادشاو ئەندامانی تیرەدان كە لەوێ، لە سەرەتادا پادشا دەرك بەوە دەكات كە قەرزاربارى پیاوانی تیرەكەیەتی بۆ دەسەڵاتەكەی. بۆیەش دەسەڵاتیان بەسەردا دابەش دەكات. بەڵام ئەوان تەماع دەیان گرێ و هەندێكیان نیەتی ئەوە دەكەن كە تەنانەت دەسەڵات بگرنە دەست و لە دەست پادشاكەیان بسەننەوە، بۆیەش پادشا ورد ورد دەسەڵاتەكەیان لێ دەسێنێتەوەو دەیخاتە نێودەستی بیانی‌یەوە ئەوانەی ملكەچ دەبن بۆ فەرمانەكانی پادشا لێرەشدا جیاوازی دروست دەبێت لە نێوان پادشاو ئەندامانی تیرەداو هەروەها لە نێوان ئەندامانی تیرەو بیانی‌یەكاندان ئەم جیاوازیانە دەبنە هۆی ڕووخاندنی دەوڵەت و نەمانی دەوڵەت.
٤-هۆكاری دەروونی و شارستانی كە پشت بەستنە بە خانەوادەی پادشاو خزم و كەس و كاریان بۆ گرتنی پلەی دەوڵەت بۆ ژیانی خۆش گوزەرانی كە ڕای لێدێ مەیلی سەربازی توندیان نامێنێ ئەمەش وای لێ

دێ کە ئەوانەی دڵسۆزی خانەوادەی پادشـان وایـان لێدێ کـە نـەتوانن یـاریدەی دەڵـەت بـدەن لـەکاتی مەترسـیدا هـەر بۆیـە دەوڵـەت دەڕوخـێ و دەوڵەتێکی تر جێگای دەگرێتەوە.

٥-هۆکاری کۆمەڵایەتی کەپەیوەندە بە گەشەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنێك کە دەگاتـە پلـەی ترۆپك کە سروشـتی خۆی ئاکامەکەیـەتی. دوای ئـەوە وردە وردە ڕوخـــاندنی کۆمـــەڵ دەســـت پێدەکـــات و نـــاتوانرێ ئـــەو ڕووخاندنە ڕاوەستێنرێ، (ابن خلدون) هەوڵ ئەدات کە بەڵگە بهێنێتـەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە خانـەوادەی دەسـەڵات کە دەڕوخـێ ناتوانـێ خۆی ڕزگار بکات لەو ڕووخاندنە، ئەم ڕووخاندنەش لە تێگەیشـتی (ابن خلدون) هێمایەکە بۆ چارەسەرکردنی کۆمـەڵی دەسـەڵاتدار لـە جێگـای کۆمەڵێکی دی.

(توربنیرك) بایەخی (ابن خلدون)ی دەزانی کە دژی شێوەی (حولی) بووە لە نوسینەوەی مێژوودا، سەرەڕای ئەوە (ابن خلدون) بایەخێکی زۆری دا بە مێژووی سیاسی کە بە بەشێك لـە مێـژووی دەبینـیـەوەو بـە بەشـێکی دابڕی نـەدەبنیی لەبەرئـەوەی وا سـەیری مێـژووی دەکـرد کـە زانسـتێکە بایـەخ بـە لێکۆڵینـەوەی پێشـکەوتنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی مـرۆڤ دەکـات ئـەویش بـە هـۆی ڕووداوەکانـەوە کە دەبنـە هـۆی گەشـەکردنی مـرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمـەڵ هەندێ لەو ڕووداوانـە بەشـێکی سیاسـین، بەمـەش ڕێگای نوسینی (حولی) لـە مێـژوودا وەلاناو دژی ڕاوەسـتا نـەك وەك ئـەو

مێژوونوسە عەرەبانەی کە بە ڕێگای (حولی) دەیان نوسی، پشتی زۆری بە تەورات و قورئان دەبەست لە دەرهێنانی زانیاری مێژوویدا، دەمارگیری ئاینی پێوە دیار نەبوو وەك ئەوانەی لە سەردەمی خۆیدا ژیاون، بلیمەتیەکەی تەنها لە نوسینی مێژوویی‌دا نیە بەڵکو پێشەکیەکەیەتی بۆ مێژوو کەبلیمەتیەکەی تیایدا دەردەکەوێ، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و شیکردنەوەیەکی بێ سنوورە لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر بۆیە (هامر بیرکستال) نازناوی (مونتیسکیو)ی ڕۆژهەلاتی پێدەدات، مێژوو لای (ابن خلدن) زانستێکە کە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەلایەتیەکان دەکات لە ژیانی مرۆڤدا، بەلام دۆزینەوەی بۆ مێژوو دەیگەڕێنێتەوە بۆ خودا، واتە خودا یارمەتی داوە بۆ دزینەوەی مێژوو لە ڕێگای ناوەزوو چاوی تێڕوانینەوە نەك لە ڕێگای سروشەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیاندۆزێتەوە هەروەك خۆی پێی وایە لە ڕێگای ئاگاداری و تێڕامان و ئیلهامەوەیە، لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە یەکەم هزرمەندە کە بڕوای وابوو کە زانست لە ڕێی بینین و ئیلهامەوەیە، هەر ئەوەشە وای لێکرد کە ببێتە پێشەوایانی مێژوونوسانی عەرەب سەرەڕای ئەوەی کە وشەی زانستی (Science) بەکارنەهێناوە بۆ لێکۆڵینەوەی چەمکی مێژوو بەڵکو لە جێگای ئەوە وشەی (معرفە– Knowledge)ی بەکارهێناوە کە مەبەستی زانست بووە ئەم ڕاستیەش (طە حسین) بۆی ئاشکرا کردین کە بایەخی بە

لێکۆڵینەوە دەدا لەسەر (ابن خلدون) و (ابن خلدون) ڕێبازی زانستی سروشتی بەکارهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو لەوەش تێدەپەڕی و مێژووی پەیوەند دەکرد بە زانستی لۆژیک و فەلسەفەو دوای سروشت و ماتماتیك دەتوانین بڵێین کە ئازایەتی یەکی گەورەی دەنواند لە ڕاڤەکردنی ڕاستی یەکان کە لەسەر بناغەی عەقڵانیەت بووە، (ابن خلدون) بەهۆکاری ناوەوەو دەرەوە ڕاناوەستێ بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو بەڵکو دەچێتە دەرەوە بۆ بواری دەروونی ئەمەش (هیومان فرانك) و (طه حسین) ئامارەی پێدەکەن هەروەها دینیش دەخاتە نێو بازنەی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤەوە، هەروەها بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی دەروونی بەشەرو دەروونی کۆمەڵ لە لێکۆڵینەوەی ژیانی کۆمەڵدا. لەبەرئەوەی پەیوەندی یەکی بەهێز هەیە لە نێوان بواری دەروونی و بواری کۆمەلایەتیدا. هەروەها مێژووی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا کۆدەکردەوە لەبەرئەوەی (ابن خلدون) وای بۆ دەچوو کە مێژوو زانستێکی کۆمەلایەتیە زانستی کۆمەلایەتیش مێژووە. لەبەرئەوەی بەیەکدا دەچن و ئاوێتەی یەکدی دەبن چونکە گەر بواری مێژوو تەسك بکرێتەوە زیانی‌دەبێت بۆ مێژوو خۆی کە وای لێدەکات هاوکێشەو زانستی‌یەکەی تێك بدات، هەروەها جەختی لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دەکردەوە کە زانست و ئاداب و دین دیاردەی کۆمەلایەتین و جیاوازیان نیە لە دیاردە کۆمەلایەتیەکانی تر کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکردن.

فەلسەفەی مێژوو لای هیگل:

فەلسەفەی هیگل وەك فەلسەفەی شیلنگ (١٧٧٥-١٨٥٤) وایە فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی‌یە، هیگل وای دەبینێ کە (هزر Esprit) بنچینەی سەرەکیە بۆ دروست بوونی هەموو بوونێك، بەڵکو ڕۆحیەتی، مادەش خۆی شێوازێکە لە شێوازەکانی بوون و هزر، هیگل وای دەبینێ کە مێژوو تەنها هەر ئەوەیە کە ئەو بیرە گەردوونیە دەکاتەوە لە زەماندا، فەلسەفەی مێژوو خۆی ئەو مێژووەیە کە لە دیدی ژیری‌یەوە سەیر دەکرێ کە بوویەرەکان وەك خۆی دەبینێ، تەنها ئەو هزرەی بۆی زیاد دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە (ئاوەز جیهان بەڕێوە دەبات)، بەڵام هیگل ئەو هزرە بە شێوەیەکی تایبەت تێی گەیشتووە کە دەربارەی لێکۆڵینەوەی لەسەر فەلسەفەی مێژووەوە کە (ئەنکساگۆر Anzxagore) یەکەم کەس بوو بەشێوەیەکی فەلسەفیانە بڕیاری‌دا کە (ئاوەز جیهان بەڕێوە دەبات) مەرامی ئەوە نەبوە کە ئاوەز ژیری خۆی هوشیار بکاتەوە یا وەك هزر بە

شێوەی هزرێك بەڵكو یاسا گشتی‌یەكان، بزاوتنی سیستەمی هەسارە هەڵواسراوەكان بە پێی یاسای جێگیری بەڕێوە دەچن ئەو یاسایانەش خۆی هۆدۆزیانن، بەلام نەخێرو نە هەڵواسراوەكان كە بەپێی ئەو یاسایانە دەبزوێن رەت ناكرێتەوە، كەواتە ئەو ئاوەزەی كە مێژوو دەبات بەڕێوە لە دیدی هیگڵدا ئاوەزێكی ناهوشیارە تەنها چەند یاسایەكن كە رەوتی مێژوو سنووردار دەكەن و دیاریان دەكەن، رای خەڵكان كە فەیلەسوفانی فەرەنسی سەدەی هەژدەهەم پاڵنەرێكی سەرەكی بوون بۆ رەوتی مێژوو، بەلام هیگڵ وای دادەنا كە شتێكە شێوازی ژیان دیاری دەكات، یا بە شێوازێكی تر رەوشتی كۆمەلایەتی دیاری‌دەكات، بۆ نموونە لە فەلسەفەی مێژوویی‌یەكەیدا دەڵی هۆی ڕوخاندنی شاری (سبارتە) ئەو جیاوازی بووە لە نێوان ساماندا، هەروەها دەڵی كە دەوڵەت بەو شێوەیەی كە رێكخستنێكی سیاسی‌یە كە ڕەگەزەكەی تر جیاوازی سامان دەگەڕێتەوەو هەروەها خەباتی هەژارەكان دژی دەوڵەمەندەكان، بەڕای هیگل ڕەگەزی خێزان پەیوەستە بە پێشكەوتنی ئابووری گەلە سەرەتایی‌یەكانەوە، بە كورتی سەرەڕای ئەوەی هیگڵ ئایدیالیستی بووە بەلام وەك مێژوونوسە فەرەنسیەكان دەكەڕایەوە بۆ رەوشی كۆمەلایەتی بەوەی كە بنچینەیەكی قوڵە لە ژیانی گەلاندان هەر بۆیە هیگڵ دوانەكەوت لە سەردەمی خۆی بەلام بەسەریشیدا پێش نەكەوت، چونكە لە ڕاڤەكردن سەرچاوەی پاڵنەری كۆمەلایەتی كە دەڵی

(ڕەوشی کۆمەڵایەتی گەلێك لە سەردەمێکی دیاری کراودا ڕادەوەستێ، وەك ڕەوشی سیاسی و دینی و ئاکاری و ڕۆشنبیری و لەسەر ڕۆحی سەردەمەکەی، کە ئەمەش هیچ ڕاڤەیەك ناگەیەنێت، بەڵام هزر دەکاتە دوا پاڵنەر بۆ ڕەوتی مێژوو (کاتێك گەلێك لە پێشکەوتنیدا لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر بەڵام بەرهەمی نەبێت بۆ هزری ڕەها یان گەردون، ئەو گەلە تەنها دەبنە کەرەستە) پلەیەکی بەرزتری وەرگرت لە گەشەیدا، نمونەی ئەو ڕاڤانە هیچ هۆدۆزینکیان تیادا نیەو هیچ نادات بە دەستەوە، هیگل خۆی لە بازنەیەکی بۆشدا دۆزیەوە کە زانا کۆمەڵایەتی‌یە فەرەنسی‌یەکان تێی کەوتون ئەوان ڕەوشی کۆمەڵایەتیان بەو شێوەیە ڕاڤەکرد بە حاڵەتی هزرەکان و حاڵەتی هزرەکان بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی.

فەلسەفەی مێژوو لای سان سیمۆن:

سـان سـیمۆن (Simen -Saint ۱۷٦۰-۱۸۲۵) یەکێکـە لـە هـەڵگری سۆشیالیستەکانی پێش مارکس و یەکێکە لە دامەزرێنەری بنـەمای سۆسیۆلۆژی لە نیوەی سەدەی بیستەمدا، ئەو وای دەبینی کە زانستی کۆمەڵایەتی مرۆڤ (یان فیزیای کۆمەڵایەتی هەروەك زۆرجار وا ناوای دەهێنن) بۆ ئاشکراکردنی یاسا پێشکەوتنەکان پێویستە لە سەرمان کە ئەو ڕووداوانەی پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤایەتی پێشوومەوە بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ناشتوانین کە پێشبینی بکەین بۆ پاشەڕۆژ ئەوەی کە لە ڕابردوو ئەگەین کەواتە دەبێ لە ڕابردوو بگەین ئەوجا دەتوانین پێشبینی بکەین. بۆ ئەوەی لە ڕابدروو بگەین. سان سیمۆن لە مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەکۆڵێتەوە لە ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیاوە دەست پێدەکات لەو مێژووەدا خەباتی پیشەسازی دەبینن (یان چینی سێهەم) دژی ئۆرستوکراتیەت، پیشەسازیەکان لەگەڵ مۆڵکدارەکاندا

هاوپــەیمار بــوون و پادشــاکانیان هــانی دەدان و پشــتیان دەگرتــن و کەرەستەی زاڵ بوونیان پێشکەش دەکردن بۆ دەست گرتنی دەسەڵات کە پێشووتر بە دەستی دەرەبەگەکانەوە بوو و بە ڕابەری ئەو شێوە خزمەت موڵکایەتیان پێ بەخشراو پارێزران و بەهۆی ئەو پاراستنەوە توانیـان سـەرکەوتن بەدەســت بـهێنن بەســەر دوژمنــەکانیاندا، پیشەســازیەکان هێزێك بەرەبەرە بەهۆی کـارو ڕێکخستنەوە هـێزێکی کۆمەڵایـەتیان بـۆ خۆیان پێکەوەنا کە بەسەر هێزی ئورستوکراتیەتدا بەرزتر بوون، سان سیمۆن شۆڕشی فەرەنسا تەنها بە لاپەڕەیەك لە ململانێی گەورە دەبینێ کەچەند سەدەیەکی خایاند لە نێوان پیشەسازیەکان و (نبلاء)، خەباتی پیشەسـازیەکان دژی چینــی (نبـلاء) کــە ململانــێی دوو بــەرژەوەندی دژبەیەك بوو، سـان سیمۆن دەڵـی ئـەو ململانێیـە مێـژووی ئەورووپای ڕۆژئاوای پرکرد، هـەر لـە سەدەی پانزەهەمەوە دەتوانین بڵێین ململانـێ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیە گەورەکان هۆکارێ بوون بۆ ڕەوڕەوەی مێژوو لـەو ماوەیـەدا، سـەدەی هەژدەهـەمیش هـەمان ململانـێ ڕوویدا لـە نێـوان بەرژەوەندی دژایەتیەکاندا کە لەو دژواریە بەرژەوەندیانە ڕووی دا، سان سـیمۆن کاریگـەری زۆری کــردە ســەر بیرمــەندانی خــۆی بــە تایبــەتی مێژوونوسی فەرەنسی گەورە (ئۆگستین تیێری ١٧٩٥-١٨٥٦) خۆی بە کوڕی هەڵبژاردەی سان سیمۆن دادەنا.

ڕاڤەکردنی (برتراند رسل)ی فەیلەسوف بۆ مێژوو:

فەیلەسوی ئینگیلیزی هاوچەرخ برتراندرسل) وای بـۆ دەچـێ کـە هـێز هۆکاری سەرەکی‌یە بۆ گۆڕانی ڕەوتی مێژووی بەشەریەت لەنێو سنوری نەتەوەیەکدا یان لەنێو نەتەوەکاندا، هێز لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌یەوە بە ڕای (برترانـد) وەك وزە وایـە لـە فیزیـای هاوچـەرخدا کـە شـێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێ بە گوزارش کردنی لە خۆی، وزە جاری لە شێوەی تیشکدا دەردەکەوێ و جارێکیش لە شێوەی ماددو جارێك لە شێوەی هێزی ڕاکێشەر یان موگناتیسـی دەردەکەوێ، لـە کۆمـەڵدا زۆرجـار بـە شێوەی جـەنگی خوێناوی دەردەکـەوێ جاری واش هەیـە لـە شـێوەی جـەنگی هزریـدا دەردەکـەوێ جاری سـێهەم لـە شـێوەی پێشـکەوتنی هونەری یان ئابوری.. هتد دەردەکەوێ.

فەلسەفەی مێژوو لای مارکس و ئەنگلس:

مارکس و ئەنگلس زۆر لایەنی بیری هیگلیان دەربارەی فەلسەفەو مێژوو وەرگرت دیوە ئاوەژووەکانیشان هەڵگێڕایەوە ئەمان سەرتاپای ئاڵ و گۆڕی ژیانی مرۆڤ و بەرەوپێشەوە چوونی مێژوویان بەست بە بەرهەم هێنان و هۆنانیەوە کە جۆری جیاوازیان لە قۆناغی جیاوازدا لێ پەیدا دەبێت، گەشەدەکەن و ئینجا دەمرن تا ڕێگە بۆ لە هی خۆیان باشتر خۆش بکەن، یەك ڕێبازی بەرەوپێش چوونی مێژوو هەیە با شێوازو ڕووەکەشیشی جیاوازو ڕەنگاوڕەنگ بن جیاوازی لە نێوان گەلدا نیە هەریەکەیان دەتوانێت لەیەك جۆرباری ژیاندا بە گشتی‌یەك دەور ببینێت، خەباتی چینایەتی لایان بڕبڕەی ئاڵ و گۆڕی ڕووداوی مێژوویی‌یە. ئەنجامیشی وەرچەرخانی باری ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی‌یە کە لە چینێکی پاشکەوتووەوە دەچێتە دەست چینێکی پێشکەوتر، لە خاوەن کۆیلەوە بۆ دەبەرەگ و لە دەرەبەگەوە بۆ بۆرجوازی و لەوێشەوە بۆ

پرۆلیاریا. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچونانەیادا مارکس و ئەنگلس زۆر ڕووی مێــژووی ئــەورووپای پێــش ســەرمایەداری و تایبــەت پــاش سەرمایەداریان شـیکردەوە، وەك لـە کتێبـی (خـەباتی چینایـەتی لـە فەرەنسە)ی مارکس و (شەڕی جوتیاران لـە ئەڵـەمانیا)ی ئـەگلس و لـە گەلێك بەرهەمی تریاندا بەدی دەکرێت، بیروباوەڕی فەلسەفی هیگـڵ و مارکس و ئەنگلس ڕێگـەیان ۆ پێشـکەوتنی زانسـتی مێـژوو لـە جاران خۆشکرد ئەوەی لە بەرهـەمی مێژوونوسـانی نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەدا ڕەنگی دایەوە.

سۆشیال یۆتۆپیەکان و مێژوو:

تێڕوانینی کۆمەڵایـەتی کـە سوشـیال یۆتۆپیــەکان خـاوەنی بـوون لـە سـەدەی هـەژدەو نۆزدەهـەمدا زۆر نزیـك بـوو لـە بیروڕای ڕۆشـنگەرانی سەدەی هەژدە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمان زیاتر بەلای جەماوەردا نەیان شــکاندەوە تیــۆرە کۆمەڵایەتیــەکان زیــاتر لەگــەڵ جــەماوەری

زەحمەتكێشاندا بوو، هەروەها تێگەیشتنیان لە هۆكاری كڵۆڵی جەماوەر هەبوو بۆ چەوساندنەوەیان لەوێشەوە نزیك بوونەوە لە تێگەیشتن لە هێزی بزوتنەوەی مێژوو، سوشیالیستی سەدەی هەژدەی تۆباوی (یۆتۆپیا) فەرەنسی (موریللی) لە كتێبی (سیستەمی سروشت)دا دەڵێ (زۆرینەی فەیلەسوف و سەركردە حكومیەكان دەڕواننە دەمی كۆمەڵگا لە چارەنوسی مرۆڤایەتیدا بێئەوەی هۆكاری بنەڕەتی بهێننە بەر باس كە بووە هۆی پەشێوی خەڵكان، ئەو هۆیەش خۆی لە موڵكایەتی تایبەتدا دەبینێتەوە كە وێك ناچن لەگەڵ (سروشتی) مرۆڤدا، زۆربەی سوشیالیستە یۆتۆپیەكان چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد سوشیالیزم (یەكسانی) لە لایەن (بەهێزی جیهان)ەوە، لەلایەن پادشاو فەیلەسوف و دەوڵەمەندە خێرخوازەكانەوە بێتەدی ئەوانەش پێویستی‌یان بەوە هەیە كە قەناعەت پێبكرێن بە دادی پرۆژەی گۆڕانی كۆمەڵگا بە سۆشیالیزم، ئەم پرۆژەیە ئامانجی دڵ خۆشكردنی مرۆڤایەتی بوو وایان دەبینی كە لەو ڕێگایەوە ئەمری بۆ خۆیان پەیدا دەكەن كە داهێنەری سیستەمی كۆمەلایەتین، ئەو سوشیالیزمە خەیاڵیانە دەیانویست دڵخۆشی بۆ هەموان دابین بكەن لەسەر ئەم زەوی‌یە هەروەها دروست كردنی سیستەمێكی سوشیالیستی بەلام بێ شۆڕشی جەماوەری زەحمەتكێش، زۆربەی سوشیالیستان و یۆتۆپیانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم كۆمەڵی زەحمەتكێش و جەماوەریان تەنها بە

چەوساوەو زوڵم لێکراو دادەناو نەشیتوانی لە (مێژووی سەربەخۆ) دابینن، سوشیالیزمە خەیاڵی یەکان بیروباوەڕی سوشیالیستی یان ئاراستەی هەموو چینەکان دەکرد نەك تەنها چینی کرێکار، بەلام هەندێکیان وەك (سان سیمۆن) و (موریللی) بیروباوەڕیان بە پلەی یەکەم ئاراستەی چینی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیران دەکرد، سان سیمۆن بۆ ئەوە بوو کە کۆمەڵگای نوێ لەسەر دینی نوێ دەکەوێتە سەرپێ کە خۆی داهێنەری بوو واتە لەسەر (مەسیحیەتی نوێ) بەوەش زاناو ئەندازیارو پیشەیی یەکان و واتە ڕۆشنبیرانی بۆرژواو سەرمایەدارەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەبەن بەڕێوە، ڕاستە لەنێو سۆشیال تۆباوی یەکاندا ڕەنگێکی تری هەبووە شۆڕشگێڕو دیموکراتی کە بە (سۆشیالیزمە یۆتۆپیە ئەڵمانیەکان) ناسرابون نموونەی سەرکردەی شۆڕشگێڕی جوتیاران کە لە ئەلمانیان سەری هەڵدا لە سەدەی شانزەهەم (توماس میو نتیسر) بوو هەروەها تۆباوی سەدەی نۆزدەهەم (فیتلینفت) بوو هەروەها دیموکراتی شۆڕشگێڕی ئینگلیزی (ئەونیستانلی) کە لە قۆناغی شۆڕشی بۆرژوازی ئینگلیزیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا، (سوشیالیزمە تۆباوی یە دیموکراتە شۆڕشگێڕە فەرەنسیەکان) وەك فیللی/ مایلی/ بابوف/ دیزامی، بلانکی/، هەروەها چەند کەسێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی روس وەك، بیلینسکی/ گیرتسن: ئەگاربوف/ تشیرنیشفسکی، برولیونوف/ بیساریف/ شیفنشینکو/، هەروەها دیموکراتە

شۆڕشگێڕەکانی (چین) و هندو ولاَتەیەککگرتووەکان بلگاریا/ هنگاریا، ڕۆمانیاو پولونیا، ئیتالیا/ تورکیا/...، (بابوف لەنێو سوشیالیستە تۆباویەکان لە سەدەی هەژدەدا بیری دیموکراتی شۆڕشگێڕانەو دەسەلاتی گەل ڕاگەیاند، (بابوف) و کۆمەڵەکەی کە فێری هوشیاری دیموکراتی و شۆڕشگێڕی و سوشیالیستی بوون. دەولەمەند بوون بە ئەزموونی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسی، بابوفیەکان مەسەلەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلیان خستە ئەستۆی نێو تیۆرو پرۆگرامی چالاکیەکانیان، (بابوف) وەك ئەوانەی پێشووی خۆی دەڵێ (خەڵکان هەموو مافی ئەوەیان هەیە کە بە خۆشی بژین، ئەمەش ستێرکی "هدف" یەکگرتنیان بوو لە کۆمەڵدا) هەروەها لەو ڕوانگەیەوە دەڵێ سەرکەوتنە دەستیەکانی چەوسێنەران بۆ نەزانینی جەماوەر دەگەڕێتەوە، (فیتلینغ) لە لایەن چەوساوەکانەوە دەڵێ (پێویستە پشت نەبەستێ بە هیچ شتێك تەنها شمشێرەکەی نەبێت) و (سەرکردەکانیان هەڵبژێرن) هەروەها هۆی پوکانەوەو فەشەلی ڕاپەڕینە گەلیەکان، بۆ بەزەیی گەل بۆ دوژمنەکانی واتە دەولەمەندەکان) دەگەڕێنێتەوە، هەروەك چۆن لە ڕاپەڕینی (لیون) و شۆڕشی ١٨٤٨دا ڕوی دا، (فیلینغ) بەدەر نەبوو لە بیروباوەڕی سان سیمۆن بەڵکو شوێنێکی لە مێشکیدا جێگیر کردبوو وەك ئەوەی کە ڕابەرایەتی کۆمەڵ پێویستە فەیلەسوف و زاناکان بن، ڕاپەڕینی (مەسیحیەتی نوێ) کە دێت (هەڵگری شمشێرێکە بۆ ئەوەی ئارمانجەکان

و وانـەکانی مەسـیحی یەکـەم بهێننـەدی بـەهۆی ئازایەتی‌یـــەوە دەبێتـە پێشەوای ئەرتەشی شۆڕشگێڕ بە هۆی یاریدە دەرەکیەکانیەوە. ژێرخانی سیستەمی کـۆن تەروخێنــێ، مـارکس و ئـەنگلس لـە تێڕوانینـەکانی (فیتلینـغ)دا یەکـەم بزوتنـەوەی تیـۆری خـۆی پێشـکەش پرۆلیتاریـــای ئەڵمانی دەکات، وەك سەرەتای بیرێکی ڕێك کە وێنەی نەبووە لـە مێـژوی ئەڵمانیای پێشوودا.

پێش ئەوەی بچینە سەرباسی ڕوانگەکانی دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی ڕوس، دەبــێ کــەمێك بڕوانینــە ڕوانگــەکانی مێژوونوســـانی بــۆرژوا فەرەنسیەکان لـە قۆنـاغی گەڕانـەوەی موڵکایـەتیدا Rest auration وەك، مینی/ تیری/ گیـزو کارگیـەری کردە سـەر شۆڕشـی بۆرژوازی ئەڵمانیا، هەروەها ململانێی چینایەتی دروست کرد، ئەو مێژوونوسانە هـەوڵیان دا مێـژووی کۆمــەڵگا ڕاڤــە بکـەن بــە تایـەبتی ڕاڤـەکردنی بازدانــە بلیمەتی‌یەکان بەهۆی: تێکۆشـانی چینایـەتی و تێکۆشـانی جـەماوەر، (مینی) لە کتێبەکەیدا (مێژووی شۆڕشی فەرەنسی) ئاماژەی بـەوددا کە مێـژو کتێبی ژیانی کەسانی بلیمـەت نیە، بەڵکو مێژوی گەلانـە، دوای ئـەوە ئـەو بیرەی (تیری) درێـژەی پـێدا وەك دەڵێ (بزوتنـەوەی خەڵك لـە ڕێگای سەربەستی و گەشەکردنەوە (زۆرتر لـە کاروانی فەتحەکان جێی بایەخی ئێمەن هەروەها ماندووبونیان ڕامان دەچڵەکێنن زۆرتر بە تەنگ و چەڵەمەی ئەو پادشایانەی کە لە موڵکەکانیان بێبەش بوون) مینی‌و

تیری و گیند هەوڵیان دا بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی گەلان و درامەتیان، هەروەها ئاماژەیان بە بایەخی پەیوەندی موڵکایەتیدا، سەرەڕای ئەوەش لە مەسەلەی تێگەیشتنی ئایدیالیستانە بۆی دەچوون، بۆ هۆکاری سەرەکی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ وای بۆ چوون کە لە گەشەکردنی بەرهەمی مادیدا خۆی نەدەنواند بەڵکو لە پێشکەوتنی زانستەکاندا پێیان وابوو خۆی دەنواند زۆرجار دابەش کردنی کۆمەڵیان بە زەبرو زەنگ ڕاڤەکرد، وك دەست بەسەراگرتنی نەتەوەیەك لەسەر نەتەوەیەکی تردا یان دەست بەسەرگرتنی شوێنێك و لکاندنی بە خۆیەوە، بەهۆی تەنگی چینایەتی (مینی/ تیری‌و گیندو/ هەمدیسان دەگەڕانەوە بۆ تیۆرە کۆنەکەی کە دەڵێ (مێژوو زەحمەتکێشان دروستی ناکەن، بەڵکو تەنها چینەموڵکدارەکان دروستی دەکەن، هەروەها بزوتنە جەماوەریەکان بە ململانێیەکی ئارەزووی کوێرانە لە قەڵەم دەدەن، مێژوونوسانی ئینگلیز لە سەدەی هەژدەمدا ڕۆڵێکی گرنگیان بینی بۆ ڕۆشنایی کردنی ڕۆڵی جەماوەر لە مێژوودا، خاوەن ئایدۆلۆژە شارتیەکان جێگایەکی تایبەتیان هەبووە بە تایەبتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە، بەڵام دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕوسەکان نزیکترین نوێنەرانی سوشیالیزمی توباوین پێش مارکسیزم بۆ مەسەلەی تەواو لە ڕۆڵی جەماوەر لە مێژوودا، ئەو دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕوسیانە کە مادی بوون بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلسەفە بنەڕەتیەکان لە تێگەیشتنی سروشت، ئەوان کە دیالیکتیکی

)هیگل*یان به (جبر الثورة) (زۆرەملێی شۆڕش) دانا (گیرتسن)، بە گوێ بۆ پێشەوە دەچوون لە ژیانی مەتریالیزمی دیالەکتیکیدا، هەروەها (لەنین) وتی (زۆر نزیک بوونەوە لێی لە بەردەم مەتریالیزمی مێژوویدا وەستان) دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕوسەکان/ گیرتسن/ بیلینسکی/ ئەگاریوف تشێرنیتفسکی: دبرولیوبوف/، کە دەربڕینی ڕای بەرژەوەندییەکانی جوتیارانی کۆیلەی ڕوسیا بوون، هوشیاریەکی ڕەخنەسازیان هەبوو بۆ ئەو شتانەی داخواست بوو لە پێشوودا واتە لە بیری کۆمەڵایەتی ڕوسی ئەورووپی خۆرئاوا، زۆر پێشکەوتن بە تایبەت ئەو بیرو باوەڕە شۆڕشگێڕیەی (رادیشیف)ی مادی ڕوسی پەرەی پێ‌ی‌دا، هەروەها تیۆری مەتریالیزمی فورباخ و دیالیکتیکی هیگل، هەروەها تیۆرەکانی سوشیالیستە تۆباویەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزەکان دەربارەی ڕۆڵی جەماوەر لە مێژوودا، (رادیشیف) کە کتێبەکەی (گەڕان لە بترسبورگەوە بۆ مۆسکۆ ساڵی ١٧٩٠) دژی دەسەڵاتی ڕەهاو سیستەمی کۆیلایەتی دەداو هەروەها جوتیارانی هاندا بۆ ڕووخاندنی سیستەمی دەرەبەگ، (رادیشیف) بۆ جوتیاران دەنوسێ و پێیان دەڵێ (کەرەستەی جوتەکانیان بشکێنن، ئاگر بەربدەنەماڵەکانیان و گونیە گەنمەکانیان، خۆڵەمێش بکەن بەسەر کێڵگەکانیاندا، لەبەرئەوەی لەوێوە ئازارەکان هاتنەدی، بە زۆر دەمیان داخەن تا هەر کەسێک بیانبینێ بێزاری دەبڕن بەرامبەریان، بەڵکو هەتا خۆیان دووربگرن بۆ ئەوەی وەک ئەوانیان

لێنەیەت هەروەها دەڵێ (ئاخ.. ئەو کۆیلانەی کە بە کۆت بەندکراون بەشێوەیەکی هەڵچوونی کڵۆڵانە هەستن بۆ ئەوەی سەرمان پان بکەنەوە بەو کۆتانەی کە ئازادیان پێکوت کراوە، سەری گەورەکانیان، ئەوانەی کە بەزەیییان تێدا نیە، کێڵگەکانیان سوورکراوە بەخوێنمان! دەوڵەت چی زەرەرمەند دەکات؟ ئەوکاتە لە نێوانیاندا پیاوانی بلیمەت هەڵدەستن بۆ بەرگری کردن لە چەوساوەکان، هیچ گومان لە دەروونیاندا نیە کە ناوی گومان بێت ئێمە کە باوەڕ بە مافیان ناهێنین لە چەوساندنەوەی خەڵکانی دی ئەمەش خەون نیە، تێڕوانینم پەردەی کاتی چڕ دەبڕی کە دواڕۆژ لە چاوماندا ون دەکات، منیش وای دەبینم کە لە ماوەی سەدساڵ چی ڕوودەدات.

با بوفیەکان مێژووی کۆمەڵگا بە مێژووی ململانێی هەمیشەیی دەبینن لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا، لە نێوان گەورەکان و گشتدا، ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێ لەوکاتەوە کە مەیلی لایەك بەدیار دەکەوێ بۆ بردنە سەری ژیان لەسەر شانی ئەوی تر، لە ئەڵمانیا (فیتلینغ)ی شیوعی خەیاڵ دانی پیادانا بە پێویست بوونی شۆڕشی جەماوەر، هەروەها شۆڕشی سیاسی پێویستە بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پڕبکرێتەوە، گیرتسن/ بیلینسکی/ تیشر نیشفسکی/ دبرو لیوبوف/ ڕۆڵی تاکەکەسی هەڵکەوتیان نرخاند لە مێژوودا، بەپێی تێگەیشتنی خۆیان، هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنهاو بە

ئیرادەی خۆی ڕەوڕەوەی مێژوو بگۆڕێ، هێزی ئەو تاکەکەسە هەڵکە توانە تەنها گوزارش کردنە لە پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگا، چونکە گەل پاڵەوانی کەمە لە ڕوداوە گۆڕانکاریە مێژوویی‌یەکاندا، (گیرتسن) دەربارەی ئەزموونی یەکەم قۆناغی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسی ساڵی ١٨٤٨ دەڵێ (بێگمان شۆڕشی ٢٤ شباط پرۆژەیەك نەبوو کە پێشووتر داڕێژرابێت، بەڵکو ئیلهامێکی بلیمەتانە بوو کە لە گەل پاریسەوە دەرچوو)، سەرەڕای ئەوەی دیموکرات شۆڕشگێڕە ڕوسەکان لە چوارچێوەی سوشیالیزمی تۆباوییدا مانەوە لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئایدۆلۆژی شۆڕشی جوتیاران لە قەڵەم دران، هیواکانیان خستە سەرشۆڕشی گەل نەك ڕیفۆرمیستە کۆنەکان، (دبرولیوبوف) دەڵێ (مێژوو سەربوردەی پیاوانی بلیمەت نیە) مێژوو بایەخ بە کەسانێك نادات تەنانەت بلیمەتەکانیش، لەبەرئەوەی بایەخێکی تایبەتیان هەیە لای گەل، لای مرۆڤایەتی، مێژوو مێژووی دەوڵەت نیە، وا پێویست دەکات کە بابەتی سەرەکی مێژوو ژیانی گەل بێت، کاتی ڕۆڵی تاکەکەس ڕوون دەکەینەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە (چۆن توخمە زیندووە پێشکەوتووەکان خۆی نواند کە توانی لەگەڵەکەیدا ئاشکرای بکات، مێژووی گەلان بە شێوەیەکی یاسایی دەڕوات بەڕێوە، مل کەچ ناکات بۆ ئارەزووەکانی خەڵك، تەنانەت ئەو گۆڕانکاریانەی لە سەرەتاشدا دەست پێدەکەن و بە ئاکامن و خراپ نابێت گەر دژی کاروانی سروشتی مێژوو

نـەبێت و دژی سروشـتی بـەرژەوەندی گـەل نـەبێت، (بیسـاریف) بـیری تیۆری لەسـەر ڕۆڵی جەماوەر لـە مێژوودا پـەرەپێدا، وا بۆی دەچێ کە لێکۆڵینـەوەکانی پێشـوو بـۆ مێـژوو زانسـتی نـەبوو لەبەرئـەوەی مێژوونوسـان لـە ژیـانی گـەلان نەکۆڵیونەتـەوە، تەنها بـە لێکۆڵینـەوەی مێژووی دەوڵەتەکان/ پادشاکان/ داگیرکەران/ نـەبێت، مەسـەلەی ڕەوشی جەماوەر یەکێکـە لـە مەسـەلە سـەرەکیەکان لـە مێـژوودا، لێکۆڵینـەوەی مێژوو بەوەش بایەخی پێدراوە کە ڕێگا دەکاتـەوە بۆ تێگەیشتن (چۆن جـەماوەر هەسـت دەکـات و بیردەکاتـەوە؟ و چـۆن دەگـۆڕێ؟) ئـەو ڕوودۆخانەش چی‌یە کە بووەتە هۆی گۆڕینـی هێزی ئابووری و هزری، ئەو شێوانە چین کە دەبنە هۆی گۆڕینی هەڵس و کەوتیان، ئەو سنوورە چەندە کە سەبری گەل دەوەستێ لە بەرمیدا؟ لەسەر مێژوو ئەوەیە کە چیرۆکی ژیـانی جەماوەر بـە ڕاسـتی‌و عـەقڵانی بنوسـێتەوە هـەروەها ڕووداوە کەسـایتی‌یەکان کـە شـوێن لـە مێـژوودا دەگـرن و کاریگـەریان هـەبووە بۆ سـەر جەماوەر لەگەڵ ڕاڤەکردنی ئەو ژیانـەن ئـەو مێژووەیـە مـرۆڤ بیرمـەند ڕادەکێشـێ (بیسـاریف) دەڵـێ (جـەماوەر بێبـەش لـە خوێنـدن و فێربوون یـا ئـەوەتا ملی پێ کـەچ دەکـرێ یـان بەشـداری لـە بزوتنەوەکاندا دەکات بەشداریەکی ئەندامێتی، بەبێ هۆش هـەر بۆیـە تـا ئێسـتا هـێزی زینـدو لـە گـەلاندا ڕۆڵـی خـۆی نـەدیوە لـە ڕووداوە مێژوویی‌یەکاندا تەنها ڕۆڵی ثانوی نەبێت چوارچێوە ڕامیاریەکان گۆڕان

و دوڵەتەکان دروست بوون هەندێ دەوڵەت ڕوخاو بەڵام هەموو ئەمانە دەستیان بۆ گەل نەبرد، بێئەوەی پەیوەندی لە نێوان کەسەکاندا بگۆڕدرێ یان دابڕمێ بێجگە لەوەش پەیوەندیە چیناپەتیەکان و پەیوەندیە ئابووریەکان دەستیان لێوە نەدرا) بەو شێوەیە کار وا ڕۆیشت تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لەگەڵ پێشکەوتنی هوشیاری جەماوەر ڕۆڵی خۆی بینی لە ڕووداوە مێژوویی یەکاندا، ئەمەش (بیساریف)ی گەیاندە ئەو بۆچوونە کە بڵێ (دیموکرات شۆڕشگێڕە ڕوسەکان نزیک بوونەوە لە ڕوانگەی مێژووەوە لە ڕۆژمێری ڕۆڵی جەماوەر لە مێژوودا، (بیلینسکی بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی جەماوەر لە ڕووادوەکانی شۆڕشی ۱۸۳۰ی فەرەنسادا دەڵێ (گەل منداڵێکە، بەڵام منداڵێکەو گەشە دەکات، پەیمانی داوە خۆی بکاتە پیاوێك کە بە هێزو بە گەورەوە دەرژێ.. تا ئێستاش لاوازە بەڵام ڕوبەاری ژیانی نیشتمانپەروەری لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەرگرتنی باوەڕ وە کوژانەوەی بینین لە دەستەدا (کۆمەڵگای خوێندەوار) مەبەستی بلینسکی لە کۆمەڵگای خوێندەواری بۆرژوازی یە کە گەیشتە دەسەڵات لە فەرەنسادا دوایی گۆڕدرا لە چینی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ژینی دژی شۆڕش، (تشیر نشیفسکی) دیموکرات خوازی شۆڕشگێری ڕوسی زۆر چاك تێگەیشت لەوانەی تر لە لایەن تێگەیشتنی زانستیانە بۆ ڕۆڵی جەماوەر لە مێژوودا هەروەها ڕۆڵی چینە پێشکەوتووەکان/ شۆڕشگێڕەکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵی

سیاسیدا لەنێو لە خۆیەوە نەیوتووە (نوسینەکانی "تشیر نشیفسکی" بۆنی شۆڕشی چینایەتی لێ دێت)، (تشیرنشیفسکی لەوە زیاتر ڕۆیشت و پێی داگرت کە جەماوەری زەحمەتکێش هێزی بزوتنەوەیە لە پێشکەوتنی مێژوودا، ڕەوشی مێژووی ڕوسیا کە تیایدا دەژیا لە دواکەوتویی ئابوری و نەبونی بزوتنەوەی کرێکاری لەوکاتەدا دیموکراتە شۆڕشگێڕە ڕوسەکان نەیانتوانی لە چوارچێوەی سوشیالستی تۆباویدا و تێگەیشتنی ئایدیالیستانە بۆ مێژوو دەربچن، نەیانتوانی یاساکانی گۆڕینی کۆمەڵگا بدۆزنەوە، هەروەها نەشیان توانی لە دیموکراتیەتی شۆڕشگێڕیدا بچن بەرەو کۆمۆنیستی زانستی، ئەنگلس دەڵێ (هەموو مادیەکانی پێش مارکسیزم خیانەتیان کرد لە مادیەتدا لە تێگەیشتنی مێژووی کۆمەڵگا) مارکس و ئەنگلس یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵگایان دۆزیەوە مارکس لە کتێبی (بەشداری کردن لە ڕەخنی ئابوری و سیاسیدا) دەڵێ (لە بەرهەم هێنانی هەرەوەزی ژیانی خەڵکدا ئەوانە دەچنە نێو پەیوەندیەکی دیاریکراوی پێویست سەربەخۆ لە خواستیان، لە پەیوەندیە بەرهەمیەکاندا پێك دێن بۆ پێشکەوتنی هێزی بەرهەمی مادیان، ئەو کۆمەڵە پەیوەندیە بەرهەمانەش ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگا پێك دەهێنن، بنەمایەکی سەرەکی دروست کە سەرخانی ماف و سیاسی لەسەر دابین دەکرێ، کە هەندێك لە هۆشی کۆمەلایەتی لەگەڵ خۆیدا پێك دەهێنێ، شێوازی بەرهەمی ژیانی مادی پێویست بەکارەکانی ژیانی

گشتی دەکات، وەك كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆحی، هوشـیاری خـەڵك بوونیـان دیـاری ناکـات بـەڵکو بـە پێچەوانـەوە بوونـی کۆمەڵایـەتیان هوشیاریان دیاری دەکات)، پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێك بە پێشکەوتنی هـێزی بەرهـەم دەسـت پێدەکـات پێـش هـەموو شـتێك بـە گۆڕینـی کەرەستەکانی کار، لەگـەڵ باشکردنی ئەو کەرەستانەدا خەڵکان خۆیـان پێـش دەخـەن، شـێوازی هـەڵس و کەوتیشـیان دەگـۆڕێ بـۆ کـارکردن، دیاریشە کەرەستەکان بەرهەم خەڵك خۆی دروسـتی دەکـات و خۆشـی پێشی دەخات، مارکسیەکان وای بۆ دەچن و واش لێکی دەدەنەوە کـە جەماوەری زەحمەتکێش هێزی سەرەکی بەرهەم هێنانـە لـە کۆمـەڵگادا ئەویش دروست کەری هەموو هێزە مادیەکانە کە بزوێنەری .بەکەمە بۆ کاری بەرهەم دوایش بۆ مێژووی کۆمەڵگا، پێشکەوتنی هێزی بەرهەم مەرجێکە بـۆ سـازدانی پەیوەندیـەکانی بەرهـەم، پەیوەندیـە بەرهەمـا نوێکان یاریدەی پێشکەوتنی هێزی بەرهەم هێنـان دەدەن، بەو شێوەیە پەیوەندی بەرهەمـە کۆنـەکان دەبنە لەمپـەرێك لـە بـەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ ئەم هۆیەش دەبێتە هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، پاڵپشت بە هێزی کۆمـەڵ. پێشکەوتوو، زەحمەتکێشان بـۆ ڕمـاندنی پەیوەندیـە بەرهـەم هێزە کۆنەکان، بە کردنەوەی ڕێگا بـۆ پێشکەوتنی پـەیوەندیـە بەرهەمە نوێکان، ئەمەش ئاسۆیەك دەبێ بۆ پێشکەوتنی تری بەرهەم، گەشەکردنی شێوازی خـەڵکان و چالاکیـان، لەگـەڵ گۆڕینـی بنـەڕەتی

کۆمەڵایەتی ئابووری بادانەوەیەکی خێرا دروست دەبێ لە سەرخانی کۆمەڵایەتیدا، بەهۆی گۆڕینی ژیانی خەڵکان بە تایبەتی کۆمەڵایەتی هەروەها هوشیاری کۆمەڵایەتیشیان دەگۆڕدرێ. ئەوەی سەرەوە دیالیکتیکی گۆڕانی کۆمەڵە کە مارکس دۆزیەوە، (لەنین) بۆ ئەو بادانەوەیە کە مارکس و ئەنگلس پێی هەستان لە تێگەیشتنی مێژوو، یان بەشێوەیەکی وردبینتر، پابەند بوون بە پراکتیك و خۆبەستنەوە بە مادیەت لە بواری دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا، دوو نموونەی سەرەکی لە تیۆری مێژووی پێش خۆیدا بەجێهێشت.

یەکەمیان/ ئەو تیۆرانەی پێشوو لە باشترین حاڵەتدا تەنها سەیری پاڵنەرە فکریەکانی دەکرد بۆ پێشەوەچوونی گرج و گۆڵی خەڵکان بۆ مێژوو، بێئەوەی بگەڕێن بۆ هۆکارەکانی ئەو پاڵنەرانە، پێویستە پاساکانی بابەتی گۆڕینی سیستەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەست پێ بکەین، بێئەوەی سەیری ڕیشەی ئەو پەیوەندیانە لە ئاستی گۆڕینی بەرهەمی مادیانەدا بکەین.

دووەمیان/ ئەو تیۆرانە بایەخیان بە گرنگی کاریگەری جەماوەر نەدەکرد، لە کاتێکدا مادیەتی مێژوویی یەکەم شت بوو کە ڕێی دا بە لێکۆڵینەوەی مەرجە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بژێوی جەماوەرو گۆڕینی ئەم ڕەوشە بە شێوەیەکی وردبینی مێژوویی سروشتیانە، سۆسیۆلۆژیای پێش مارکسیزم وا سەیری کۆمەڵ دەکات کە شتێکی چەق بەستوو

نەگۆڕە یەکەم جار هاتە ئاراوە تا هەتا هەتایی، یان تەنها چەند کەسانێك بن وەك کۆمەڵێکی میکانیکی لە تاکەکان و دەگۆڕدرێن بەهۆی مەیلی هەندێ تاك لە پادشاو داگیرکەران و زانایان.. مارکسیزم بەربەستێکی دانا بۆ ئەو تیۆرە نازانستیانە، کە ئاماژەیان بە کۆمەڵ دەکرد کە وەك سروشت وایە کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و گۆڕانی کۆمەڵگا پێویستە وا تێی بڕوانری کە کارێکی مێژوویی سروشتیانەیە، واتە یاسایی‌یانە، مارکسیزم کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە لێی دەکۆڵێتەوە لە ڕووی ئاڵۆزی و دژە ناوەکی‌یەکانی‌یەوە وەك کارێکی پێشکەوتوو تێی دەڕوانن واتە گەیشتن لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری بۆ شێوەیەکی دی لە ڕێی شۆڕشەوە دەبێ واتە لە ڕێی ململانێی چینایەتی‌یەوە دەبێت، ئاکامی ئەو بادانەوەیەی کە مارکس و ئەنگلس دیتیانەوە لە تێگەیشتنی مێژو وای لێهات بووە بنەمای گۆڕینی کۆمەڵ وەك مێژووی کارو کۆمەلایەتی خەڵك سەیر دەکرا، مارکس و ئەنگلس لە ڕێی تێگەیشتنی نوێی مێژوەوە ڕەخنەیان گرتە هەموو تیۆرەکانی سۆسیۆلۆژی ئایدیالیستی نازانستی ڕەخنەیەکی قوڵ پێش هەموو شتێك ڕەخنەیان گرتە فەلسەفەی مێژوویی کە هیگڵ (هیگڵە چەپڕەوەکان) پێی هەستان، مارکس و ئەنگلس دەڵێن (تێگەیشتنی هیگڵ بۆ مێژوو پێویست بوونە بە ڕۆحی ڕەها کە پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێ واتە مرۆڤایەتی هیچ نانوێنێ تەنها ئەوە نەبێت کە جەماوەرێکە

هەڵگری ئەو ڕۆحەیە کە بەبێ هوشیاری یان هوشیاریەوە هەڵ دەگرێ)، هیگڵ وەك مادەیەکی سلبی بۆ داهێنانی ڕۆحی ڕەها کە خۆی دەنوێنێ لەژێر شێوەی ڕۆحی جیهانی و ڕۆحی نەتەوەیی‌دا، ئەو تیۆرە ئایدیالیستەی کە هیگڵ پێی هەستا لێڵیەك بوو لە فەلسەفەکانی خاوەن هەڵگرانی بیری هیگڵ واتە لەلای چەپەکانیان و ڕاست ڕەوەکانیان، هیگڵە چەپڕەوەکان وەك (برونو بادێر) و زەحمەتکێشان وەك مادەیەکی بەستەڵەك دەبینێ واتە (دوژمنی ڕۆح) و پێشکەوتن بە شێوەی گەمژە سەیری جەماوەریان دەکرد، مارکس دەربارەی تیۆری هیگڵە چەپڕەوەکان دەڵێ (ئەو پەیوەندی‌یە کە (برونو) دۆزی‌یەوە لە نێوان (ڕۆح) و (جەماوەر) کارێکی کردەیی نیەو بێ‌کۆتایی‌یە هەروەها سڕینەوە، نیە ڕەخنەگرانەیە بۆ چەمکی هێگڵیانە بۆ مێژوو، ئەم چەمکە تەنها گوزارش کردنێکی زۆر سۆزداریە لە باوەڕی ئەڵمانی مەسیحیەتدا، لەمەڕ دژایەتی (ڕۆح) و (مادە)، (خوداوەندو جیهان) ئەم دژایەتیەش وەك ئەوەی کە لە مێژوودا (هەندێ خەڵکانی هەڵبژێردراو لەژێر شێوەی ڕۆح (کاریگەر) بەرامبەر بە مانەوەی مرۆڤایەتی وەك ئەوەی خەڵکان ڕۆحانی نەبێ وەك ئەوەی (مادە) بێ مارکس ئەم دروستکراوە (فەلسەفە مێژوو)یی‌یەی چاند.

هەروەها (لەنین) دەربارەی فەزڵی مارکس بۆ مەسەلەی دروست بوونی (مێژوو)دا دەڵێ (خەڵکان خۆیان مێژوویان دروست دەکەن) مەتریالیزمی

مێژوویی ڕۆڵی هرزو زانست و تەکنەلۆجیاو داهێنەران و زاناو پیاوانی دەوڵەت ڕەت ناکاتەوە لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێزێکی دیاری کراو نین یان هێزێکی یەکلاکەرەوە نین بۆ ئەو پێشکەوتنە.

ڕۆشنگەران و مێژوو:

کۆمەڵناسانی پێش مارکسیەکان ڕۆڵی جەماوەریان لە دروست کردنی مێژوودا وەلا نابوو بەڵکو ڕۆڵی تاکەکەسیان دەخستە پێش ڕۆڵی کۆمەڵو تاکەکەسیان بە دروست کەری مێژوو دادەنا، وەك پاڵەوانان پادشاو سەربازەکان و زاناو فەیلەسوف و داهێنەرەکان، ڕەگی ئەو بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی ئایدیالیستی بۆ مێژوو کە بیری دەکردە هێزێکی دوا بزوێنەر لە مێژووی کۆمەڵگادا، ڕۆڵی مادیەت و پێشکەوتنی شێوازی بەرهەم شێوازی ژیانی خەڵکیان وەلانابوو، ئەم بۆچوونەش لەلایەن خاوەن کۆیلەو دەرەبەگەکانەوە سەری هەڵدا،

پیاوانی بیرمەند کە توێنەرانی چینی سەرەوە بوون کە دەیانڕاوانی تیۆرەکانیان دەبنە هۆی چڕی حەتمی بۆ کۆمەڵ دوا بزوێنەر بۆ مێژوو واشیان دادەنا کە هزر خەڵك بەڕێوە دەبات، (ئەفلاتون) و پیاوانی لاهوتی سەدەی ناوەنجی (توما ئەکوینی) و (یوسوبی) و (بریکلی) و (جوزیف) و (دومیستر) و (هیگڵە نوێکان) و (کانتە نوێکان) و (براگماویەکان) ئەوانە هەموو وا سەیری جەماوەریان دەکرد کە دژی ڕۆح و هزرو مەدەنیەت و ڕۆشنبیرین و ناتوانن ڕۆڵی سەربەخۆیانە ببینن لە مێژوودا، بیرمەندە لاهوتیەکان (ئۆگستین) و (تۆما ئەکوینی) (یوسوبی قەس) مێژوویان وەك ڕاستیەك (ئیرادەی خودا)یی سەیر دەکرد، گەلان و کردەوەو تێکۆشانیان وەك کەرەستەیەك بۆ (ئیرادەی خودا)یی دەڕوانی، بەڵام ئازارو ئەشکەنجەی جەماوەر لە بارودۆخی جێبەجێ کردنی دروست کردنی کۆمەڵایەتیدا بەکاری شەیتان ڕاڤە دەکرد کە گەلانیان لە ڕێی ڕاستی خودایی لادەبرد، لەسەر بنگەی ئەوەی کە سزای خودایەو بە مرۆڤی دەگەیەنێت بۆ ئەو تاوانانەی کردوویانە، لەنێو ئەو ئایدیالیستانەدا بیرمەندی وەکو (ڤیکۆ، ڕۆسۆ) هەبوو کە پەیوەند بەتینیان هەبوو لەگەڵ جەماوەردا وە ئاماژەی ڕۆڵی جەماوەریاندا بۆ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی (ڤیکۆ) نەك ڕۆڵی جەماوەری نیشان دا لە پێشکەوتنی دەوڵەتدا بەڵکو لە پێشکەوتنی ڕۆحی و داستانە شیعریەکانیشدا ئاماژەی پێکردن (ڕۆسۆ) لە شۆڕشی فەرەنسادا

(١٧٨٩) ژێنا بالادەستی هێزی گەل پێش خست لەنێو فەرەنسادا وە مافی بە جەماوەردا بۆ گۆڕینی ڕژێمی کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕاپەڕاندنەکان دژی چەوسێنەران، ڕۆشنگەرانی فەرەنسی سەدەی هەژدەهەم بە تایبەتی کە پێك هاتبوون لە ئایدۆلۆژی بۆرژوازی بە توندی ڕەخنەیان لە سیستەمی دەرەبەگی دەگرت و لە کارو کردەوەکانی پادشا دەرەبەگەکان و دروشمی سەربەستی و یەکسانی و برایەتیان هەلکرد، سەرەڕای ئەوەش جەماوەریان بە دروست کەری مێژوو نەدەزانی وەك بابەتێك بۆ مێژوو دەیانڕوانیە جەماوەر، مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی ڕۆشنگەرانی سەدەی هەژدە هەروەك (دیدرو) دەلێ (مێژووی چەوساندنەوە بوو، کۆمەلێك لە فێلبازو ساختەچی پێی هەلدەسن)، ڕۆشنگەران هۆکار کۆیلەیەتی و چەوساندنەوەیان نەدەزانی لە مەرجە ئابوریەکاندا بۆ پێشکەوتنی کۆمەل بەلکو هۆکاری کۆیلایەتی و چەوساندنەوەیان دەگەڕانەوە بۆ نەزانینی جەماوەر یان بۆ تێنەگەیشتنی جەماوەر، هەروەك (هیلفیتس) دەلێ (چەوساندنەوە ئەو کارەساتە مرۆڤایەتیە قورسەیە، پێش هەموو شتێك ئاکامی نەزانینی جەماوەرە، هەموو جەماوەرێك سەربەستە لە (البداءة) بەلام چۆن ئەو سەربەستیە ڕاڤە بکەین، ئەو ڕاڤەکردنەش خۆی لە نەزانینی جەماوەرەوە دەبینێ، ئەویش باوەڕ پێکردنە گەمژەکەیەتی بە چاوچنۆکان) بە ڕای ڕۆشنگەران پێویستە خەلکان فێرکرێن بۆ ئەوەی سەربەستی بالادەست

بێت هەروەها یەکسانی و برایەتی، فێرکردنی خەڵکان لە ڕێی ڕۆشنبیراز و ڕۆشنگەرانەوە دەبێت، ڕوانینی بۆرژواکان کە ڕۆشنگەرانی فەرەنسی سەرقاڵ کردبوو ئەویش جەماوەری (نەزان) ناتوانێت مێژووی خۆی دروست بکات، (بۆیە هزر جیهان بەرێوە دەبات) وەك ڕۆشنگەران دەڵێن لێرەشەوە بەرهەمێکی لۆژیکی لەدایك بوو ئەویش (دروست کەری مێژوو ئەو ڕۆشنبیرانە یان ئەو ڕۆشنگەرانەن کە بێ لایەنی لە لایەن گەلەوە نابینن (بەشێوەی کۆمەڵ)، ڕۆشنگەرانی بۆرژوا ڕوانگەی خۆیان دژی سیستەمی دەرەبەگ و دەوڵەتی دەرەبەگ بوو هەروەها ئاراستەی دینیشیان دەکردو بەتایبەتی کڵێسە بۆیەش ڕووکارێکی پێشکەوتنخوازانەیان وەرگرت.

ڕاڤەکردنی جوگرافیایی بۆ مێژوو:

هۆکارە جوگرافیاکان وەك باران کەش و ڕووبارو خاك و سامانی کانزایی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی گۆڕانی ڕەوتی مێژووی بەشەری و گواستنەوەی شارستانێتی مرۆڤایەتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، ئەو هۆکارەو گشتیەکانیان مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ بەرگری یە گشتیەکان کە وای لێدەکات زاڵیان کات بەسەر سروشت و کۆمەڵگادا، دوایش هەر ئەوە کە چارەنوسی ئەوەی دەداتێ کە لە توانایدا بێت و بتوانێت بەسەر ئاستەمە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکاندا کە بەربەست دەبن لەبەردەمیاندا زاڵ بێت بە سەریاندا، ڕەگی ئەو بۆچوونانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانا یۆنانیانەو فەیلەسوفە یۆنانیانە لە پێش هەموویانەوە (ئەبوقراط) و (ئەرستۆ)، (ئەبوقراط) کە ناسرابوو بە (باوکی پزیشکی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (کاریگەری هەواو ئاوو شوێن لەسەر جەستە) هەروەها (ئەرەستۆ)ش لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (سیاسەت)ەوە

دای ئاوه کە پێشکەوتنی یونان لە بیرو سیاسەتدا دەیگەڕانەوە بۆ هۆکاری دەورووبەر کە شوێنی وڵاتەکەی تێکەوتبوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا (ئاسیاو ئەوروپا) چونکە کەشی وڵاتەکەی لەبار بوو لەبەر ئەوەش ڕۆمانیەکان لە سەردەمیدا گوێزرانەوەو بووە هۆکاری جوگرافی (ابن خلدون)یش یەکێك بوو لە زانا عەرەبەکانی سەردەمی خۆی بۆ ڕاڤەکردنی هۆکاری جوگرافی بۆ مێژوو، هەر بۆیە زەوی دابەش کرد بۆ حەوت ناوچەی جوگرافی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەمەشی بۆ ئەوە کرد کە پێشکەوتنێ ببینێ لە شارستانیەتی عەرەبداو هۆکەیشی بۆ شوێنی جوگرافی ناوچەی عەرەب دەگەڕانەوە کە لە جێگایەکی لەباردا دەژیان، بیری جوگرافی کاریگەری کردە سەر (ابن خلدون) بیری (سترابو ٢٤ ب.م) کاریگەری کردبووە سەر (ئەرەستۆ)، (سترابو) زەوی بۆ پێنج ناوچە دابەش کرد، یەکەم گەرمەو بۆ کارکردنی هەمیشەیی دەست نادات لەبە ئەوەی زۆر گەرمە، دوانیشیان ساردن و بۆ کارکردنی هەمیشەیی دەست نادات لەبەرئەوە زۆر ساردە، دوانیشیان لەبارن بۆ پێشکەوتن باشن و دەتوانرێ بە ئاسوودەیی ژیانی تیا بەرقەرار بێت، (مونتسکیو) دیاردەی (تاوان)ی بە ڕاڤەیکی جوگرافیایی ڕاڤە کرد وای دەبینی کە تاوان لە ناوچە گەرمەکاندا زیاتر ڕوودەدەن وەك لە ناوچە ساردەکاندا، واتە ئەو ناوچەیەی کە لە هێڵی (الاستواء) نزیکە زیاتر تاوانی تیادا سەرهەڵدەدات (مونستکیو) لەوە زیاتر دەڕوات بۆ ڕاڤەکردنەکەی

کاریگەری ی. هەوا لە شارستانیەت و کۆمەڵ و مرۆڤدا، جیاوازیەکانی نێوان نەتەوەکان لە سیستەمی سیاسی و ئاکاریاندا (مونتسکیو) وای بۆ دەچێ کە هۆکارەکەی بۆ کەش و جگرافیاکەی دەگەڕێنێتەوە گەندەڵی سیاسی زۆر دەبێ کە زیاتر لە هێڵی (الاستواء)ە وە نزیک دەبینەوە، لای ئەو ناوچەی گەرم و یاسا ئاکاریان و سەربەستی بە سیاسی یەکان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن لە ناوچە گەرمەکاندا (مونتسکیو) یاسا ئاکارە بڵاوەکانی لە کۆمەڵی فەرەنسی لەزەمانی خۆیدا بە بنچینە دادەنا بۆ بڕیاردان بەسەر کاری تاك و کۆمەڵگادا، وای دادەنا کە خۆدوورخستنەوە لەو یاسایانە دوورکەوتنەوەیە لە ئاکاری خۆی، ڕاستیش جیاوازی لە نێوان نەتەوەکاندا لە باری دروست بوونەوە ئەوە جیاوازییە لە نێوان سیسەمی دروست بوون و یاسا کۆمەلایەتیەکاندا، هەندێ پسپۆڕانی هاوچەرخی تاوان تیۆرەکەی مونتسکیو وەك بنچینە بە ڕاست دەزانن، مامۆستا (ئەدون بکنن) زیاتر تیۆرەکەی (مونتسکیو)ی بەڕاست ئاماژە پێکردوو ئەویش بەهۆی لێکۆڵینەوە ئاماریەکانیەوە کە لە ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتالیا پێی هەستا، بنەمای ڕاڤەکردنی جوگرافی بۆ مێژوو لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ئەڵمانیا زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە بە درێژایی دەسەڵاتی نازیەت ڕێبازی جوگرافی سەری هەڵدا بەناوی "Geopolitics" و "Geopolitics) واتا جوگرافی سیاسی بۆ یەکەم جار لە جەنگی جیهانی

یەکەمدا بڵاوبووەوەو کاری پێکرا دوای ئەوەش لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان کاری پێکرا لە نێوان هەردوو جەنگدا ئارمانجی سەرەکیش هێنانەدی خزمەتی حکومەت بوو لە مەیدانی سیاسەتدا لە مەلەسەی جوگرافیادا، زانای سیاسەتمەداری سویدی (Radolf Kjelen) ئەندامی پەرلەمانی سویدی یەکەم کەس بوو کە ئەو مەسەلەیەی وروژاند بە کاریگەرێتی زانای جوگرافی ناسی ئەڵمانی فریدریك راتزل (Ratzel ١٨٤٤- ١٩٠٤) کە وای دەبینی دەوڵەت وەك مرۆڤ وایە لە لایەن پێکهاتەو چالاکی‌یە وەزیفەکانیدا وەك ئەو کەسانە وایە کە دەوڵەتیان لێ پێك دێت لە لایەن پەیوەندیەکانیان بەیەکەوە لەگەڵ دەوڵەتدا وەك ئەندامی جەستەی مرۆڤ وان کە هەر ئەندامێك کارێکی تایبەتی خۆی هەیەو هەر هەموشیان هاوکاری دەکەن و لە خزمەتی جەستەدان، هەندێکیان وەزیفەی هەندێکیانی تر دەبینن ئەگەر بەرژەوەندی جەستەی تێدا بێت، کوێر بە دەستی دەبینێ کەریش بە چاوی دەبیستێ، دەوڵەت بە ڕای راتزل (Ratzel) لە بوون و بایەخداندا پێش تاکەکانی کۆمەڵی خستووەو بەراقی ترین دەزگای کۆمەڵایەتی سەیری دەکات کە کۆمەڵ و خێزانیش دەگرێتەخۆ گەر وا بێت کەواتە دەوڵەت ئارمانجەو خەڵکان بوونە کەرەستەو لە خزمەتیدان، پێویستە لەسەر کۆمەڵ کە مل کەچی داخوازیەکانی دەوڵەت بن گەر لەگەڵ هەندێ بەرژەوەندیەکانیشیانا نەگونجێ و پێویستە قوربانی بدەن لە پێناویدا هەرکات پێویست بکات،

کاتێك بەرژەوەندی لەش پێویستی کرد کەوا تێ‌ك هەڵکەندرێ دەبێ هەڵکەندرێ واش کە بەرژەوەندی دەوڵەت هەروەك چۆن سەرکردە دەبینێ بۆ بەرژەوەندی بەوڵەت زۆرجار لە ناوەوە جەنگ دەست پێ دەکات و کەسان قڕدەکرێن دەبێ لەسەر هەموو داخوازی سەرکردە جێبەجێ بکەن، دەوڵەت و لەشی مرۆڤ لێك دەچن لەبەر ئەوەی هەندێك ئەندامی لەش لە هەندێکی دیکەیان باشترن لە کارەکانیاندا، هەروەها ئەندامی کۆمەڵیش هەندێکیان باشترن لە هەندێکی دیکەیان لە باری کارو فەرمان و بایەخیانەوە ئاوەهاش لە خوارەوە تا سەرەوە واتە تا سەرکردە، بەڵام پەیوەندی دەوڵەتان بە یەکەوە وەك هەمان شێوە وایە دەوڵەت هەیە لە دەوڵەتی دی پلەیەك باشترە لە ڕووی سەرکردەوەو بایەخیەوە، هیگڵ دەوڵەتی بروسی بە مەزنترین دەوڵەتی دادەنا لە ڕووی شوێنەکەیەوە، شازێتی دەوڵەت بەجێگاکەی پێوانە دەکرێت لە پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا وەك ئەو پەیوەندیەی لە نێوان کەسەکانیدا هەیەو هەروەها پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە، تەنانەت لە دەوڵەتە دواکەوتوەکانیشدا خەڵکان نابێ دژی دەوڵەتی خۆیان شۆڕش بەرپابکەن بۆ گۆڕینی قەوارەکەی لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتانە (بە نیسبەت دەوڵەتانی ترەوە شازنین) لەگەڵ ئەوەشدا لە تاکەکانی خەڵك ڕاقی ترد، هەروەها گرژی تاکەکەس لەنێو هەر دەوڵەتێکدا بە پێکەوە هەڵکردنیان سەیر دەکرێت لەگەڵ یەکتریدا واتە تاکەکەس لەگەڵ دەوڵەتدا، سیاسەتمەداری

سویدی (RadolfKjelen) دەوڵەتی وەك لەشی مرۆڤ سەیر دەكرد لەدایك بوونیەوە تا پێشكەوتنی و تا نەمانی، هەندێك لە كتێبەكانی گۆڕدران بۆ زمانی ئەڵمانی لە دوا ساڵەكانی جەنگی جیهانی یەكەم، سەرهەنگی ئەڵمانی خانەنشین (كارل) لە ساڵی ١٩١٩ پەرەی بەو مەسەلەیە داو لێی كۆڵیەوە كە ناوبراو هەمیشە لەگەڵ هیتلردا پەیوەندی بەتینی هەبوو لە ساڵی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ كاتێك هیتلر بەند بوو لە میونخ لێكۆڵەرەوان دەڵێن كاریگەری كرد بۆ سەر بیروڕاكانی هیتلر ئەویش لە كتێبی (تێكۆشانم)ی هیتلر بەدی دەكرا، مەسەلەی (Geopolitics) گرنگی پێدرا لە ئەڵمانیادا كە هەندێ لقی تری لێ بۆوە، وەك "Geostatigy و Geo-economic و Geo- medicine" یەكەم بەشیان بایەخ دەدات بە مەسەلەی كاریگەری دەوروبەری سروشی (هۆكار جوگرافی) لەسەر تاك و كۆمەڵ بایەخێكی زۆری پێدرا لەلایەن لێكۆڵەرەوە پیشەواكانی لێكۆڵینە زانستەكان ئەو بایەخەی ئاشكرا كرد بۆ دروست بوونی دوولایەنی فەلسەفی و بایەلۆژی بۆ تاكەكانی كۆمەڵ هەروەها لە لایەنی ڕۆشنبیری و كۆمەلایەتیشەوە كاریگەری خۆی كرد، كاریگەری دەوروبەری جوگرافی دەركەوت بۆ مرۆڤ لە لایەنی لەش (وەك بیرو دروست بوون و مەزاج)، جیاوازی لە نێوان پێستی زنجیەكانی ئەفریقیاو خەڵكی ئەڵمانیا (كە هتلر بە گەلێكی شازی دادەنان) زانستیانە ئیسپات كرا كە جیاوازی ڕەنگی پێستی ئەڵمانی ڕەنگی پیستی زنجیەكان بنەماكەی دەگەڕێتەوە

بۆ هۆکاری جوگرافی و کەش هەروەها لەسەر لەشی مرۆڤ، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان وای بۆ دەچن کە هەندێ بیروڕای ئاینی و سیاسیو ئاکاری دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دەوروبەری جوگرافیان، دەوروبەری سارد کە ئەسکیمۆکان تیایدا دەژین، ئەو جێگا ساردیە وای لێکردن، کە بۆچونیان بۆ بیری بەهەشت لایان لە لایەنی دینیەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لە دۆزەخ لە دینی ئیسلامیدا هەندێ جار کەش کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکات لەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤ بێئەوەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی لەشی مرۆڤدا دروست ببێت، لێکۆڵینەوە بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو لە ڕووگای جوگرافیاوە ئەم سێ ڕایەی خوارەوە دەدات بە دەستەوە:

١-ڕای مامۆستا Metinko FF کە مێژووی شارستانیەتی بەشەری دابەش کرد بە شێوە گشتی‌یەکەی بۆ سێ ماوە بەپێی شوێنی ئاو لە ناوچە جوگرافیەکەیدا ئەویش:

أ-ماوەی شارستانێتی کۆن کە لە لێواری ڕووبارەکانەوە دەست پێدەکات وەك شارستانێتی (وادی الرفدین) و (الرافدین)و ئەو شارستانیەتانەی کە لەسەر لێواری ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی خوارو دروست بوون بە تایەبتی لە (هند) و (چین) ئەو ماوەیە بە (Potamic) ناونرا،

ب-قۆناغی دووەم- گوێزانەوەی شارستانیەتە بەشەریەکان لە لێواری ڕووبارەکانەوە بۆ لێواری دەریاکان کە شارستانیەتی تیا دەرکەوت وەك

شارستانیەتی فینیقینی و یۆنانی لەسەر لێواری دەریای ناوەڕاست ئەو قۆناغەش ناونرا "Thalassic".

جـ-لەم قۆناغەدا بنەمای شارستانیەتەکان گوێزرانەوە بۆ زەریاکان دەوڵەتە گەورەکان سەریان هەڵدا لە ئەورووپا ولاتە یەکگرتووەکان و ڕۆژهەلاتی ئاسیادا و ئەم قۆناغەش ناونرا "Oceanic".

٢-ڕا وا هەیە کە دەڵێن جەمسەری شارستانیە بەشەریەکان هەمیشە دەچن بەرێوە لە ناوچەی خوارووە گەرمەکانەوە بەرەو ناوچەی شیمالی سارد لە تۆپی زەوییەوە.

٣-ئەو ڕایەش کە مامۆستا (Zensser) کە زانای بکتریولوژی ئەمریکی هارچەرخ بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێ (کە مێژووەکان و باو مکروبات و تاعون) ئەو جۆرانە دەمرن و گەشە دەکەن و بلاو دەبنەوە بە هۆی هۆکاری دەوروبەرو جوگرافیاوە) ئەوەیە کە ڕووی مێژووی مرۆڤایەتی بە لایەکی تردا دەبات و جەمسەرە شارستانیەتە بەشەریەکان دەگوازرێتەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، مامۆستا "Zensser" تیۆرەکەی لە کتێبێکدا پەخش کردووە لە ژێر ناونیشانی (مشك و ئەسپێ لە مێژوودا) بۆ بابەتەکەی هەندێ نموونەی مێژوویی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی بسەلمێنێ.

ڕاڤەکردنی ڕۆحی بۆ مێژوو:

ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە لای هیگڵ پەرەی سەند لەوکاتەدا کە ژیاوە لە ئەورووپا لە ماوەی جەنگەکانی ناپلیۆندا دەژیا هەروەها بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسی، ڕاڤەکردنی مێژوو لای هیگڵ پەیوەندی پتەوی هەیە بە فەلسەفە گشتی‌یەکەیەوە هەروەها بۆچوونەکەی بۆ گەردوون و کۆمەڵ و مرۆڤ، دەتوانین بڵێین کە گەردوون لە بۆچوونی هیگڵدا بە یەکەیەکی فرەیی بەش بەشی بەناویەکدا چوونە کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی گرتۆتەخۆ واتەی گەردوون لە یەکە بچووکەکان دروست نەبووە (وەك چۆن مرۆڤ لێکی داوەتەوە) کە پەرش بووە بە فەزادا وەك دار و خەڵك و ماڵ و لەو شێوانە بەڵکو یەکەی بچووکە لە بەشی جیهانی گشتی‌دا لەسەر ئەم بنچینەیەش پێویستە لەو بەشانە بکۆڵینەوە کە (وەك پەخش بوو یەك وایە لە فەزادا کە مرۆڤ بە هەستەکانی دەرکی پێ‌دەکات بە شێوەیەکی هەمیشەیی ئەمەر ئەگەر بمانەوێ تێ‌بگەین لە ڕاستی‌یەکانیان) کەوابێ پێویستە پەیوەندی

بەشەکان بە بەشەکانی ترەوەو بە گشتەوە کە بەشێکە تیایدا بکۆڵێنەوە، بەڕای هیگڵ ئەو گەردوونەی کە هەستی مرۆڤایەتی دەرکی پێدەکات ناتەواوەو (ناقص) دەگۆڕدرێ ئەگەر بە خودی باڵا پێوانە نەکرێ یان هێزی ئاسمانی کە دۆزیویەتەوە، خودی باڵاو ئیرادەی زیرەك یان گەردوونی دروست کەر (خودا) بە ڕای هیگڵ یەکەم قۆناغە لە دروست بوونی جیهاندا واتە بوونی بوونەوەرە، شتێکی تەواوە لە دروست بوونیداو سەرچاوەی خێرو حەق و جوانی لە کاکڵەکەیدا (سام)ەو هەستەکانی مرۆڤ درکی پێناکات گەر موستەحیل بوایە خەڵکان اکنهە دەرك پێبکەن بە دەرکێك هەستی و زیرەکی ئەوا ناویان لەسەرو باڵای هەست و بیریانەوە دادەنا خۆیشی ناچار دەبوو کە خۆی پیشان بدات بۆ خەڵکان لە ڕێگای دروستکراوەکانیەوە بۆ دژایەتیەکانی کە جیهانی سروشتیە ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین یان ئەو گەردوونەی کە هەستەکانمان درکیان پێ دەکەن، بەڵام دوای غایەی ئەو دروست کراوە ئەوەیە بەرزکردنەوەی گەردوونە بۆ سەرەوە کە تیایدا دەژین. بۆ پلەیەك کە بگاتە پلەی دروست کەری بۆ گەیشتن بەوە گەردوونێکی سێهەم دروست دەبێ نزم تر لە پلەی دروست کەر ئاسراوتر لە ئاستی گەردوون کە تیایدا دەژین، فەلسەفەی مێژوو لای هیگڵ لەسەر بنەمای گشتی فەلسەفەکەی دەمەزراوە، مێژوو لە بۆچوونی ئەودا کۆمەڵێ ڕووداو نیە (سروشتی یان کۆمەڵایەتی) لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوانە گرێ دراون بە گەردوونەوە ئەو گەردوونەی تیایدا دەژین، بەڵکو مێژوو ئەو بیرەیە کە

ئەو ڕووداوانەی هێنایە پێش، هیگڵ ئەو بیرە بە بیری ڕەها ناودەبا یان ئاوەزی ڕەها کە لە پەستمۆلۆژیەکەیدا بەرەنگاری سنووری زەمان و شوێن دەبێتەوەو ناوی لێ دەنێ، سەرو هەموو شتێ، دامان ئا کە ئاوەزی ڕەها کە ناو دەنرێ بەسەرو سنووری زەمان و شوێن بۆ مێژوو کە ڕووداوەکەی سنووری زەمان و شوێن نیە، ئاوەزی ڕەهاش کە هەمووی خێرو چاکەیە (کە سەرچاوەی یەکسانی و سەربەستی و جوانی‌یە) دیارە لەسەر ئەو بنچینەیە مێژوو هەمووی خێرو یەکسانی‌یە، (ڕووداوەکانیش کەوا لە مرۆڤ دەکەن وەك ئەوەی شەڕ بن) ئەمەی دوایی وای لە خەڵکان کرد کە تێگەیشتنیان لێڵ بکات لەبەرئەوەی لە جیهانی غەیبیانیەت تێ نەگەیشتوون، مێژووی ئاوەزی ڕەهاش (سام)ە لە کاکڵەو مەبەستەکەیدا موستەحیلە لەسەر مرۆڤ کە (کنهە) دەرك پێبکەن، ناچار دەبوو کە خۆی ئاشکرا بکات بۆ خەڵکان لە ڕێگای دروست کەریەوە بۆ دژەکەی، ئەو دژەش ڕوادوەکانە (سروشتی یان کۆمەلایەتی کە لەو گەردوونەدا ڕوودەدەن کە تیایدا دەژین) کە (هەڵە)ی پێ دەڵێن لە مێژودا، ئەوە جوانترین دیاردەیە کە ڕای هیگڵ خستیەڕوو لە ڕۆژهەلاتی خوارو سەرەوەدا لە سەردەمی خۆیدا، خەڵکان بۆ ئیرادەی کەسێك کە بڕیاردەرە یان بۆ سوڵتانێك مل کەچ دەبن یان بۆ ئەو فەرمانەی کە سەربەستی خەڵکان زەوت دەکەن کە بەرژەوەندیان دەشێوێنێ و تەنها خۆیی و داروودەستەکەی سەربەستی ڕەهایان پێ ڕەوا دەبێ بۆچوونی هیگڵ بۆ ئاوەزی ڕەها کە دەیەوێ بەرز بێت بۆ ئاستێکی بالای بەشەری لە هەموو

لایەنێکەوە، گەلی ئەڵمانی دروست کرد وەك بازنەیەکی نێوەندی لە نێوان مێژوی ڕەماو مێژووی ڕۆژهەلاتی خوارو سەرو، لەسەر گەلی ئەڵمانیش پێویستە مل کەچی ڕەها بن بۆ سیاسەتمەداریان و ئەو سەرکردانەی کە خواوەند هەڵیانی بژاردووە بۆ ئەوەی نەتەوەکان ڕزگارکەن و بیانبەنە ژیانێکی باشتر، لەسەر ئەو بنچینەیە گەلی ئەڵمانی خاوەن پەیامێکی ئاسمانی دەبێت و دەبێت بە خەڵکی ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی لە تاریکی‌یەوە بیانباتە ڕووناکی، ڕای هیگڵ وایە کە سەرکردە ناتوانێ بە ئیرادەی خۆی مێژوو دروست بکات، یان ڕەوتی بگۆڕێ بەڵکو ئەو تەنها ئیرادەی خوداوەند جێبەجێ دەکات و ڕۆڵی تایبەتی دەبینێ لە کۆمەڵگادا هەروەها دوایش بەپێی ئەو ئیرادەیە نامێنێ، لێرەدا وا دەردەکەوێ کە سەرکردە زۆرجار نوشوست دەهێنێ لە جێبەجێکردنی پەیامەکەیدا، بە ڕاستی ئەو لە ڕووی خودی بالاوە نوشوستی نەهێناوە کە ویستویەتی ئەو کارەی پێی هەڵسێ کە پێی هەستاوە، سەرچاوەی نوشوست هێنان دەگەڕێتەوە بۆ کەم بوون لە دەسەلاتدا نەك بۆ سروشتی کارکردنەکەی، هیگڵ وای دەبینێ کە دروست بوونی مرۆڤ لە ڕوکارێکی تەواوەوە نیە تەنها لە ڕێگای ئەوەوە نەبێت کە مل کەچ بکات بۆ دەزگا کۆمەلایەتیەکان و لە پێشیەوە (لە دروست بوون و بایەخیەوە نەبێت) دەوڵەت، کۆمەڵ، خێزان و سیستەمی دین و فەلسەفەیی و زمانی و زانستی و هونەری و... هتد، هیگڵ دەڵی کە دەوڵەتان جیاوازن لە یەکتری بەهۆی دروست بوون و بایەخیانەوە دەوڵەتی بروسی پێشەوایە لە دیدی

ئەودا بە پێویستی دەزانێ بۆ پێشکەوتنی بەشەریەت مەقی خۆیەتی کە بڕیار بدات و دەوڵەتانی تر گوێ بۆ فەرمانەکانی شل بکەن هەقی خۆشیەتی کە جەنگ بەرپا بکات لەگەڵ دەوڵەتانی تردا چ کۆمەڵ بن یان تاك دەوڵەت بن (هەرکاتێك پێویست بکات) بۆ هێنانەدی پەیامەکەی بەڵام دەوڵەتانی تر مافیان نیە جەنگ بەرپابکەن دژی دەوڵەتی بروسی گەر وابێ ئەوا یاخی بوون سەرهەڵدەدات، هیگڵ وای بۆ دەچێ کە هەموو دەوڵەتێك بەلای خەڵکانیەوە بەرێز و رێزی هەیەو پێویستە لای تاکەکانی گەلەکەیان جێی شانازی بن و پێویستە لەسەر خەڵکان مل کەچ بکەن بۆ دەوڵەت و رێزی لێ بگرن دەرچوون لەو سیستەمەو دەرنەچن تا بە سەربەستی خۆیان دەگەن، هیگڵ وای دەبینێ کە شۆڕشی گەل دژی دەوڵەت دەرچونە لەو سیستەمەو پێشێل کردنی رێبازی سەربەستیە کە خۆیەتی، بەڵام هیگل وای دەبینێ کە هەندێ جار جەنگ لە نێوان دەوڵەتاندا پێویستە ئەمەش بە دواداچوونی ئیرادەی خوداوەندە، یەکەم دەوڵەتیش کە نوێنەری ئیرادەی ئاسمانە دەوڵەتی بروسیە کە هەر خۆی مافی ئەوەی هەیە کە بانگ هێشتی جەنگ بکات دژی دەوڵەتانی تر هەر کاتێك پێویست بێت.

ڕاڤەکردنی مەتریالیزمیانە بۆ مێژوو:

ڕاڤەکردنی مەتریالیزمی بۆ مێژوو لە لایەنی فەلسەفی‌یەوە پێی دەوترێ مەتریالیزمی مێژوویی، مەتریالیزمی مێژوویش خۆی بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ناسراوە کە (کارل مارکس) و (فردریک ئەنگلس) دۆزیانەوە لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ ڕاڤەکردنی سروشتی دەوڵەت و پێگەیشتنی و بایەخی لە لایەکەوە بۆ ڕاڤەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵ لە دوو لایەنەوە ڕامیاری و ئابووری لە لایەکی ترەوە بۆ ڕاڤەکردنی مێژوو و هۆکاری ڕووداوەکان لە ڕوویەکی ترەوە، مەتریالیزمی مێژوویی لایەنێکی کۆمەڵایەتی‌یە لە مەتریالیزمی دیالەکتیکدا کە فەلسەفەی گشتی مارکس و ئەنگلسە کە لە سروشت و گەردوون و یاسا گشتی‌یەکان دەکۆڵێتەوە مەتریالیزمی فەلسەفی و مەتریالیزمی مێژوویی پێکەوە پێوەندی ئۆرگانیکیان هەیەو لە کۆی خۆیاندا (فەلسەفەی

مارکسیتی) پێك دێنن چونکە بێ تێگەیشتن لە مێژووی کۆمەڵ لە باری مادیەوە دەرکی مادی جیهان، تەواو نابێ و ئەمەش کارێکە کە بە هۆی (مـارکس ١٨١٨-١٨٨٣) و (ئـەنگلس ١٨٢٠-١٨٩٥)ەوە بـە ئـەنجام گەیشت و مەتریالیزمی شێلگیر سەری هەڵدا پێش مارکس و ئەنگلس تەنانـەت مەتریالیستەکان لـە شـیکردنەوەی کۆمەڵایـەتی مێژوویـیدا ئایدیالیسـت بـوون و زە یـن پەرسـت و وا بیریـان دەکـردەوە ئـەوە بـیرو ئیرادەی پیـاوای گـەورەو هـەڵبژاردراوی کۆمەڵایـەتی یـان بیروبـاوەڕی گشـتییە کـە مێـژوو هەڵدەسورێنن واتـا بـە کـردەوە شـعورو زانیـاریی کۆمـەڵیان بە خولقێنەری بوونـی مـادی و ئابووری کۆمـەڵ دادەنا نـە بە پێچەوانە مەتریالیزم لە مەتریالیزمی مێژوویی‌دا بەو شێوە خۆ دەنوێنێ کە لێرەشدا بەرهەم هێنانی مادی‌یەکە دەوری دیاریکەر لـە گەشەکردنی کۆمەڵ دا یاری دەکا، نەك ژیانی مەعنەوی کە خۆی لایەن لق و پۆپـی و دابڕاوی هەیە هەر بۆیە بناخەی لە پێش بوونـی مادەو لە پاش بوونـی شـعور کـە بناخـە نـاوەندیی کۆڵەکـەی بنـەڕەتی مەتریالیزمـە لەگـەڵ مەیدانـەکانی مێـژوو کۆمـەڵدا دەقـاودەق دێتـەوە، ئـەو یاسـایانەی کـە مارکس دایڕشت بۆ ڕاڤە کردنی گەردوون لەمانە پێك دێت:

أ-یاسـای سـێ دیاردەکـە: دژایەتی‌یـەکان و کاریگەریـە چـون یەکـەکان یەکەی دژایەتی‌یەکان: هەموو بوونێك لە سروشتدا لە مەسەلەی مادی هەست پێکـراوە یـان بـیری ئەبسـتکراد دوای شـیکردنەوەی دەتوانـین

بیگەڕێنیەوە بۆ توخمە دژایەتیەکانی لە پێکهاتەکەیدا سەرەڕای ئەوەی ئەو توخمانە دژن لە دروست بوونی سروشتیاندا یەکگرتنیان شێوەی فریاگوزاری و کاتی دەردەخات واتە ئەو یەکەی ك دەبینین لە ڕووداو و بیردا یان لە شتە مادیەکاندا شتێکی کاتیەو ئامادەی لێك ترازانە لە هەموو چرکەیەك لە چرکەکانی بووندا لەمەش گۆڕان دروست دەبێت ئەو گۆڕانەش یاسای گشتیە کە مل کەچ دەکات بۆ کارتێکردە لە هەموو هێزی سروشتیدا لەگەڵ ئەم لۆژیکەدا جێگیری حاڵەتێکی فریاگوزاری دەبێت کە بوونێکی کاتی هەیە هەموو شتێ لە سروشتدا مێژوویەکی تایبەتی هەیە لە پەیوەندی بەشەکان بەیەکەوە، پەیوەندی هەموو شتەکان بە شتەکانی ترەوە لەبەرئەوەی هەموو شتێ لە سروشتدا دەگۆڕێ تەنها گۆڕان نەبێ کە ناگۆڕدرێ،

ب-یاسای گۆڕان چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و بە پێچەوانەوە:

وای دەبینین کە هەموو شتێ لە سروشتدا لە گۆڕانێکی هەمیشەییدایە واتە کەشتەکان دەگۆڕدرێن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جاری وایە بۆ چۆنایەتی یا بۆ چەندایەتی، لەسەر ئەم بنچینەیە ئەو گۆڕانەی کە بەسەر قەوارەکەیدا دێت وەك شتێکی حەتمی ئەو قەوارەیە دەگۆڕدرێ لە ڕێی ڕوودانی سیفەتە نوێکانەوە کە شتە نوێکە دەگرنە خۆ هەروەك چۆن سیفەتی کۆنی هەبوو لە پێشدا هەر لە ڕێی ئەو سیفەتە نوێیەوە شتە کۆنەکە دەگۆڕدرێ بۆ شتێکی نوێ کە زۆر جیاوازە لە کۆنەکە، بۆ

جیاوازی لە نێوان گۆڕینی چەندایەتی و گۆڕینی چۆنایەتی دەبین ئەوەمان لەبیر نەچێ کە یەکەمیان زیاترو کەمتر هەڵدەگرن لە شتەکان خۆیاندا یان لە بڕەکەیدا بەڵام گۆڕینی چۆنایەتی گۆڕینی شتی کۆن بۆ شتی نوێ هەڵدەگرێ کە زۆر جیاوازە لێی لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام گۆڕینی چەندایەتی زۆرجار گۆڕینی چۆنایەتی لێ پەیدا دەبێت و بە پێچەوانەشەوە، بۆ ئەوەی کە شتێك بگۆڕدرێ لە لایەنی چەندایەتیەوە بۆ شتێکی تر کە لە خۆی جیاواز بێت جیاوازیەکی چۆنایەتی پێویستە حاڵەتی گۆڕینی بگاتە گوێزانەوە یان بگاتە پلەکەی زۆر جار ئەو ڕووداوە وەك شتێکی کت و پڕیش ڕوودەدات یان بە خێرایی ڕوودەدات ئەگەر نمونەی ئاومان هێنایەوە کە دەگۆڕدرێ بۆ هەڵم ئەوکاتەیە کە پلەی گەرمی دەگاتە پلەیەکی دیاریکراو کە کاری گۆڕینی تیا دەگرێتەخۆ کە بەشەکانی ئاوی لێ دروست دەبێت خێرایی زیاد دەبێت ئاکامی زیادبوونی پلەی گەرمی کە لەگەڵ کردارەکەیدا لێك دەدات کە ئاویش لە حاڵەتی شلیدایە هێزی ڕاکێشکەر لە توانایدایە لە نێوان بەشەکانی لکاندن ڕووبدات لەنێو ئەو بەشانەدا لەوانەیە ئەوە ڕووبدات.

گەر پلەی گەرمی ئاوەکە زیاد بکرێت ئەوا هەندێ لەو بەشانە دەردەچن و مەیلی جیابوونەوەیان دەبێت، ئەگەر زیاتر پلەی گەرمی بەرزبکرێتەوە ئەوا ئەو بەشانە کە مەیلی جیابوونەوەیان هەبوو هەندێکیان دەبنە بڵق و دوایش بەرزدەبنەوە بۆ نێو فەزا لە شێوەی هەڵمدا ئەو هۆیەش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێیەی لە نێوان ئەو دژانەی هەیە لە سروشتی کتریە ئاوەکەدا ئەو ململانێیە مارکسیەکان وای ڕاڤە دەکەن کە لەنێو شتی کۆنی (ئاو)و شتی نوێ (هەڵم)دا ڕوودەدات.

جـ-باسی نەی نەی لێکراو (نفی النفی):

لە دیالیکتیکدا چوار یاسای زەق هەیە: یاسای پێوەندی و گەشەکردنی گشتی/ یاسای تێپەڕبوون لە ئاڵوگۆڕە چەندی‌یە پلە بە پلەو بەرەبەرەیی‌یەکان و گەیشتن بە ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی لە ناکاو یاسای یەکبوون و خەباتی دژەکان یاسای (نفی النفی) مارکس دەڵێ (هەر بەرەو پێش چوونێك سەربەخۆ لە ناوەڕۆکی ئەو دەکرێ وەك زنجیرە هۆیەکی جۆراوجۆر لە بەرچاو بگرین لە پێوەندی ئەو زنجیرانە لەنێو خۆیاندا بە جۆرێکە کە یەکیان نەی ئەوی تریانە (واتا یەکیان نەفی ئەو تر دەکات) نەفی نەفی کارێکە کە مادە تیایدا شی‌دەبێتەوە بۆ بەشە جیاوازەکانی کە جۆرە سروشتێکی لێك دوورخراوە دەگرێتەوە (بەپێی لۆژیکی یاسای یەکەم) لەبەرئەوەی هەموو نەی لێکراوێك لەگەڵ خۆیدا چرۆی نەی لێکراوی هەڵدەگرێ یان دژایەتیەکەی هەڵدەگرێ، لای مارکسیەکان نەی لێکراو لە کاکڵەکەیدا هۆکارێك نیە بۆ داڕوخان، بەڵکو توخمێکە لە توخمەکانی نوێبونەوەو بیناکردن واتە ڕوودای نوێ دەهێنێتە ئاراوە کە لە کۆن ڕێك تر بێت، بەڕای مارکسیەکان نەی لێکراو کۆن دانانڕمێنی وەك حەتمیەتێك بەڵکو توخمە جودابووەکانی دەردەهێنێ و ناوچە شل و

شێوازەکەی لادەبات کە لە قەوارەکەیدا هەیە بەمەش توخمە بەهێزەکەی دەپارێزێ کە دەتوانرێ نوێی لێ پەیدا ببێت و بۆ خۆی هەڵی دەگرێ، بەو شێوەیەش نوێ کە لە نەی لێ کراوەوە پەیدا بووە وای لێ دێ دەبێتە شتێکی نوێ یان شتێکی نوێی لێ لەدایك دەبێ کە باشتر ڕێك تر دەبێت لەوی دی ئەمەش ئاکامی نەی نەی لێکراوە. بە ڕای مارکسیەکان نەی لێکراو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتن هەروەها نەی نەی لێکراو هۆکـارێکی پێشـکەوتنە کـە ئـەویش پەیوەسـتە بـە مـەتریایزمی دیالەکتیکەوە بەڵام پراکتیزەکردنی ئەو فەلسەفەیە بەسەر کۆمەڵدا بە مـەتریالیزمی مێژوویـی ناسـراوە کۆمـەڵ لـە دیـدی مـەتریالیزمی مێژوویی‌یەوە مل کەچە بۆ سێ یاساکەی کە باسمان لێوەکرد، کۆمەڵ لە دوو چین پێك هاتووە دوو چینی دژبەیـەك لـە بـەرژەوەندی ئارمـانجدا، چینێکی بۆرژوازی مستغلە کە لە خاوەن سامان پەیدابوون و چینێکی تر پرۆلیتاریایە مستغلە کە هەر لە خۆیەوە کارناکات بەڵکو خاوەن سامان کـاری پێ‌دەکـات، مـارکس و هاوڕێکـانی لـە خاوەنـانی ڕاڤـەکردنی مەتریالیزمی مێژوویـی دەڵێـن کـە هۆکـاری ئـابووری تاکـە هۆکـارە کـە کاریگـەری خـۆی هەیـە بـۆ پەیوەندیـەکانی نەتـەوەو گەلانـەوەو ڕەوتـی مێـژوو دەگـۆڕێ، مەبەسـتی هۆکـاری ئـابووری کـە شـێوەیەکە لـە کەرەستەکانی بەرهەم و یاسا موڵکایەتیە باوەکـان ئەمـە لـە لایـەك و لەلایەکی تـرەوە ئـەو سیستەمە کـە دابەش کردنـی سـامان و قازانجـەکان

ملی بۆ ک ،چ دەکەن لە نێوان بەرهەم هێنەران و موڵکدارەکاندا هەروەها سەربەخ کاندا لە لایەکی ترەوە، هۆکاری ئابووری لە دیدی ئەواندا پێکهاتە ی کۆمەڵایەتی و سیستەم و شێوەی ژیان و فەلسەفەکەی دەگۆڕێ، هەر جیاوازیەك لە کۆمەڵگادا لە یاساکانی دروست بوونیداو فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی جیاوازانە لە جۆری ژیانی ئابووری و باو تیایدا، مارکس و هاوەڵەکانی هاوشێوە لێك چوونەکان لەنێو هەندێ کۆمەڵگادا لێك دەداتەوە بەهۆی یاسا دروست کەریداو، پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە ژیانی ئابوریان دەگەڕێنێتەوە، کەواتە دەردەکەوێ کە ڕاڤەکان مەتریالیزمی بۆ مێژوو کۆمەڵگای بەشەری دابەش دەکەن لەسەر بنچینەی سیستەمی ئابووریە باوەکەیان نەك لەسەر بنچینەی جوگرافی یان توخمی زمان، واتە هۆکاری ئابووری کاریگەری دەخاتە سەر کۆمەڵی بەشەریەت نەك کاریگەری هەبێ لەسەری، وای دەبینن کە هەر ڕووداوێك لە سیستەمی ئابووری کۆمەڵێك لە کۆمەڵگادا وەك شتێکی حەتمی بەرەو گۆڕانی گەورە دەچن لە هەموو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا سیستەمی سیاسی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان فەلسەفە دروست کەرەکان و دینیەکان ڕاڤەکەرانی مەتریالیزمیەت وای دەبینن کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی بەشەریەت پێی تێپەڕیوە لە پێشکەوتنەکانیدا لە لایەنی ئابووریەوە (بێجگە لە کۆمۆنەی سەرەتایی) ڕاقی ترین قۆناغە لە قۆناغی پێش خۆی، نمونەش

قۆناغی دەرەبەگی شازترە لە قۆناغی کۆیلایەتی زەوی ی سەرمایەداریش شازترە لە دەرەبەگ بەو شێوەیە هەموو قۆناغێك لەو قۆناغانە گۆڕانکاریەك هاتووە بەسەر کەرەستەی بەرهەمدا هەروەها بە دوایدا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە باوەکانیش گۆڕاوە کە ململانێیەکی توندی پێوە دیاربووە لە نێوان کەرەستەی بەرهەمە نوێکانو لە نێوان جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەوەی کۆمەڵگا بۆی مارەتەوە لە باوباپیرانەوە کە لە قۆناغی ئابووری پێشوودا دەژیان کە جۆرو شێوەی کەرەستەی بەرهەمیان جیاواز بووە لە قۆناغی نوێ، ئەوەش وا دەکات کە ئەو پەیوەندیانە لەمپەرێك بێت لە بەردەم گەشەی کۆمەڵدا کە خۆی لە سەردەمی کۆندا یەکەم هۆی پێشکەوتن بووە، ئەمەش بەندە بە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کەرەستەکانی بەرهەم تا دەگاتە قۆناغی سوشیالیزم بۆ ئەوەی مێژوونوس کە دەیەوێ لە مێژوو بزانێ یان لە مێژوو بکۆڵێتەوە دەبێ پێش هەموو شتێ جۆری ژیانی ئابووری باری کۆمەڵگا شیبکاتەوە دوایش بچێتە نێو لێکۆڵینەوەی دیاردە ژیانیەکانی تر /سیاسەت/ دین.. هتد، لەبەرئەوەی ژیانی ئابووری لە دیدی ئەواندا یەکەم بنچینەی متمانە پێکراوە کە هەموو دیاردەکانی ژیانی تری لێ پەیدا دەبێت، کەوابێ مێژوو بە سیفەتی گشتی پێشکەوتنی ڕۆح لە زەماندا و هەروەها سروشتیش پێشکەتنی هزرە لە شوێندا.

ڕاڤەکردنی سووری (الدوری) بۆ مێژوو:

هەندێ لە مێژوونوسان هەن لە پێشیانەوە (ابن خلدون) هەروەها مێژوونوسانی سەدەی نۆزدەهەم وەك نیکولای دانیلیفزکی روسی و مێژوونوسی ئەڵمانی شنبکلرو توینبی ئینگلیزی وای دەبینن کە ڕەوتی مێژوو بەپێی سیستەمێکی تایبەتی بەڕێوە دەچێ، ئەگەر ڕوخاندنی دەوڵەت سروشتی بێت ئەو ڕووداوە بە ڕووداوێکی سروشتی دێتە بەرچاو وەك چۆن لە مەزاجی ئاژەڵیدا هەیە کەواتە ڕووخاندن نەخۆشی یەکی قورسە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت یان بەرزبکرێتەوە، مێژوونوسی ڕوسی (Nikolai Danilevis) لە کتێبەکەیدا کە ساڵی ١٨٦٩ داینابو وای دەرخست کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی لە (کۆمەڵێك ڕۆشنبیری مێژووی جیاواز) پێك دێت بۆ هەریەکەشیان تایبەتمەندی و ڕۆڵی خۆی هەیە لە بەرەو پێش چوونی مرۆڤایەتی لە هەموو لایەکەوە ئەو کۆمەڵانە بە دوانزە کۆمەڵە دیاری دەکات کە سەریان هەڵداوە وەك

کۆمەڵەی ڕۆشـنبیری میسری و چینـی ئاشووری و بابلی و فنقینـی و سامی کۆن و هندی و ئێرانی و عیبری و یۆنانی و ڕۆمانی و سامی نوێ یان عەرەبی و ئەڵمانی و ڕۆمانی و یان ئەوروپی و هەروەها ڕۆشنبیری نیوەی زەوی ڕۆژئاوا بە تایبەتی مەکسیکی، ئەم مێژوونوسە ڕەگەزی بەشەری دابەش کرد بەپێی ئاڵ و گۆڕ کردن لە ڕووداوە ڕۆشنبیری و شارستانیەکاندا بۆ سێ بەش، بەشی یەکەمی ناونا بە گەلە ئەرێیەکان یان لە گەلە داهێنەرەکان کە شارستانیەت لەسەر شانیان دامەزراوە بەشی دووەمیشی ناونا بە گەلە نەرێیەکان یان گەلە تێکدەرەکان وەك مەغۆل و هون و تورکەکان بە تایبەتی (لە یەکەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتیاندا) ناوی بەش سێهەمیشی ناونا کە نە تێکدەرن و نە داهێنەرن لە خۆیانەوە بەڵکو چاورەێی ئەو گەلانە دەکەن کە لێیان وەردەگرن، بەڵام مێژوونوسی ئەڵمانی (اوسکار شینکلر) کە لە نێوان سالانی (١٨٨٠-١٩٣٦)دا ژیاوە وای دەبینێ ڕۆشنبیری لە سووڕی ژیانیداو پێشکەوتنیدا بە چوار قۆناغدا تێدەپەرێ وەك وەرزی ساڵی کەش وەك سووڕی منداڵی بە (بەهار) وێك دەچێنێ کە لایەنی سیاسی و ئابووری دەگرێتەخۆ ئەویش بە بلاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی و دەسەلاتی دەرەبەگ لە بڕیاردانادا بۆ سەر کۆمەڵ لە هەموو لایەنێکەوە، ڕۆڵی هێزو گەشەکردن بە (بەهار) وێك دەچێنێ کە ئەمەش گوێزانەوەی دەسەلاتە لە لادێوە بۆ شار کە پیشەسازی پەرەدەستێنێ و دەبێتە هۆی

گوێزانەوەی سامان لە دەسەڵاتی دەرەبەگ بۆ دەسەڵاتی چینی ناوەند لە بازرگانەکان، ڕۆڵی هەڵوەرین و داڕمان بە (پایز) وێک دەچێنن ڕۆڵی پوکانەوە ـ توانەوە بە (زستان) وێک دەچێنن، هۆکاری ئەو گۆڕانانە دەگەڕێنێتەوە بۆ شتە غەیبیەکان کە پێویست ناکات بزانرێن لەم حاڵەتەشدا دیاریکراوە کە کاریگەری فەلسەفەی هیگڵ لەسەر شبنگلر بووە بۆ ڕاڤە کردنی مێژوو، شبنگلر لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەژێر ناوی (داڕمانی ئاوا)دا کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا نوسیەوە دەڵێ (هەموو ڕۆشنبیریەک وێک دەچن لە لایەن گەشەکردن و پێشکەوتنیدا) بە لەشی مرۆڤ کە ڕەوتی ژیانی بە چەند گۆڕانێک تێدەپەڕن، قۆناغەکانیش قۆناغی منداڵین وەک چۆن لە باری کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا لە لایەنی ڕۆشنبیریەوە دواکەوتوون و دوایش سیستەمی سیاسی و سەربازیان گەشەدەکات و هۆشیاریشیان گەشە دەکات و پێش دەکەون بۆ قۆناغی چوارەم واتە شارستانیەت یان مەدەنیەت (Civilzation) کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە جیاوازی دەکات لەوانی تر، لەم کاتەدا کە (ماوەی کاتی شارستانیەتە)، ڕۆشنبیریش پێش دەکەوێ لە ماوەی پێش ڕۆشنبیریدا، کە ماوەی کات و شوێنییە کە کاریگەری ڕۆشنبیری پێوە دیار نیە بەڵام خەڵکان دەبینین کە لە جاهلیەتی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتیدا دەژین، هەموو ڕۆشنبیریەک پاڵ بە ڕۆڵی پێکەیشتووی خۆی دەبەستێ (لە ماوەی ڕەوتیدا بۆ گەیشتن بەو پێشکەوتنە) لەسەر بنچینەی هێزی

گشتی یان ڕێبازێکی تایبەتی کە جیاوازی دەکات لەوانی دیکە ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە هەموو دیاردە ژیانی‌یەکانی کۆمەڵ بە یەك دەگات شـبنکلر ئـەم هـزرە گشـتی‌یە ناودەنـێ "Prine Symbolor Premise" لێکدانەوەی شارستانیەتی بەشەری کۆن و نوێ دەگاتە ئەوەی کەو ئەو شارستانیەتانە نۆ شارستانیەتن (شارستانیەتی میسـری کـۆن و وادی الرافدیـن و چین و هنـدی و فارسـی و یۆنـانی و ڕۆمـانی و ڕۆژئـاوایی (مەسـیحیەت) و شارسـتانیەتی ئیسـلام و شارسـتانیەتی مەکسـیکی، شارستانیەت ڕەزامەندی خوداوەند دەمێنێتە کایە بۆ ڕەوتی کۆمەڵ لەم ڕەوشەدا یان لە کۆندا بۆ ڕەوشێکی ڕاقی تر کە خوداوەند دەیپارێزێ، کە ڕۆڵی سەرکردەی تیادا دەبینرێتەوە بۆ دەست پاکی نـە جێبەجێ کردنی ئەو ئیرادەیـەدا، دوایـش ڕۆڵـی پاڵـەوان یـان سـەرکردە کۆتـایی دێت و ڕۆڵی شارسـتانیەتیش کۆتایی دێ کە خوداوەند هەڵێ بژاردووە بۆ خزمەت کردن ئەو کاتەی شارستانیەت خۆی پەیدا دەبێ (بەپێی ئیرادەی خوداوەند، ئەویش بەهۆی خۆ لول کردن بە دەوری خردا کە زۆر لایەنی نامێنێ و لەناودەچێ لەگەڵ ئەوەشدا شارستانیەت نامرێ دوای ماوەیەکی تر بەهۆی لێك ترازانەوە کە چەندەها ساڵ دەخایەنێ دەچێتە حاڵەتی کورت کردنەوە هەروا دەمێنێتەوە نەدەمرێ نە دەژی ژیـانیش گـورج و گـۆل نـابی کـە مـاوەی کـەم بوونەوەکـەی ڕادەوەسـتێ لەسەر مەسەلەی غەیبانی ئاسمان لە حاڵەتی کەم بوونەوەو نەمانی‌دا .ڕووچاری

هەوڵدان زۆر دەبێتەوە بۆ ژیانەوەی کە هەندێ خەڵك دەیەوێ ئەو شارستانیەتە بژێننەوە بەڵام بێهودە دەبێ تا ئەو کاتەی کە (ڕاو دیدی خوداوەندی) لەسە ربێت بۆ مردنی ئەو شارستانیەتە، (ئەرنۆڵد توینبی) مێژوونوسی ئینگلیزی بەناوبانگ، شارستانیەت یان مەدەنیەت بە یەکەی بابەتی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو دەدات. واتە لە دیدی ئەودا مێژوو ناتوانرێ لێی بکۆڵرێتەوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕاست یان لێکۆڵینەوەکان بگەنە زانینی ڕەوتی و هۆکاری گۆڕانەکان بێئەوەی هەموو شارستانیەتێك هەریەکە بە سەربەخۆیی لێی نەکۆڵرێتەوە وەك شتێك لە خۆیدا هەبێت بێئەوەی سەیری ڕەگەزی (جنسی) گەلان بکرێت لە هاوکاریاندا یان ناوچەی جوگرافیان یان زمان و ڕەنگیان، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستا شارستانیەتەکان لە سی شارستانیەت تێنەپەڕیوە بەناوبانگترینیان (شارستانیەتی مەسیحی و ئیسلامی و هندی) کە بیست شارستانیەتیان پەیامەکەیان بەجێ هێناو گەشتونەتە دوا قۆناغی گەشەکردنیان لە هەموو دیاردەکانی ژیانەوە، پێنج شارستانیەتیشیان (نەگەیشتونەتە ئارمانجی خۆیان بەڵکو لە جێگای خۆیان ڕاوەستاون) کە توینبی ناوی (Civiliz ation Arrested) لێنان چوار شارستانیەتەکەی تر سەرەڕای ئەوەی لە پێش ئەوانی ترەوە لەدایك بوون وای دەبینێ کە شارستانیەت پێش ناکەوێ گەر ئەم سێ مەرجەی تیادا نەبێ:

١-بوونی کەمایەتیەکی لە جێنشینان کە بە سیفەتی داهێنەری هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی بەناوبانگ ئەبن مەرجیش نیە هەموو تاکێك لەو تاکانەی کەمایەتیەکان هەڵگری هەموو ئەو سیفەتانە بن، بەڵام پێویستە ئەو کەمایەتیە کەسانی وای تیادا بێت کە خاوەنی بەهرە بێت و جیاوازکاری هەبێت لە ناویاندا بە هۆی کاری داهێنەرانەو هزری سەدەو هەندێکیان داهێنەربن لە کاری کۆمەڵایەتیدا، هیَز جێی دڵگرانی نابێ ئەگەر کەسێك هەڵگری هەندێ لەو سیفەتانە بێت.

٢-لە یادیان نەچێت ئەو کەمە نەتەوانە بۆ خۆ تەرخان کردنی خزمەتی دەسەلاتدارو وڵات و کۆمەڵگا مەرجی سەرەکیش هاوکاریانە لە نێوان خۆیاندا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەبێ ئارمانجیشیان خزمەتی وڵات و کۆمەڵ بێت و ئاستی دراسەتی ژیانیان بەرزکەنەوەو هەروەها ئاستی هزریان بەرزبکەنەوە لە هەموو بوارێکدا، خۆ گونجاندن ڕۆڵی باڵا دەبینێ لە نێوان کۆمەڵ بۆ خزمەت کردنی گشتی بەپێی ڕەوشی مادی و هزری بەپێی پێداویستیەکانی بەرژەوەندی گشتی، واتە کەمایەتیەکان دەبێ هەمیشە ڕووی لە خزمەت کردنی گشتی بێت.

٣-بارودۆخی جوگرافی لەبار لە پێشەوەی کەشی لەبارە (کە نە گەرم بێت نە سارد بێت) بە شێوەیەك کە بوار بدات بە تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی و بە چینی دەسەلاتدار بە شێوەیەکی تایبەتی کە ڕای خۆیان دەردەبڕن ئەویش بە گرج و گوڵیان بە ...ی لایەنەکانیەوە بە

شێوەیەکی ئەرێیی لە کاتی هەستانیان بە کارە خزمەتگوزاریە باشەکان، ئەو هۆکارانەی سەرەوە بنچینەن بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەت و رەوتەکەی، هۆکارێکن پێکەوەلکان و یەك بە یەکەوەو کاریگەری دەکەنە سەر یەکتری ناتوانرێ لە لایەنی پراکتیزە کردنەوە لێك جیابکرێنەوە، ناشبێ یەکێکیان بێ ئەوی تریان بەکاربهێنێ یا یەکێکیان پەکی کەوت کاریگەری لەم دەبێتەوە بۆ سەر شارستانیەت (توینبی) مەبەستی ئەوەش دە گەرێنێتەوە بۆ رەوتی کردارەکی خۆ گونجاندن و زاڵ بوون بەسەر دژوارەکاندا بۆ دەستگیرکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵ. گەر تەنگ و چەڵەمەش روویدات، ئەوا رێگای تری نوێ دەدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردن کە گونجاو بێت و بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمانە: ئەویش بەهۆی دەسەڵاتدارانەوە کە رەورەوەی مەدەنیەت بەرەو پێشەوە دەبات، (توینبی لاوازی شاستانیەت وا دەکات گۆڕانکاری لە فەلسەفەکەیدا دروست دەبێت لە چینی دەسەڵاتداراندا بۆ بڕیارەکانی، لە جیاتی ئەوەی بەرەوپێش بچێت بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی گشتی دەگۆڕدرێ بۆ چینێکی زاڵ بوو گوێ بە زۆرینەی نیشتەجی بوان نادات، ئەمەش وا دەکات کە ئەو چینە ناتوانن بگەنە ئەوەی دەیانەوێ بەوەش ناتوانن لەمپەرەکان لە بەردەم کۆمەڵدا لابەرن و بەمەش کپ دەبن و شێوازێکی نوێ داناهێنن، بەڵام چینی دەسەڵاتدار لە کپ بونیدا لە بەکارهێنانی شێوازی نوێدا بۆ زاڵ بوون بەسەر تەنگ و چەڵەمە نوێکاندا

ئەمەش بەستەڵکی ناگەیەنێ، ئەنجامی حەتمیش ئەوەی مەدەنیەت بە ڕێگایەکی پلەداردا دەڕوات لە بزاوتە کۆنەپەرستەکاندا لە بە سێ دیاردە خۆی دەبینێ.

١-مەدەنیەت خۆی دژواری قەوارەی گشتی دەکات بۆ خاڵی لاوازی و پلەیەتی درێژیان کورت وای لێ دێ کە:

٢-پوکانەوەو لەناوچوون لە زۆر دیاردەکانی ژیاندا دروست بێت، ئەمەش لە ڕێی خۆیەوە وای لێ دێ کە:

٣-مردنی شارستانیەت و لەناوچوونی شارستانیەت بێت.

ڕاڤەکردنی هونەری یان جوانی بۆ مێژوو:

جیاواری ئەم ڕاڤەکردنە بۆ مێژوو بە نوێگەرییەکەیدا دەردەکەوێ یەکەم کەس کە هێنایە بەرباس و لێکۆڵینەوە (فلاندرز بنتری) ئینگلیزی بوو کە لە کتێبەکەیدا ناوی هێناوەو ئاماژەی بۆ کردووە لەژێر ناونیشانی (گەشەی شارستانیەت) کە ساڵی ١٩١٢ چاپ کرا هەروەها زانای ئەڵمانی (Paul Ligeti) ڕایگەیاند کە پەیوەندی هەیە لە نێوان پەخش کردنی هونەر بە هەموو شێوە جیاوازیەکانیەوە (وەك پەیکەرتاشی و وێنەو مۆسیقا.. هتد و لە نێوان گەشەکردنی شارستانیەت بە هەموو دیاردە مادی و هزرییەکانەوە لە کۆمەڵێ لە کۆمەڵگادا گەر مەسەلەکە وا بێت کەواتە دەبێت یەکێك لەوانە هۆیەك بێت بۆ ڕووداوی ئەوی تر یان ئەوەتا هونەر هۆکارێکی سەرەکییە لە ڕووداوی دیاردە سروشتییەکانی تردا یان هونەر خۆی ئەنجامێکە بۆ هۆکارەکان خۆی (بە کۆمەڵی یان بە پەرشی) گەر گەشەی هونەر لەو دیدەوە پێش گەشەی دیاردە شارستانیەکانی تر بێت کەواتە دەبێ خۆی هۆکارێك بێت بۆ سەرهەڵدانی و گەشەکردنی و

پەخش بونیدا، هەڵگرانی ئەو رایە وای بۆ دەچن کە هونەر لە لایەکی ترەوە (وەك كۆ) هۆكاری سەرەكی‌یە لە پێشكەوتنی شارستانیەتدا (بەڵام لە رووی پێكهاتەو بەشەكانیەوە) بە لاوازی دەست پێ‌دەكات لە هەندێ لایەنەوە دوایی ئەو لایەنانە بەهێزدەبن و كاریگەری خۆی دەكات لە هەندێ لایەنەوە دوایی ئەو لایەنانە بەهێزدەبن و كاریگەری خۆی دەكات لە بوژانەوەی لایەنەكانی تری هونەری خۆی بەو شێوەیە، ئەوەش هەریەكە كاریگەری خۆی دەكات بۆ سەر ژیانی كۆمەڵایەتی تر كە زۆرجار لە زۆر لایەنە ئاشكرا نیە دوای ئەوە هونەری بە كۆتی‌یەوە (دوای ئەوەی لە تەواوبووندایەو گەشە دەكات لە هەموو رویەكی جیاوازەوە) كاریگەری خۆی دەكات لە كۆمەڵە شارستانیەكاندا كاریگەریەكی ئاشكرایە هونەر بەپێی پێگەیەكی گشتی گەشە دەكات. سەرەتا هونەری بیناسازی دەست پێ‌دەكات كە پەیوەستە بە خەت كێشانی شارو بینا دروست كردن و پەرستگاگان و پەیكەرەكان و هاوشێوەكانی دوایی ئەو هونەرە گەشە دەكاتو شێوەی تر دەرگێتە خۆ كە لە زۆر لایەنەوە پێش دەكەوێت لە داهێناندا دوایش مۆسیقا بە دوایدا دەچن و وەك گۆرانی و ئامێرەكانی مۆسیقاو ژمارەی سازدەران و گوێ گران، دوایش وێنەو پەیكەرتاشی و ئەدەب و پەخشان دەست پێ‌دەكات، هەڵگرانی بیروباوەڕی ڕاڤەی هونەری بۆ مێژوو بە گومان نین لە ڕاستی ئەو ڕاڤەیە لە لایەنی مێژوویی‌یەوە، گەر پەیوەندیەكانی نێوان

دین و یاساو سیاسەت و ئابووری لێك بەیەنەوە لە دیدی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە و دوای شیکردنەوەیان دەگەینە ئەوەی کە هونەری ئەو بنچینەیە کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر پشتی پێ دەبەستن، بەڵام هونەر بە هەموو شێوەکانیەوەو جیاوازیەکانیەوە هەمووی لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا لە یەك کاتدا گەشە ناکات بەڵکو بەشێوەی پلەیی گەشە دەکات وەك باسمان کرد.گەر دوای ماوەیەکی ناسراو گەشە بکات کاریگەری خۆی دەکات لە ڕەوتی مێژووی مۆڤایەتیدا لە پێشکەوتنی شارستانیەت لە هەموو لایەنێکەوە، هونەر وەك لەشی مرۆڤ وایە تووشی گۆڕان دەبێت کە بە منداڵی لەدایك دەبێت و دوایی گەشە دەکات و پیر دەبێت و دەمرێت.

پێکهاتەی مێژوو

گەل بێ مێژوو نابێت، مەحاڵیشە مێژوو ببێتە مێژووی گەلێك کە نرخی مێژووەکەی نەزانێت و بایەخی پێنەدات، ئەو گەلانەی مێژوویان وەلاناوەو بایەخی پێنادەن بوونەتە مەمزەلەی مێژوو لە پەراوێزی مێژووەکاندا گیریان خواردووەو ناچنە نێو پەراوی پیرۆزی مێژووەوە، هەروەها مێژووش دەیانداتە بەر گوێزی بێبەزەیی خۆی، چونکە مێژوو حاڵەتە حەتمیەکان وەك کارێکی میکانیکی بەڕێوە دەبات بۆ هەمیشە گەشەکردنی ناوەڕۆك و ناوکی خۆی کە گەل و کۆمەڵگا بەشێکن لێی و دوایش دەبنە دروست کەری مێژوو، مێژوو لەو ڕەوتە دینامیکی و حەتمیەی خۆی لانادات و لە قۆناغە جیاجیاکانی خۆیدا گەشەی تەواو دەکات و تێدەپەڕێ تا لەو ساتە ناسکانەی خۆیدا مێژوو گەورەترین ڕۆڵی خۆی دەبینێ بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ڕەوڕەوەی خۆیی و گەشە یاسایی‌یەکەی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بە هوشیاریی‌یەوە لەگەڵ

هەنگاوەکانی مێژوودا هەنگاو نەنێ ئەوا دووچاری گرێ کوێرەی کۆمەڵایەتی و نامۆیی مێژوویی دەبێت و لە زەلکاوی بێهۆشی و گێلیدا دەمێنێتەوەو ناگات بە گۆڕانکاریەکانی مێژوو، مێژووش لەو دیو لەدایک بوونیەوە بەجێی دێڵێ و بەڵام لە پەراوێزەکانیدا ئەو ڕووداوو ناهوشیاریی و پێک نەهاتەی کۆمەڵایەتی و هەروەها باری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتووریەی ئەو گەلانە تۆماردەکات کە بێ ئاگابوون لە ڕەوڕەوەی مێژوو، یان وانە گرنگەکانی مێژوو وەک حەتمیەتی دەرەکی و ناوەکی و پێویستی لە قۆناغەکانی مێژوودا، کەوابێ گوێ نەدانە مێژوو پاشەکشەکردنە بۆ نێو قوڕاوی سەرلێشێواوی گەلان و ناکامڵ بوونی کۆمەڵگایە لە هەموو ڕوویەکیەوە دواییش تێکشکاندنی پێکهاتەکانی یەکەکەی کۆمەڵگا کە دواجار دەبێتە کۆمەڵگایەکی ڕووخاو تەمەڵ و دواجار کەسێتی‌یەکی دارماو و داتەپیو ون بوو، لێرەشەوە بۆ دروست کردنەوەی مێژووی دوێنێ و ئەوەی لە دەست چوو پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە کە زۆر گران دەبێت لەسەر شانی کۆمەڵگاکە خۆی، کەواتە ڕێگەکرتن لەوەی مێژوو بۆ چەند جار خۆی دووبارە بکاتەوەو بگەینە مێژوویەکی ڕوون، دەبێ مێژوو بۆ جاری دووەم بخوێنرێتەوەو بنوسرێتەوەو لە هەمان کاتدا وانەی لێوە فێرببین، دەنا نەتەوە، یان گەل یان کۆمەڵگا بێ مێژوو دەمێنێتەوەو دواجاریش لە هەموو ماکەکانی مێژوویی و کولتووری و نەتەوەیی و بوونی بە دەوڵەت

بێبەش دەبێت. واتە لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵ پێویستە وەك پێویستی‌یەکی مێژوویی کە مێژووی گەلەکەی بخوێنێتەوە لێی بکۆڵێتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێشەوەی بەرێ و لەزەلکاوی بێئاگایی رزگاری کات و پاڵێکی توندی پێوەبنێ بۆ بەگەڕخستنەوەی مێژووی نەتەوەکەی و لە هەمان کاتدا پاکی بکاتەوە لە دەستی بێگانەو هەروەها ڕۆشنایی بخاتە سەر لاپەڕە شاراوەو لێڵەکان و کە بوونەتە مێژوویەکی ڕەش و کرچ و کاڵ بە دەستی هەندێ مێژوونوسانی ناحەز کە ئەمەش گەورەترین ئەرکی مێژوویی مێژوونوسان و روناکبیران و دڵسۆزانی گەلە، گەر بیانەوێ ببنە خاوەنی مێژووی خۆیان، یان شانازی بکەن بە مێژووی گەلەکەیانەوە کە بە هۆیەوە سەرفرازی و شکۆمەندی بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان پەیدا دەکەن لە هەموو فەرهەنگەکانی ژیانداو بە تایبەتی مێژوویی کە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی مرۆڤایەتی‌یە، نەك تەنها خزمەتی ئەو گەلە دەکات بەڵکو سەرجەم خزمەتی مێژووی مرۆڤایەتی دەکات، کە لە زۆر قۆناغدا تێکەڵی مێژوویی بەهۆی کارەسات و ڕووداوەکانەوە هەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو گەلان یەك مێژوویان هەیە، بەڵکو هەر گەل و نەتەوەیەك بە پێی بیروهۆش و ئاکاری تایبەتی مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیەو لێی جیانابێتەوە، کە دوایی لە هەست و ئەست و کەسێتی‌دا بەدیار دەکەوێ، دیارە مێژوو گرنگی خۆی هەیە بۆ ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ ئەمەش وای کردووە

که فەیلەسووف و زانایان بایەخێکی گرنگ بدەن بە مێژوو، هەروەها بە پێش مێژوو چونکە لەوێوە بەردی بناغەی پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ دروست دەبێ و لەوێشەوە کە لە ڕووی سایکۆلۆژی و کولتووری و ئاکاریشەوە دەڕوانرێتە کەسایەتی و ئارکەکانی مێژوو و ئسال و گۆڕەکانی دەوروبەر، هەر بۆیە مێژوونوسان دووی دوێنێی مێژوو کەوتن و بە دوی مێژووی مێژوودا بکەون بە دووی مێژودا بگەڕێن و لە مردن رزگاری بکەن، کە ئەو پەیامە پیرۆزە بگەیەنن بە گەل و نەتەوەکان و دواجار یش بیکەنە زانست و پسپۆری بەدەست بهێنن لەو بوارەدا، دیارە مێژوو زۆر گرنگەو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەو گەلانە ی یا بۆ ئەو نەتەوانەی لە مێژوو نەگەیشتوون هەر لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی مێژوو کەوتە بەرلێکۆڵینەوە بە تایبەتی دەوروبەرو شتە نهێنی و شاراوەکان و پیاچوونەوەو خوێندنەوەی دوێنێی دەوروبەرو مرۆڤ وەك پێویستی یەکی شارستانی و کولتووری و مرۆڤایەتی کە قۆناغێکی گرنگ بوو بە سەرانسەر مرۆڤایەتیدا تێپەڕ بوو کە قۆناغی پێش مێژوویان لێناو نابوو کە دوێنێ و مێژووی پێش مێژوو بووە پێك هاتەو دواجاریش وەك کەرەستەکانی مێژوو سەیر دەکراو بۆ بەیانی و دوارۆژی مرۆڤایەتی بەکارهێنرا، ئەوەش دوای سەدە بەستەڵەکی یەکان کە پێش نیو ملیۆن ساڵ دەبێت ڕووداو و بەهۆیانەوە واتە بەهۆی هۆکاری دۆخ و گۆڕانکاریە بایەلۆژیەکان و لە ساردی یەوە بۆ گەرم و

هەروەها تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکانە کە بە چەند سەدەیەکی تر واتە قۆناغێکی تر دوایش ڕوودانی گۆی زەوی بە هەندێ هۆکاری سروشتی بوونەتە تواندنەوەی چەرخە بەستەڵەکەکان و دەرکەوتنی هەندێ شارستانیەت و شوێنەوارە کۆنەکانی پێش مێژوو یان پێش دابڕانی مرۆڤ لە باری ئاژەڵێتی‌یەوە بۆ باری مرۆڤ کە بەهۆی گۆڕانی هەندێ دۆخی گەردوونی وەك، هەرەس هێنان، ڕوودانی لافاو، نمونە ڕووداوی (لافاوە جیهانی‌یەکە) کە (گەریۆفسکی) باسی لێوەدەکات و لە کتێبە بەنرخەکەیدا (نهێنی کۆنترین مێژو) دۆزراونەتەوە وەك ئەشکەوتەکان و چیاکان و نوسراوی سەردیواری ئەشکەوتەکان و لەوێشەوە بۆ دۆزینەوەی ئێسقانی مرۆڤەکانی پێشوو، یان ئەو مرۆڤانەی کە لە سەردەمی بەربەریدا دەژیان و کە بوونەتە ژێرخان و سەرخانی شارستانی‌یەتی و مرۆڤایەتی دوایش بە شارستانی‌کردنی ئەو شوێنەوارە کۆنانەو لە ئەنجامدا بە شارستانێتی کردنی بوون . ڕەگەز و ئاین و نەتەوە کۆتایی پێهاتووە، کە خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی کولتووری و ڕەسەنە لە هەمان کاتیشدا کەلەپورێکی مێژوویی سەرجەم مرۆڤایەتی‌یە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، وەك دۆزینەوەی مرۆڤی (بەکین) کە لە ئەشکەوتەکانی (تشوکۆتین)ی (چین) دۆزرایەوە هەروەها ئێسقانی مرۆڤی (نیاندرتاڵ) لە شانیدەر ئەویش بە هۆی دۆزینەوەی پاشماوەکانی ژیانی ئەو مرۆڤانە لەو سەردەمەدا کە خۆی لە خۆیدا

چیرۆکی ژیانێکی کۆنمان بۆ دەگێڕنەوە، یان دۆزینەوەی ئێسقانی مرۆڤ لە دۆڵی (کرۆمانیۆن) لە پاریس ساڵی ١٨٦٨، زۆر دۆزینەوەی دی کە دواتر کەوتنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە بە تایبەت لە لایەن زانایانی ئارکۆلۆژی و ئەنسرۆبۆلۆجی و بایەلۆژی و سایکۆلۆژییەکانەوە، دوایش گرنگیان دا بە پێش سەردەمی مرۆڤی ژیرو گەڕانەوەیان بۆ سەردەمەکانی پێش مێژوو کە لە ژێر باری نوسراوە کۆنەکانەوە دەگەڕانەوە بۆ سروشت و یاسا سەرەتاییەکانی نێو کۆمەڵگەی بەربەرو خواوەندەکان و ئەفسانەکانی یۆنان و گریك و تەراژیدیەکان و گۆرانییە میللییەکان و هەروەها شیوەن و گریان و ڕێ و ڕەسمی ناشتن و مردن.. هتد کە ببوونە بەشێکی گرنگ لە مێژووی گەلان، کە هەر گەلێك بە پێی یاساو داب و نەریت و بیروهۆشی و ئەفسانەیی و ئایینی و تەراژیدیی خۆی بیری دەکردەوە، زاناکان بەپێی بیرە فەلسەفیەکان ڕۆشنایییان دەخستەسەر ژیانی شاراوەی دوێنێی مرۆڤ و ئەسپی شارستانی و شکۆمەندی خۆیان تاو دەداو بەناوی دوێنێی مێژووی نەتەوەکەی خۆی لاف و گەزافی لێدەدا، زاناکان مێژوویان بە چوار خولدا پێناسە کرد لە هەمان کاتیشدا بیری مرۆڤایەتییان بە سێ قۆناغی سەرەکیدا پێناسە کرد کە مرۆڤایەتی پێی تێپەڕی.

خولەكانی مێژوو:

١-خولی یەكەم: كە پێش مێژوو بوو كە هیچ شتێ نەبوو واتە هیچ پەراوێك نەبوو كە مرۆڤ دوێنێ كۆمەڵەكەی خۆی تیادا نووسیبێ بۆیەش پێیان دەوت خولی (پێش مێژوو).

٢-خولی دووەم: لەوكاتەوە دەست پێدەكات كە مەدەنیاتی كۆن دەستی پێكردو خەڵكەكانیان ئەمر دەكرد بە شێوەی هەڵكۆڵین یان وێنە یان بە نوسین و لە ساڵی (٤٩٥) دوای زاین كۆتایی دێت و ئەم خولەیان ناونا (مێژووی كۆن).

٣-خولی سێهەم: لە ساڵی (٤٩٥) دەست پێدەكات تا ساڵی (١٤٩٣) و ناویان لێنا (سەدە ناوەنجیەكان).

٤-خولی چوارەم: لە ساڵی (١٤٩٣) زاینی دەست پێدەكات تا ئەم سەدەیە كە پێی دەڵێن (مێژووی نوێ).

قۆناغەکا ، بیری مرۆڤایەتی کە ئەمیش بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێ :

١-قۆناغی ئاهوتی: ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ هێزێکی دەرەکی، کە بیرێکی سەرەتایی بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەتدا لەدایك بوو.

٢-قۆناغی میتافیزیکی: هۆکانی ڕووداوەکانی ڕوون دەکردەوە لە شتەکانی دەوروبەردا کە دواجار خۆی دووبارە کردەوە لە بزوتنەوەی ریفۆرمیسنی دینی و بزوتنەوەی تەنویری لە ئەورووپا کە بە گرنگترین قۆناغی لێکۆڵینەوە دەژمێردرێن و لێرەدا لیکۆڵینەوە مێژوویی یەکان سەری هەڵدا.

٣-قۆناغی وضعی: لێرەدا مێشکی مرۆڤ شتەکانی بە هۆکارە بابەتی یەکان دەخوێنێتەوە کە زۆر ئاڵۆز بوو.

سەدەی نازنجی یان ناوەڕاست گەورەترین قەڵەمباز بوو بۆ لێکۆڵینەوەی دوێنێی مرۆڤ و پاشەڕۆژی بە ئاگاهاتنەوەی لە دەوروبەر کە سەردەمی هۆ دۆزی و هەوڵدانێك بوو بۆ لێکدانەوەی شتەکان بەڵام شێوازێکی زانستیانەی تیادا نەبوو بەڵام کەمێك بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە دی بۆ نێو زانست کە دواجار بووە هێزێکی کاریگەر بۆ دروست کردنی بنەماکانی فەلسەفە لە ڕێی شیکردنەوەی شتەکانی دەوروبەر بە بیرێکی سەرەتایی فەلسەفیانەوە لێرەشەوە خول سێ هەمی مێژوو دەستی پێکرد کە بە دووی خولەکانی پێشووی خۆیدا واتە پێشووی مێژوودا

دەگەڕاو زیندووی دەکردەوە لە هەموو ڕوویەکی‌یەوە بۆ پاشەڕۆژێکی ڕوون و ئاشکراو پوختە زۆرجار فەیلەسووفان و زانایان و ڕابەرانی ئەو بیرۆکەیە چوارچێوەیەکی خەیاڵی دەگرتەبەر، وەك مارکس دەڵێ (دابەش بوونی بیرۆکەی مرۆڤایەتی بەدوو قۆناغدا تێپەڕ دەکات کە ئەویش:

١-قۆناغی یۆتۆپیا، کە دوو قۆناغ پێك دەمێنێ:

أ-لاهوتی.

ب-میتافیزیکی

ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە درێژە پێدەری بیری مرۆڤ لەو ساتەوە کە هاتەوە سەرخۆو بیری کردەوە تا سەرهەڵدانی فەلسەفەی مارکسیەت بە بیرو باوەڕە زانستی و مادی و جەدەلیەکەی کە مارکس ب ـ قۆناغی (لاهوتی و میتافیزیکی)یە بە قۆناغی ون بوون و پارچە پارچەو ئاموێی لە قەڵەم دەدات.

٢-قۆناغی زانستی: ئەو قۆناغە بوو کە لەگەڵ لە دایك بوونی فەلسەفەی مارکسیەتدا لە دایك بوو دوای زەمەنێکی ون بوون و لێك داپچڕان و ئاموێی هەروەك مارکس وتی: پێك هاتەکانی مێژوو هەر لەوانە.ا. خۆیان نابینن بەڵکو ئاکۆکی‌یەکانیش ڕۆڵێکی سەرەکی گرنگی پێ ك هاتەو کەرەستە ی مێژوویی‌ین وەك ئاکۆکی‌یە دینەکان و هەروەها شە ـ و شۆڕو داگیرکردن هەروەك چۆن مارکس دەڵێ "زەبرو زەنگ مامانی مێ وە" یان دەڵێ "مێژوو بێجگە لە ململانێی چینایەتی هیچی تر نی‌یە" دیارە

سەردەمی زێڕین یان ڕێنیسانس ڕێ خۆشکەرێك بوو بۆ ئەو ناکۆکیانەو زەمینەیەکی دروستکرد بۆ پێك هاتەکانی فەرهەنگەکانی دیکە وەك بیری نەتەوەیی و مەسەلەی ئابووری کە هۆکارێکی گەورە بوون بۆ سەرهەڵدانی گەلێ جەنگ، لەوێشەوە بۆ زیندووکردنەوەی دوێنێ و ڕزگارکردنی مێژوو لە مردنی، زۆر پێویستە لێرەدا کەمێ لەو سەردەمە باس کەین چونکە بەشێکن و لاپەڕەیەکن لە پێك هاتەکانی مێژوو، گۆڕانکاریەك بوو بەسەر ژیانی خەڵکەوە هات چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی فەلسەفەو چ لە ڕووی زانستەوە.

ناکۆکی‌یەکانی سەردەمی زێڕین:

دیارە ڕێنیسانس لە ئەنجامی حەتمی کۆمەڵێك هۆی ناوخۆیی و دەرەکیدا هاتە کایەوەو پێکەوە لە مندالدانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ئەوروپادا کاری خۆیان کرد کەواتە ڕێنیسانس بە حوکمی ئەو واقیعەی تێیدا لەدایك بوو چ لە شێوەی تێڕوانیندا بۆ دیاردەکانی ژیان و چ لە بیرکردنەوەدا ڕێبازێکی نوێی گرتەبەر، تەواو پێچەوانەوەی بیروڕای باوی کۆمەڵی کۆن و پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکانەوە بوو، چونکە لەر ڕۆژگاری بوژانەوەدا ئەو پەیوەندیە کۆنانە لە لایەك بوو بوونە بار بە سەرشانی کۆمەلانی خەلکی‌یەوە لە لایەکی تریشەوە تەعبیریان لە سیستەمی کلێسەی کاتۆلیکی و مەلس و کەوتی دوگماتی‌یانەی دەکردو کۆسپێکی گەورەشیان لە بەردەم داهێنان و بیری نوێی پەرەسەندوودا دانابوو، زانایان لەم بارودۆخە تازەیەدا کەوتنە خۆو شێوازی نوێی جۆربەجۆریان دەدۆزی‌یەوە تا بە هۆیانەوە بەربەرەکانێی سیستەمی

کۆن و بیروباوەڕی باوی دەرەبەگایەتی پێبکەن و پەردەیان لەسەر هەڵبماڵن ـ ریشەکێشیان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە زۆر ڕێگایان گرتەبەر کە یەک لەو ڕێگایانە مێژوو بوو وەک ئامرازێک بەکارهێنرا دژی بیری کۆن، بە تایبەتی دژی پیاوانی ئاینی و سیستەمی دەرەبەگایەتی.
جەنگی ناکۆکی دینی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانت کە هەریەکەیان بە جۆرێک خۆی دەبرد بەڕێوەو لە بەرگێکی دژ بەیەکدا کە پرۆتستانیەت نەتەوەیی یانە بیری دەکردەوەو کاتۆلیکیش نێو نەتەوەی یانە بیری دەکردەوە. بەڵام هەرە هۆکارە سەرەکی یەکانی ئەو جەنگ و ناکۆکی یانە ڕێبازی ئابووری بوو ئەم ڕووداوانە بەهۆی ناکۆکی نێوان بیروباوەڕی کەنیسەکان و دەرەبەگەکان هەڵچوو کە هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوویەرێک ئابووری بەهۆی داگیرکردنی ناوچەیی و دەسەلات لەژێر کاریگەرێتی دەمامکە جیاکانی قۆناغەکانی کۆمەڵگای بە تایبەتی دین شەڕی خاچ پەرستەکان یان (خاچەکان) هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بڵاوبونەوەی هەستی نەتەوەیی لەنێو گەلاندا کە بە هۆی پەرش و بڵاوبوونەوەیان بەنێو گەلاندا کە بە زمانێک دەدوا، لێرەوە هەر نەتەوەیەک شانازی بە پاڵەوانەکانی جەنگەوە دەکردو وەک ئەفسانە باسی لێوەدەکردو ئەمریان دەکردن، شانازیان بە سەرکەوتنەکانەوە دەکرد لە جەنگدا، زۆرجار دین هاندەرێک بوو بۆ جەنگ یان چەکێک بوو بۆ دژی دوژمن بەکاردەهێنرا، بە تایبەتی شەڕو پێک دادانی ئینگلیزی و

فەرەنسی و ئەڵمانی لە شەڕی خاچ پەرستەکاندا دین بووە داردەست یان دین کرا بە ئامرازێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە هەندێ لە جەنگەکان بە جەنگی نەتەوەیی‌یانەوە کۆتاییان پێهات بە تایبەتی جەنگی نێوان ئینگلیزو فەرەنسا کە جەنگی سەد ساڵەی پێدەڵێن، لێرەدا پاشاکان ڕەمزی یەکێتی‌و نەتەوەیی و سەربەخۆیی بوو، کە هەموو شتێ بوو شەڕی دیاری دەکردو شەڕی ڕاوەستاند، هەروەها جەنگی سی ساڵە کە دوا جەنگی دینی بوو لە ئەورووپادا کە جەنگێك بۆ هۆکارەکەی ئابووری بوو کەبووە هەڵساندنی ئەو جەنگە، هەروەها پاشەکشەی خاچ پەرستەکان و شکستیان زۆر دیاردەی شارستانیەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا پەڕاندەوەو بەر لە هەموو شتێك لە بوژاندنەوەی ئەورووپادا ڕەنگیان دایەوە ڕەگەزەکانی کولتووری ڕۆژهەڵات لە سەرو هەمروویانەوە کولتووری عەرەبی ئیسلامی هەر زوو لە بیروباوەڕی ڕێنیسانسدا کاری خۆیان کردو دوایش لە دەستکەوتەکانیدا خۆیان نواند، کاریگەرێتی خۆی کردە سەر زۆر فەلسەفەی ئەورووپا یەکێك لەو فەیلەسووفانە (توینبی) بوو کە لە نوسینەکانیدا بیری دینی ئیسلامی تیادا دەربوو.

دین کرایە ئامرازێك بۆ جەنگ و لە خزمەت جەنگدا کاری پێ دەکرا لە پێناو دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی جارێك نەتەوەیی و جارێك لێسەیی و هەروەها ناکۆکی‌یە ئایینی‌یەکان وای کرد کە دەرفەت بۆ پەیدابوونی وڵاتانی نەتەوەیی نوێ دروست بکات یا بیخولقێنێ دەرەبەگایەتی وەك

جێ گرەوەیەك هات و گشت ڕوخسارە كۆنەپەرستەكانی لە خۆگرت و خستییە خزمەت خۆیەوەو بڕیاری بەسەرهاتەكانی مێژوو كەوتە پشت ئاسمانەوەو لەوێوە بڕیار دەدرا، مێژونوسان لەگەڵ ئەو ڕژێمە بۆگەنەو ئەو كڵێسەیەدا دانویان نەدەكولاَ بۆیە كەوتنە ڕەخنەو لێكۆڵینەوە كە توێژاڵی خەیاڵی لە بەردابوو، زاناكان مێژوویان كردە چەكێكی بەهێز بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ڕژێمە كە كلكایەتی نیمچە دەوڵەتی لاهوتی بوو ویستیان لە ڕێگەی مێژووەوە خەڵكی وریا بكەنەوەو دواجاریش كۆتاییان بە قۆرخ كردنی مێژوو لە لایەن كڵێسەوە هێنا، پیاوانی كڵێسەو دەرەبەگەكان دەیانویست تاكەكەس و پەرتووكە پیرۆزەكان بكەن بە سەرچاوەی هەموو شتێك و بێ لەو بەدەر هیچ شتێك نییە نوسراوەكانی نێو پەڕاوەكان دەچن بەرێوە كە نیشانەی بەدین كردنی دەوڵەتی پێشوی پێوە دار بوو كە گەورەترین كێشە بوو لە سەردەمی پێش ڕینیسانسداو لە بەرەبەیانی ڕێنیسانسدا تا بە زانست بوونی بیروباوەڕەكان كۆتاییان پێهات مێژووش بەرگی مێژوویی خۆی لەبەركرد وەك زانستەكانی تر وەك مێژووی نوێ هاتە دنیاوە یان سەری هەڵدا، مێژوو هەنگاوی گەورەی بەخۆیەوە بینی و گەورەترین ئەركی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بەجێگەیاند كە سەرهەڵدانی ئەو دوو چەمكە (نەتەوەیی و نیشتمانی) بووە هۆی وریا بوونەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی، وەنەبێ باوەڕی ئایینی ڕۆڵی نەبووبێ لە ڕەوتی كۆمەڵگادا

هەیبووە لە بارو زروفی خۆیاندا کاری گەورەیان کردۆتە سەر کۆمەڵ و دەوری خۆیان بینیوە، دەرەبەگی دەسەڵاتدار لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا هەندێ تەنازولی بۆ چینی هەژار کرد چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرهەم هێناندا دەگێڕا ئەم بوویەرە وای لێکرد کە هەست بکات کە پێویستی بە ئایدۆلۆژیایەك هەیە کە بەرژەوەندییەکانی پێ بپارێزێت لەو قۆناغەدا ئاینی مەسیحی توانی ئەم ئەرکە بەجێبهێنێ و لێرەدا کڵێسە بووە پاڵپشتی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی، بەو جۆرە دەرەبەگایەتی ڕەگی خۆی داکوتی ، هەموو ژیانی گرتەوە، پیاوانی ئاینیش تا دەهات سیمای ئاینیی دەبەخشی بە بووارەکانی ژیان و ئەدەب و هونەرو فەلسەفەو دەیان خستنە ژێر رکێف و تەوری یاسا ئاینییەکانەوە کە زۆرجار لەنێو دەمامکێکی نەرمدا خۆی پیشان دەدا، بەمەش ئایدۆلۆژیای کڵێسە تەنگی بە خەڵکی هەڵچنی بوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی دایەوە تاوای لێهات مەسیحیەت بووە دینی دەوڵەت و زیاتر دەمارگیری دەگرت لەم بۆچوون و یەك گرتنەوەدا هەندێ بزوتنەوەی عەقڵانی و سروشتی دروست بوو کە خێری بۆ تاکەکەس و کۆمەڵ ببێت لەوانە هۆمانیستەکان (الانسانیون) کە بە (مرۆڤایەتی) ناویان دەنان و رابەرانی ئەم ڕێبازی نوێیە مەبەستیان هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیە ئەوەبوو پێ لەسەر سیما دونیاییەکەی زانست و ئەدەب دابگرن و بایەخ بە ئادەمیزاد بدەن، لێرەوە گورزێکی کوشندەی خەیاڵی

گەیاندرایە لاهوتی‌یەکان کە مرۆڤیان مل کەچ و کۆت کردبوو کە هەموو شتێکیان دەبەست بە ئاسمانەوەو پیاوانی کڵێسەو چڵکاوخۆرەکان لە ژێر ئەو پەردەیەدا خواستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.
هۆمانیستەکان پێ لەسەر خودی ئادەمیزادو کەسایەتی تاکەکەس دادەگرن و دوریش بوون لە جەوهەر ئایینی مەسیحی‌یەوەو وەك شۆڕشێك سەری هەڵدا دژی یاسای ناڕەوای کڵێسە، ئەم پێشکەوتن و بیروباوەڕانە هاتنە ئاراوەو کاکڵەی ئایدۆلۆژیای چینی بۆرژوازیان پێك دەهێنا کە دژ بە دەرەبەگ بوو، زاناکان بایەخێکی تایبەتی‌یان دا بە پەرتووکە ئاینی‌یەکان و زۆر لایەنی شاراوەو گرنگیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی روون کردەوە (لۆرینزۆ ڤالا) دەیوت بە هیچ کلۆجێ پاپاکان مافی ئەوەیان نیی چ لە (ڤاتیکان) و (رۆما) و چ لەهەر بستێکی تری سەر رووی زەمیدا دەسەڵاتی سیاسی‌یان هەبێ و بێ سڵەمینەوە دەیوت (ئەوانە لە قەشەوە بوون بە جەردەو گورگ و دەمیان ژنیوەتە رەنجی خەڵکی) رۆژگاری رێنیسانس بووە هۆی هەڵتەکاندنی رژێمی دەرەبەگایەتی و دروست کردنی بوارە زانستی‌یەکان و رزگارکردنی مێشك و رۆحی مرۆڤ لە شتە پڕپووچەکان، بۆرژوازی تازی پێگەیشتوو پەردەیان لەسەر ژیانی رەبەن و قەشەو تێکڕای پیاوانی کڵێسە هەڵدەماڵی و ئاشکرایان کرد کە ئەو پیاوانە کە کۆمەڵە خەڵکێکی مشەخۆرو ئنتەلا کردوو ساختە بازوو داوێن پیس و دوو زمان و مەرایی

کەرن و تا چ ڕادەیەك لە ئاینی مەسیحی لایان داوە تا چ ڕادەیەك خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووەو خەڵکیان دوورخستۆتەوە لە ڕاستی‌یەکان، لەم بارەیەوە پیاوانی کڵێسە زیاتر دژی ئەوانە بوون کە دەبوونە ڕێگر لەو سەردەمەدا تەنانەت زۆرجار زانایان دەسوتاند بێ دادگایی کردنیان یان هەموو تەمەنیان لە زیندانەکاندا دەبردە سەر وەك (برۆنۆ) کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٠٠ گۆڕەپانی شاری (ڕۆما)دا بە پێشچاوی خەڵکەوە ئاگری تێبەردرا (برۆنۆ) لەکاتی لێپرسینەوەدا بەوپەڕی شانازی‌یەو بەرگری لە بیروڕاکانی خۆی کرد تەنانەت لەو کاتەدا کە بڕیاری سووتاندنیان دا بە گاڵتە پێکردنەوە بە دادگای وت (وا بزانم ئێوە زۆر لە من زیاتر لەو بڕیارە دەترسن) هەروەها لەو زاناو فەیلەسووفانە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەشکەنجەو دورخستنەوە.. زانایان کۆڵیان نەدەداو لە شیعرو چیرۆك و داستان و تەراژیدیاو کۆمیدیاو هونەرەکانیان شاکارەکانی خۆیان دەنواند دژی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی کڵێسە بە تایبەتی بڵاوکردنەوەی زمانی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی کە ببوە سەرەکی ململانێی ئەو ڕۆژگارە لە نێوان پیاوانی کڵێسەو زاناکان هەروەها ژیانەوەی کولتووری کۆن و نووسینەوەی مێژوو بە شێوەیەك کە ژیانی مێژووی کۆن، زیندووکەنەوە لە هەمان کاتدا وەك ئامرازێك بەکاربهێنن، لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا زۆر بیری تر سەری هەڵدا وەك سۆشیال ئایدیالیستەکان کە داواکاری سیستەمێکی

یەکسانی و بەختیاری دەخواست بۆ کۆمەڵ ئەویش لە خەیاڵ زیاتر تێنەدەپەڕی، هەندێ زاناو فەیلەسووف تەنانەت کۆماری خەیاڵییان دروست دەکرد، کە یەکسانی و بەختیاری و خەویان بە ڕژێمێکەوە دەبینی کە تێیدا زانایان جڵەو بگرنە دەست وەك کۆمارەکەی ئەفلاتوون یان (یۆتۆپیا) کەی (تۆماس مۆر) بەڵام ئەو بیرو باوەڕانە لەو ڕۆژگارانەدا لە چوارچێوە تەسکەکەی خۆیدا گیری خواردو نەیتوانی ڕۆڵی خۆی بینێ، هەستی نەتەوەیی پاڵی بە مێژوو نووسانەوە نا کە چارەسەر بە کردەوەو بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزنەوەو هۆی ڕاستەقینەی کارەساتە مێژووییەکان دەست نیشان بکەن ئەنجامیش دەگەڕان بە دوای ئەو تاکە کەسە هۆشیارانەدا کە ڕۆڵێکی دیاری لە ڕەوتی بەرەو پێشەوەبردنی بەسەرهاتەکاندا گێڕا، هەروەها لە ڕوانگەی نوێوە دەیان ڕوانییە کارەساتەکانی مێژوو یان کارەساتە مێژووییەکان و ڕۆڵی تاکەکەسیان تێدا دیاری دەکرد هەروەك بەپێی بیروباوەڕی (گویجاردینی) خۆپەرستی یان خۆپەرست تاکەکەس دروست دەکات و نووسەران و کەڵەپیاوانی مێژوو بە تایبەتی بۆرژواکان پاڵێکی بەهێز و گەورەیان نا بە ڕەوڕەوەی مێژووەوەو دابڕینی مێژوو لە کڵێسە وەك کەڵە نووسەری ڕۆژگاری ڕێنیسانس (ماکیاڤیللی) کە بە یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتی لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ لە قەڵەم دەدرێ، ئەمیش سەرەڕای ئەوەی دژی کڵێسەو ڕژێمی دەرەبەگ بوو بەڵام ئایینی دەکردە

ئامرازێك بۆ خزمەتكردنی سیاسەت، كە لە ژێر تیۆرییەكەیدا چەقی دادەدا كە دەیووت (ئامراز ئامانج پێك دەهێنێ) واتە بۆ بەرقەراركردنی هەر مەبەستێك دەشێ هەموو جۆرە ڕێگایەكی بۆ بیگرێ، وەنەبێ كە دژی بیرەكانی (میكیاڤێللیەت) نەبووبن كەسان هەبوون زۆر بە توندی دژی بیروڕاكـــانی دەجوولانـــەوە بـــە تایبـــەتی نازیـــەكان و سۆسیۆلۆجیستەكانی فاشیزم بەلام سەرەڕای ئەوەش میكیاڤێللیەت قەلەمبازێكی گەورەیدا بە قۆناغەكەی خۆی، لەژێر دەستی زاناو چینی بۆرژوازیـدا مێـژوو رزگـاری بـو لـە دەسـتی كلێسـەو سیسـتەمی دەرەبەگایەتی و هەندێ ڕێبازی نوێ هاتە سەر شانۆ، وەك (سان سیمۆن) و (شارل نۆرییە) و (رۆبەرت ئۆیین) كە گەلیان كردە هەوێنی ڕووداوی مێژوویی و خەباتی چینایەتییان تێكەڵ بە مێژوو كردو فەیلەسووفی ئەڵمانی (هیگڵ) هاتە نێو شانۆی مێژوو كە یەكەم كەس بوو هەوڵی داوە ئاڵ و گۆڕە ناوخۆكانی مێژوو دەستنیشان بكات گوایە پێشخستنی مێژوو هەر لە قۆناغ و سەردەمێكدا یەكێك لە گەلانی جیهان ئەركی ئەو پێشخستنەی دەكەوێتە ئەستۆ، دوای ئەوەش ماركس هاتە سەر شانۆی مێژوو كە بە هۆی خەباتی چینایەتی و بەرهەمهێنان و ئابوورییەوە لە مەسەلە مێژووییەكانی دەكۆڵیە وەو لەوێوە بڕیاری دەداو ئەنگلس بە هەمان شێوەی ماركس خەباتی چینایەتی دەكردە بڕبڕەی ئاڵ و گۆڕی ڕووداوی مێژوویی ئەنجامیش وەچەرخانی باری ئابووری و دەسەلاتی

سیاسی . ە لە چینێکی پاشکەوتووەوە دەچێتە چینێکی پێشکەوتوتر،
کە یبلیـ ـانۆف زیـاتر لـە مێـژووی کۆڵیـەوەو خسـتیە بـەر تیشـکی
جەدەلیە . و بەرگێکی نوێی کردە بەر مێژوو و مێژووی کردە بەشێك لە
زانســتە ـان پێکهاتەیـەکی بــۆ دارشــت لـــە رێگـــای لێکۆڵینـــەوە
فەلسەفی ـەکانی‌یەوە. ئا لەم بۆچوونەوە مێژوو بوە زانستی زانستەکان و
وەك هەموو زانستەکان مێژووی تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ پەیدابوونی
ئادەمیزاد دەست پێ‌دەکات بە هۆی کەرەستەکانی پێش مێژوو درێژە
دەکێشێ بۆیەکا مێژووی مێژوو لە مێژووی گشت زانستەکانی تر دووروو
درێژترەو بایەخێکی تایبەتی پێ‌دەدرێ و چونکە ئەو گەلەی مێـژووی
نەبی خاوەن هیچ شتێ نابی هەروەها ئەو گەلەی لە مێژوی ئەگا هەمیشە
مێـژوو ٧ی دووبـارە دەبێتـــەوەو مێـــژووش بێ‌بەزیی‌یانـــە دەیانکاتـــە
گاڵتەجاڕی مێژوو، واتە دەبێ بایەخ بە رابردووی کۆن و دوێنێ بدەین وە
ك مێژوویەك سەیری بکەین و لەژێر تیشکی زانستیانە لێیان بکۆڵینەوەو
بینوسینەوە بۆ دوێنێ و ئەمڕۆو بەیانی گەلەکـەمان، هـەروەك (هیگـڵ)
دەڵێ: (فلان شوێن کە مێژووی خۆی نەنوسیوەتەوە، نەبووەتە خاوەنی
مێژووی خۆی).

سەرچاوەکان:

١-رێنیسانس. د. کەمال مەزهەر. فوئاد مەجید میسری کردوویەتی بە
کوردی. بەغداد ١٩٨٤.

٢-تاريخ اوروبا من عصر النهضة و حتى الثورة الفرنسية ١٥٠٠-١٧٨٩. د. محمد محمد صالح بغداد ١٩٨٢.
٣-المدخل الى الفلسفة، صدام الزيادي- الجزء الاول ١٩٨٩.
٤-نهێنی کۆنترین مێژوو گەرپۆفسکی جەلال تەقی لە ڕوسەیوە کردویە بە کوردی ١٩٨٠.

ڕۆڵی تاکەکەس لە مێژوودا

لە مێژوودا سەرکردە (وەك تاکە کەسێك) گەورەترین ڕۆڵ دەبینێ، ناتوانرێ بێ سەرکردەیەکی هوشیار بیر لە کۆمەڵگایەکی هوشیاری مرۆڤایەتی بکرێتەوە چونکە دەبێتە داینەمۆ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لە بارێکەوە بۆ بارێکی ترو ژیانی نوێی پێ دەبەخشێ و بەرەو پێشکەوتنی دەبات و پاڵ بە ڕەوڕەوەی مێژووەوە دەدات، دیارە ڕەوتە مێژوویی یەکان پێویستی یان بە سەرکردەیەکی هوشیار هەیە بیبات بەڕێوەو لە تەکیاندا کۆمەڵگاش بەرەو پێشەوە بەرێت و ڕێگایان پیشان

بدات، زۆر کات کومـەڵگا ڕووبـەڕووی هـەرەس و بـەرەو دواوە چـوون و چەقین دەبێتـەوە بۆ ئـەوەی کۆمـەڵگا لـەو هەرلومـەرج و ساتە ناسـکەی قۆناغـە مێژوویی‌یەدا ڕزگار بکرێت، دیارە ئـەو قۆناغـە وەك حەتمیـەتی مێژوویی پێویستی بە پاڵنێك دەبێت بۆ پێشەوە بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانە ئەویش لە ڕێی کەسێکی هوشیارەوە یان سەرکردەیەکی بلیمەتـەوە ئـەو ئەرکە گرنگـە جێبـەجێ دەکـرێ و کۆمـەڵگا ڕزگـار دەکـات لـەو قۆناغـە ناسـکەی ئـا لـێرەوە کۆمـەڵگا وەك ڕەوتێکـی دینـامیکی دوا بـە دوای هـەنگاوەکانی ئـەو سـەرکردەیە دەڕوات بـەڕێوەو سـەرکردەش لێزانانـە جڵەوی مەسەلەکە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ و کۆمـەڵگا ڕۆژ بە ڕۆژ بـەرەو پێشـەوە دەبـات، واتـە کاتـێ کۆمـەڵگا لـە قۆناغـەکانی پێشـوو (یـان کۆیلایەتی یان لە ژێر باری گرانی سیستەمی فیودالدا چەقی بێت) ئا لەو ساتانەدا سەرکردەی لێهاتوو وەك ڕەوتی مێژوو/ وەك یاسای سروشتی پێشکەوتن و کەسێتی‌یەکی بـەهێز دەردەکـەوێ و خـۆی دەسـەپێنێ و دەبێتـە پێویسـتی‌یەکی مێژوویـی بـۆ گـەڕدانی ڕەورەوەی مێـژوو بـۆ پێشەوە، ئـەو سـەرکردانە دەگمـەنن لـە مێـژوودا کـە چـۆن مێـژو بـەلای خۆیـاندا وەردەچـەرخێنن و کـاری ڕابەرایـەتی دەگرنـە دەسـت و لەگـەڵ گەلدا یەك دەگرن بۆ گەشە پێ‌کردنی یاساکانی گۆڕانـی کۆمەڵ، کاتـێ کۆمـەڵگا پێویستی بە گـۆڕان هـەبێت و لـە قـەیرانێکی دژواردا بـژی و پرۆچێسە ژیانیەکان خەریکن بەرەو مردن دەچن ئەو کاتەش سـەرکردەی

لەبارو لێهاتوو سەرهەڵدەدات و کۆمەڵ بەو شێوەیەی خۆی ڕەوتی پێشکەوتن بخوازێ لەوێوە ژیانی نوێ و سەرکردەی نوێ جڵەوی کۆمەڵگا دەگرێتە دەست و دەبێتە (ڕێنیشاندەرو هاندەر) بۆ پێش کەوتنەکانی کۆمەڵگا کە خۆی واتە کۆمەڵگا خاوەنی هەموو سەرچاوەکانەو خۆشی خاوەنی مێژووە، واتە سەرکردەش کاردەکاتە سەر ڕووداوە مێژوویی یەکان و چەند لە قۆناغی مێژوویی و ئەرکەکانی تێ بگات هێندە زۆرتر سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام نابێتە خاوەنی مێژوو، یان دروست کەری مێژوو، بەڵام جێ دەستی دیار دەبێ لە ڕووداوە مێژوویی یەکاندا، واتە "ڕەوڕەوەی مێژوو یەکجار گەورەیە، بەرەو پێش بردنی هەرگیز لە وێزەی تاکە کەسدا نەبوەو نی یە، بێگومان خاوەنی مێژوو گەلە"، ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات لەوانەیە بۆ ماوەیەك بوەستێت بەڵام هەرگیز بەرەو پاش ناگەڕێتەوە "هیگل لەوەش گەیشت کەکەس نی یە بتوانێت ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو پاش بگێڕێنتەوە"، لێرەدا هەلومەرجی بابەتی و ژانی کۆمەڵایەتی و پەنگ خواردنەوەو بەستەڵەکی ئایدلۆژی کۆن و بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و کەسێتی تاکەکەسی دواکەوتوو وا دەکات و وای دەردەخات کە زەمینەو هەل و مەرج ڕێك دەخات یان ڕێك دەخرێت بۆ سەرکردە واتە پێداویستی مێژوویی سەرکردەی مەزن دروست دەکات وا نەبوایە دەورووبەری دوو هەزارو پەنجا ساڵ لەمەوبەر بەدەیان هەزار کۆیلەی ڕۆمانی دوای

سپارتاکس نەدەکەوتن، بوونی ئازادی بۆ زۆربەیانی لەوپەڕی ولاتەوە ڕاکێشایە ناو کۆڕی خەباتەوە بەر لەوەی ناوی سپارتاکۆس بەر پەردەی گوێیان بدەوێت، یان فشاری کەم وێنەی دەرەبەگەکانی ئەڵمانیا سەدان هەزار جوتیاری ناچارکرد سالی ١٥٢٤-١٥٢٥ پەلاماری چەك بدەن بێ ئەوەی یەك سەرکردەیان هەبێت، سەرەڕای ڕۆڵی تاکە کەس لە کۆمەڵگادا لە مێژوودا کەچی نەدەبێتە دروس کەر وە نە خاوەنی مێژوو، چونکە تاکەکەس بێ کۆمەڵ هیچ بایەخێکی نییەو ناتوانێت بێ کۆمەڵ و دەوروبەر گۆڕانکاری دروست بکات، زۆرجار بەهۆی هەندێ بیروباوەڕەوە دەستەو تاقمێك ویستویانە جڵەوی مێژوو بدەنە دەست سەرکردەکان و سەرکردەکان بکەنە دروست کەری مێژوو، بەمەش ڕەوڕەوەی مێژوو بەپێی پێویستی و بەرژەوەندییەکانیان ڕابگرن و بەهۆیەوە خۆیانی پێ بپارێزن، بەلام ئەم هەولانە هەموو پووچەڵ بوونەتەوە لە بەردەم ڕەوتی هوشیاری گەل و هەروەها وانەکانی مێژوودا، هەندێك لە سەرکردەکان ویستیان گاڵتە بە مێژوو کۆمەڵگایە چونکە خۆیان دروست کەری مێژوون هەروەك مارکس دەڵێ "خەڵکی بۆ خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن بەلام نەك بە ئارەزووی خۆیان، ئەوان لە زروفێکدا دروستی ناکەن کە خۆیان هەڵیان بژاردووە، بەڵکو لە زروفێکدا دەستەو یەخسە دەبن کە ڕابردوو بۆی هێناون و پێی بەخشیون" بەلام سەرکردەش ڕۆڵی کاریگەرو دینامیکی بیرو هۆش و

ئاراستەکەر دەبینی تیایداو جێی خۆی دەکاتەوەو لەنێو کۆمەڵگادا کە دواجار گەشەی پێ دەکات و ژیانی بە بەردا دەکاتەوە، کە وەك حەتمیەتی مێژوو سەرهەڵدەدات لە قەیرانەکانی کۆمەڵگادا، کاتێ کۆمەڵگا بیەوێ بەرەو پێش بچێ بەرەنگاری کۆمەڵگای کۆن یان سیستەمی کۆن دەبێتەوە دەستەو یەخن لە ڕەگوڕیشەوە هەڵی دەتەکێنێ و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە جیاتی ئەو دادەنێ و پێش دەخات، لێرەدا گەل و سەرکردە ڕۆڵ دەبینن بە تایبەتی سەرکردەی لێهاتوو لێزان و زیرەك و کۆمەڵگای هوشیار گەل هوشیار بۆ پێکهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی‌یەکان و بنەماکانی یاسای گەشەکردنی کۆمەڵگاکە ئەم کارەش بەهۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە دروست دەبێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت ئەمەش مێژووی کۆن و نوێ سەلماندوویەتی هەر لە بەرەبەیانی دروست بوونی کۆمەڵگاکانەوە، لە قۆناغە مێژوویی‌یە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا هەر سەرکردەیەك بە شێوەیەك سەیر دەکراو بە بیرو بۆچوونێك بناغەی سەرکردایەتی خۆی دەچەسپاندوو قایم دەکردو ڕایدەگرت و بە شێوەیەك ناویان لە خۆیان دەنا وەك "خوداوەند، سەرۆك عەشیرەت، دکتاتۆر، پاشا، سوڵتان، ئیمپراتۆر، مەلیك، پێغەمبەر، ڕابەر... هتد" ئەم جۆرە سەرکردانە لە قۆناغە دژوارەکانی یان لە قۆناغە قەیراناوی‌یەکانی مێژوودا دەردەکەون و خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن و جڵەوی سەرکردایەتی دەگرنە دەست و دەبنە خاوەنی

هەموو شتێك، زۆرجار ئەو سەركردانە بوونەتە هۆكارێك بۆ چەقینی مێژوو لەو قۆناغەی کە تیایدا بوونەتە سەرکردەو هەوڵیان داوە زۆرجار پێشکەوتن بوونەدات نە هیچ فەرهەنگێکی ژیاندا، بە تایبەتی ئەو سەرکردە کۆنەپەرستانەی کە دژی پێشکەوتن و مێژوو بوو و بوونە فاکتەرێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، لە سەردەمی سەدەی (بوژانەوە) ئەو دەمامکانە هەڵماڵدران و ڕاستی‌یان ڕوون کرانەوە، ئەو ڕەوتەی دوێنێ کە بە سەختترین قۆناغی کۆمەڵگا دەژمێردرێت کە مرۆڤایەتی پێوەی دەتلێتەوە تا ئێستاش بە تایبەتی ئەو گەلەی کە لە مێژوو نەگەشتووەو بە قۆناغەکانیدا بەبێ ئاگایی و بێ هوشیاری بازی بەسەریاندا داوەو تووشی سەرلێشێواوی مێژوویی هاتووەو پێکهاتەکەی شەق و شڕکردووە، دیارە جموجوڵە تایبەتی و دژایەتی چینەکان خۆیان ڕەوتی خۆیان دروست دەکەن بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگاو لەوێشەوە ڕێبەرانی خۆیان دروست دەکەن و لە دەوری خڕدەبنەوە، هەروەك مارکس دەڵێ "هەموو شتێك لە بوونەوەردا دەبزوێ.. ژیان گۆڕانی بەسەردا دێ، هێزی بەرهەم هێنەر سەرهەڵدەدات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یە کۆنەکان دەڕوخێن" ئەو کاتانەی قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵگا لەبەر هۆکانی گەشەکردسنی بنەماکانی کۆمەڵگا بە هەموو فەرهەنگەکانیەوە گەشەیان نەکردووەو پتەو نەبوون لەوانەیەو دەگونجێ سەرکردەکان یان کەسایەتی‌یەکانی (تصادف) واتە (لە

ناکاوەکان) ناشارەزاو گێل و خائین و نێنەهاتوو ببنە سەرکردەو گەل لە ڕێ لادەن و ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ کەمێك ڕاوەستێنن، وەك زۆرجار لە مێژوودا ئەم جۆرە توخمانە پەیدابوون لە قۆناغە جیاجیاکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە کۆنەپەرستی و خیانەت و وەستاندنی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و کوشتنی بنەما هۆشیارکەرەوەکان، کە زۆرجار بارودۆخی تایبەتی بوونە هۆی دروست کەریان ئەم دروست بوونە لە میکانیزمی مێژوودا دەبێتە هۆی لە بارچوون گەر لەگەڵ پێداویستییە مێژووییەکانداو بارودۆخدا نەگونجێ بۆ ماوەیەکی کەم جڵەو دەگرنە دەست بەڵام دەپوکێتەوەو نامێنێ لەژێر فشاری کۆمەڵگاو سەرکردەی نوێدا، ئەم چینە کۆنەپەرستانە لە دەورەکانی تێك ڕوخان و دابەش بوونی خۆیاندا ناتوانن پیاوانی گەورە بە مێژوو پێشکەش بکەن و پەنا دەبەنە بەر کەسانی بەفرت و فێڵ و دڵڕەق و تاوان پیشە کە کەسایەتی‌یەتی ڕاستەقینەیان نی‌یە بەڵام دەتوانن بۆ ماوەیەك بە بەرژەوەندی خۆیان خزمەت بکەن وە تا سەریش ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر چونکە ڕەوتی کۆمەڵگا هەمیشە نە گەشەکردندا دەبێت و ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت و هەر بۆیە لەنێو هەناوی ئەو کەسایەتی‌یە فێڵ بازانەدا کەسایەتی‌یەکی ڕاستەقینە لەدایك دەبێت لەنێو کۆمەڵگای هۆشیارداو دژی ڕادەوەستێت و جڵەوی سەرکردایەتی لێ دەسێنێت، هەروەها دەیداتە بەر گورزی مێژوویی، ئەنگلس دەڵێ "ئێمە بە خۆمان مێژوومان

دروست د ،کەین بەڵام پێش هەر شتێك لە سایەی پێشینەو بارودۆخی تەواو دیـ ـی کراودا دروستی دەکەین کە لە دوایندا ئابووری هەرە بڕیاردەرێتی بەڵام بارو دۆخی سیاسی هی تریش تەنانەت ئەو داب و نەریتانەی. لە مێشکی خەڵکدا لانەیان کردووە ڕۆڵی دیاری کراو دەبینن ئەگەرچی ڕۆڵی بڕیاردەرانەش نەبێت"، جاری وایە بەهۆی تێکشکانی هێزی شۆڕشگێڕەکان و سەرکەوتنی کۆنەپەرستان و لاواز بوونی چینە بەرەوپێش چووەکانی کۆمەڵ هەلبەندێکی لەبار بۆ ڕمبازێن و خۆنیشاندانی کەسانی دور لە کەسایەتی بێ بایەخ و جێ گاڵتەو گەپ پەیدا دەبن کە لەسەرەوەی کارەکان سەقامگیر دەبن و شوێنەوارەکانی خۆیان لە ڕەوتی ڕووداوەکان و مێژوودا بەجێ دێلن مارکس و ئەنگلس بەم جۆرە توخمانە "توخمە چاخ و چەرخ" بە گاڵتە دەڵێن (پیاوانی بچووکی گەورە!) ناپلیۆنی سێهەم یەکێك لەم توخمانە بوو کە (پاڵەوان) بوونی ئەو بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم کەسایەتی‌یە جێ گاڵتەو گەپەو بێ بایەخیان دەناساند بە نهێنی‌یەکی مێژوویی دەژمێردرا مارکس لە کتێبی ١٨ برومولویی بناپارتدا دەڵێ: (هۆی دنەدەرو کارگێڕ یان میکانیزمی سەرکەوتنی کاتی ئەم "پیاوە بچووکە گەورانە!" ڕوون دەکاتەوە)، کەوابێ پێداویستی‌یە مێژوویی‌یەکان سەرکردەی مەزن دروست دەکەن و پێداویستە میکانیزمەکانیش سەرکردەی گاڵتەو گەپ و فێڵ بازو خاین دروست دەکەن و دەبنە خواوەندو ڕابەرو وەك پێویستی مێژوویی لە

قەڵەم دەدرێ و تا ئەوەی دەگاتە دروست کەری مێژوویان سەرکردە وای لێدێ کە خۆی زۆر لە مێژوو بە گرنگتر دەزانێ و خۆی بە دروست کەری مێژوو دێتە پێشچاو، ئەو ساتانەشی کە بەلای کەوتنا دەچێ جڵەو لە دەستی بەردەبێ و لاواز دەبێ نازانێ چی بکات و چۆن لەگەڵ ڕەوتی مێژو گەل و خواستەکانی کۆمەڵگای نوێدا بەرێوە بچێ دەست دەداتە کوشتن و قڕکردن و تۆقاندنی گەل و شوڵ بۆ مێژوو هەڵدەکێشێ و مێژوو دەداتە بەر شوڵی کۆنەپەرستانەی و تەنانەت تاوان دەخاتە پاڵ مێژوو بەرامبەر بەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوەو دەڵێ (مێژوو زوڵمی لێکردم) واتە پەنجەی تاوان بۆ مێژوو ڕادەکێشێت و خۆی لێ دەرباز دەکات، بەڵام تا سەر بۆی ناچێتە سەر چونکە مێژوو ئەو توخمانە بە کرچ و کاڵی فڕێ دەداتە دەرەوەی خۆی و هەر بە مردویی جێیان دەهێڵێ تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا فڕێی دەداتە زبڵخانەی مێژووەوە، کەوابێ لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا زۆر ناوی سەرۆک هەن بەڵام هەموویان پرشنگدارو مەزن نین مێژوو چەنددها دەناسێت کە دژی پێویستە مێژویی و کۆمەڵایەتی یەکان و پێشکەوتنەکان بوون، هەر بۆیە دەیانداتە بەر گورزی خۆی و دەیانکاتە وانە بۆ ئەوانی دی، سەرکردەو نوێنەری چینە کۆنەپەرستەکان نەیانتوانیوە لە بەردەم ئاڵاوی کۆمەڵگای نوێدا خۆیان ڕابگرن هەر بۆیە بەزوویی و لە زەمەنێ ی کەمدا دەستەوەستان لەنێو شەپۆلی پڕ لە قینی پێشکەوتنخوازان ی چینە

تیکۆشەرەکاندا سەرەو ژێر کەتن و لەناو چوون، مێژوو زۆر وانەی لەو کەسایەتییانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەك (میرابۆی فەرەنسی) ئەرستۆکرات کە لە شێوەی نیشتمانپەروەرو گوتەبێژی شۆڕش و دڵی گەورە و دەنگی زوڵاڵی هەژاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی چین و توێژەکان خۆی دەنواند تا دوایی لە ساڵی ١٧٩٢ داخ لە دڵی فەرەنسە ڕژێمی پاشایەتییان ڕوخاندو دەستی شۆڕشگێڕان گەیشتە قاسە قایمەکانی کۆشکی ڤێرسای و گشت بەڵگە نهێنییەکانی پاشایان خوێندەوە یەکێك لەو بەڵگانە هەموانی حەپەساند تیایدا هاتبوو کە: لویسی شازدە توانیویەتی لە ژێرەوە میرابۆ بکڕێت و لە نیسانی ١٧٩٠ وە میرابۆ بۆتە یەکێك لە کرێ گرتەکانی لویس کە دانیشتوانی پاریش بە مەیان زانی دیسان دەیان هەزاریان ڕویان کردە (پانتیۆن) و بە ئەوپەڕی ڕقەوە گۆڕی میرابۆیان هەڵتەکاندو پاشماوەی لاشەکەیان هەر لەوێدا سوتاندو سوتووەکانیان بردە گۆڕستانی دزو جەردەو خۆفرۆشان لە سان ماسۆی نزیك پاریس، دیارە تە سەر سەرکردە ناتوانێت مێژوو هەڵخەڵەتێنێت هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بیکاتە عیبرەت و پەند بۆ کەسانی دی.

ڕاستە کۆمەڵانی خەڵك مێژوو دروست دەکەن و ئەرکەکەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان بە تایبەتی شۆڕشگێڕان کە دەبنە سوورتەمەنی، بەڵام سەرکردەش ڕۆڵی گەورەی ئەو گۆڕانە دەبینێ و ڕۆڵی مێشك و

ئاراستەکەر دەبینن کە بە هۆیەوە دەبێتە پێداویستی مێژوو، کە چۆن وەڵامی پێویستی‌یەکان دەداتەوەو چۆن کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەبات و دەستیان دەگرێت و لە هەڵدێرو لەناوچوون رزگاریان دەکات و لە هەمان کاتدا ڕەورەوەی مێژوو بەلای خۆیدا وەردەچەرخێنن و هێزو توانای خۆشی هەر لەو بزوتنە کۆمەڵایەتی‌یە پێشکەوتنخوازەوە وەردەگرن و دەیکاتە ئاگری شۆڕش بۆ لەناوبردنی توخمە کۆنەپەرستەکان و خاڵێکی گۆڕان و پێشکەوتن لە مێژوودا دروست دەکات، کە هەمیشە بناغەی ئەو پێشکەوتن و مێژووە کۆمەڵگا خۆی‌تی، کەوابێ تاکەکەس هیچ شتێك ناگۆڕێ بێ کۆمەڵگا "کۆمەڵگایەکی هوشیار" هەروەك چۆن سەرکردایەتی بەرزبوونەوەو پێشکەوتن هەیە بە هەمان شێوەش سەرکردایەتی دواکەوتن و ڕوخاندن هەیە بە واتایەکی تر سەرکردایەتی ئەو کوڕو کۆمەڵانەی کە لە قۆناغی گەندەڵی و ڕوخاندا ژیان بەسەر دەبەن ئەوانیش ڕۆڵێکی دیاری کراویان هەیە بۆ نموونە نیرۆن لە سەردەمی ڕۆخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی‌دا دەرکەوت هەروەها سوڵتانەکانی عوسمانیش لە کاتی ڕوخاندنی قۆناغی دەرەبەگایەتی‌دا سەریان هەڵدا سەرکردە فاشیەکانیش بە هەمان شێوە لە سەردەمی قەیرانەکانی سەرمایەداری‌دا دەردەکەون. ئەمانەش هەموویان لە سەپاندنی کۆنەپەرستی و زۆرداری و قڕکردن بەسەر کۆمەڵگا ڕۆڵێکی دیاری کراویان گێڕا. ئەم کەسایەتیانەش لایەنی کەم یان بە ڕادەی

شێوازەکە ی دیکەی سەرکردایەتی خاوەنی دەسەڵات و نفوزو فروفێڵ بە توانان، ئەم سەرکردانە بە زۆری لە قۆناغە مێژوویی‌یە دژوارەکاندا بە تایبەتی دەردەکەون، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمانداو لە مێژووی نوێدا ئەو جۆرە توخمانە، یان ئەو سەرکردانە بە شێوەیەکی کەم و بە شێوازێکی دی بەرچاو دەکەون واتە هێشتا هەن لە کۆمەڵگاداو ڕۆڵی خۆشیان دەبینن.

سەرچاوەکان:

١-دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ- بەیاد عەبدولقادر ١٩٨٧.

٢-فێرکردنی فەلسەفەی زانستی- ئیحسان تەبەری وەرگێڕ د. حسین خەلیقی بەغداد ١٩٩٤.

٣-اشتراكية ام فوضوية- جوزيف ستالين- ترجمة جورج طرابيشي بيروت ١٩٧٨.

٤-ماركس الثامن عشر من بروميل لوير بوناثارت المجلد الاول الجزء الثاني ترجمة الياس شاهين- دار التقدم موسكو ١٩٨٠.

٥-مێژوو- د. کەمال مەزهەر.

٦-گۆڤاری میدیا- ژمارە (٢) ساڵی (١) نیسانی ١٩٩٣.

کەرەستەکانی مێژوو

مرۆڤ هەر لەبەرەبەیانی هوشیاربوونەوە هەوڵی داوە بگاتە ڕاستییەکان بە تایبەتی دەورووبەر چونکە بێدەورووبەر مرۆڤ مەحاڵە بژی و پێشبکەوێ، هەروەها گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتە نانۆزەکانی دە ،روبەر بۆ گەیشتن بە ئامانج و لەوێشەوە ڕۆشنایییەك بخاتە سەر لاپەڕ شاراوەو تاریکەکانی ژیاز کە تیایدا ژیان و مرۆڤ گەورەترین کێشەیاں دروست کردووە. کە بوونەتە هۆیەك بۆ د، اکەوتن و پێشکەوتنەکار هە،وەها ململانێی نێوان خۆیی و دەورووبەری خۆیی و خۆی. خۆیی و ەردوون، خۆیی نهێنییەکان، خۆیی و ئەفسانەکان، کە ئەمە بووە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ گەشت مرۆڤایەتی تێگەشتنی لە هۆو هۆکارەکان و ئەندێشەکان، بەم پێیە گەڕاوە بەنێو ورگی زەویداو پرسە ،ار کردن لەخۆ، ئا لێرەدا لە چەمکی مرۆڤی دوێنێ (مرۆڤی کۆن) دە از بووەو بەرەو مرۆڤی کەمێ هوشیار خۆی ئاشناکردو هەروە ' زانینی

دەروبەرو بەکارهێنانی دەوروبەر بۆ خزمەت کردنی خۆ کە لێرەوە دژایەتی‌یە دەروونی و فسیۆلۆژی‌یەکان سەریان هەڵدا، کە دواجار بوونە بنەڕەتەکانی بناغەی فەلسەفەو فەیلەسوفان و قوتابخانە فەلسەفیەکانی لەسەرشان دامەزرێنرا، دیارە دوێنێی مرۆڤ واقعێکی نەستی لای مرۆڤ کە خۆشی بێئاگابوو لە گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان، زۆرجار خودی سروشت دەبووە هۆی گۆڕانکارییەکان لە دەوروبەردا بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی تێدابێ یان دەستی مرۆڤی بەرکەوێ، کاریگەری کردنی سروشت لەسەر مرۆڤ گەورەترین کاریگەر بوو لەسەر ژیانی و پاشەڕۆژی و هۆشیاربوونەوەی کە بە یەکەم فەلسەفەی وێنەداری پێناسەکرابوو کە سروشت وەك بارێکی گران بەسەریدا زاڵ بووبوو، بەڵام مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی باشتر، بەنێو ورگی زەویدا دەگەڕا لێرەشەوە مرۆڤ لە هەندێ پێشکەوتنە تەسکەکانەوە توانی لەو دەوروبەرو واقیعە دەرچێ و بەرەو جیهانی نوێ و ڕۆژگارێکی تویتر قەڵەم بازبدات وەك قۆناغێکی سەرەتایی پێشکەوتن لە سروشتی ترسناك و دەنگە نامۆکان بکۆڵێتەوەو بیانکاتە وەڵام بۆ بیرکردنەوەکانی وەك کەرەستە بەکاریان بهێنێ و بیانخاتە بەردەم ڕۆشنایی بیرکردنەوەکانی، سەرەڕای ئەوەی بە چەند قۆناغی عەقڵ و لۆژیك و مێژوویی و ئارکۆلۆژی و ئیتنۆگرافی و کۆسمۆگۆنیاو سایکۆلۆژیاداو گەڕان بە شوێن لاپەڕە تاریکەکانی پەڕاوو کتێبەکان، تا ئێستاش دوێنێ کە مرۆڤی سەرسام کردوەو ئێستاش زۆر

شت هەن بوونەتە هۆی سەرسام کردنی مرۆڤ بۆ فێربوونی شت لێوەی یان مێژووی ڕووداوو کارەساتەکانی بۆ دەرکەوێت یان بیانکاتە سەرچاوەیەك بۆ کەرەستەکانی مێژوو یان بۆ بەڵگەکانی بوونی شارستانیەت.. هتد، بە تایبەتی بەڵگە ئەفسانەیی‌یەکان کە ئەو حاڵەتە دەروونی و سروشتیانە دەردەخات کە هەر لە سەرەهەڵدانی شارستانیەتەوە لە دەروونی مرۆڤدا جێگیر بووەو لەگەڵ گەورەبوونی مرۆڤدا گەورە دەبێ و تاریکایی‌یەکانی ڕۆژگاری کۆن یا ڕۆشنایی‌یەکانی ڕۆژگاری کۆن نیشان دەدات، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە کەرەستەیەکی مێژووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، کە هەموو گەلێك بەشی خۆی ئەفسانەی هەیە، یان بە هۆی ڕووداوەکانی جیهانەوە بوەتە خاوەن ئەفسانە کە ئەمەش ململانێ‌یەکی زۆری لەسەرە، هەر بۆیە ئەفسانە وەك کەرەستەیەکی مێژوو زمانحاڵی دوێنێی مرۆڤی کۆنەو لە هەمان کاتدا زمانحاڵی مرۆڤی نوێی ئەمڕۆیە بۆ سیماکردنی شارستانیەتی و بوونی ڕەچەڵەکی و دواییش بوەتە بناغەی خێزان، قەبیلە، کۆمەڵگا، دەوڵەت، ئەو شتانە دەبنە هۆکارێکی گرنگ و کەرەستەیەکی مەزن بۆ بەشارستانیی‌یەتی بوو، یان بە مێژووبوونی گەل، زۆرجار لە تێڕوانینە جیاجیاکانی فەلسەفەو ئاین و ئەفسانەو میسۆلۆژیای خۆیانەوە خۆیان کردووە بە "گەلێکی هەڵبژاردەی خودا" کە لەم ڕۆژگارانەدا ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن بۆ خۆیان ئەویش لەبەر تیشکی ڕەگەزپەرستانەی

خۆیانەوە، بەمەش مافی گەلانی دیکە گەلانی دەوروبەر پێشێل دەکەن و ماکە نەتەو یەتی‌یەکانی لێ دەسەندن و لێی زەوت دەکەن، بە تایبەتی ئەو گەلانەی کە زۆر لە شارستانیەتی‌یەکەی نامۆ کراوەو لیخن کراوەو بەمێژووبوونی لێ سەندراوەتەوە.

مرۆڤی کۆن دوو شتی لێ بەجێماوە ئەویش (وشەو بەرد)ە کە بوونەتە بناغە بۆ شتەکان، بەرد ناتوانێ خۆی بەرامبەر باروودۆخە سروشتی‌یەکان ڕابگرێ، چونکە تووشی سووانەوەو ڕوخان دەبێ و دوریش نیە لەناوبچێ، بەشێکی کەمی خۆی ڕاگرتووەو ماوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەی توانای عەقڵی ئادەمیزادو داهێنانی، کارەساتی (لافاوە جیهانی‌یەکە) کە گەڕیۆڤسکی لێی دەدوێ بووەتە هۆی ڕماندنی زۆر لە ئەشکەوت و شارستانیەت، ئەم لافاوە لە پەڕاوە پیرۆزەکانی زۆربەی گەلاندا باسی لێوە کراوە، وەك نووسراوە سۆمەریەکان و چیرۆکەکانی ئینجیل و ئەفسانەکانی هندی‌یە سورەکانی گۆمی (ئامەزۆن) و هەروەها پەڕاوی پیرۆزی (زەند-ئاوێستا) ئاماژەیان بۆ لافاوەکە کردووەو گەڕیۆڤسکی باس لە شارستانێتی ئەشکەوتە باربانگەکەی (شانەدەری) لە شاخەکانی کوردستاندا دەکات وەك ئەرشیفێکی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی مرۆڤایەتی بە درێژایی (١٠٠٠٠٠٠) ساڵ، کە ئەمەش بوونی کوردو شارستانێتی کورد دەسەلمێنێ کە گەلێکن وەك گەلانی جیهان، خاوەن ئەفسانەو خاوەن مێژووی خۆیانن، دووەم شتی

لێ بەجێماوی مرۆڤی کۆن (وشە)یە، وشەش لە قوڵایی دەروونی مرۆڤدا بە زیندوویی ماوەتەوەو بۆیە یاریدەدەرێکی هەرە دیارو گەورە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان و گەورەترین سەرچاوە بۆ گەشانەوەو هۆش و بیرو، ئامرازێکی دەربڕین بووە هەر لە بەرەبەیانی مێژووی هۆشی مرۆڤی دابڕاو لە ئاژەڵێتی خۆیەوە تاکو ئەمڕۆ، گەورەترین ڕۆڵ دەبینێ لە ژیانی مرۆڤدا، مادەیەکی سەرەکی‌یە بۆ بوونی ماکە نەتەوەیی‌یەکان، وشە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەو دەوروبەردا کە لە چەند هەستێکدا خۆیان بەدی دەکەن و لە یەکتری کاردەکەن بەهۆی (لێك خشان لەگەڵ سروشتدا) یان (لێك خشان لەنێو سروشتدا)، کە دوایش دەبنە هۆی دروستبوونی زمان بۆ گوزارشت لە تونژاڵە دەوروبەرەکان.. یان دیاردە دەروونیەکان.. هتد...، وشە لەسەر شوێنەوارە کۆنەکان هەڵکەندراون بە شێوەیەکی وێنەیی کە گوزارشت لە ڕوودانی کارەساتێك دەکات، یان شێوەی کەسێك یان ئاژەڵێك کێشرابێت کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی مێژوویی شارستانێتی دەردەخات. ئا لێرەوە زاناکان گەڕان بە دوای شارستانێتی و فەلسەفەو ئایین و ئەفسانەو خواوەندەکان و لە ڕێی ئەم کەرەستە کۆنانەوە کە پاشماوەی مێژوویەکی پێش مێژوون بۆ ڕوونکردنەوەکانە دەربارەی ئادەمیزادو زانست و دەوروبەرو.. هتد لە ڕێی ئەم کەرەستانەوە بگەنە مێژووی مێژوو. یان بەرگی زانست بکەن بە گیانی مێژوودار هیچ گەلێکیش مافی ئەخورێ لەو شارستانیەتدا،

ئەم بیروباوەڕانە وایان لە زاناکان کرد، وایان لە مێژوونوسان کرد، کە دوای نوسراوو شوێنەوارە کۆنەکان بکەون، ئەویش زیاتر لە دووتوێی، پەڕاو پیرۆزەکاندا کە بەنرخترین کەرەستەن بۆ مێژوو، هەروەك ئەنگلس دەڵێ (ئەو شتانەی دەماودەم لە گەلانی ڕابردووەوە گێڕاونەتەوە هۆیەکی سەرەکین بۆ ڕاستکردنەوەی زانیاری دەربارەی کەرەستەی مێژوویی دیاری کردنی یەك بەدوای یەکی هاتنیان بۆی مێژوونوس پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کە لە چیرۆکی دەماودەم و سەرچاوە ئاینییەکاندا ئەو مەبەستانە بدۆزێتەوە کە بتوانری بکرێت بە بنچینەی زانیاری) یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی مرۆڤ ئەفسانە بوو، مرۆڤی کۆن لە ڕێی ئەفسانەوە دەدوا، نەك لە ڕێی زمانەوە، چونکە کەرەستەکانی زمان پێشکەوتوو نەبوون و نەشیدەتوانی زمانەکەی پڕ بە پێستی خۆی بەکاربهێنێ کە ستێرك (هدف) بپێکێ، هەربۆیەش تیشکی خۆری بە پەنجەی خواوەندەکان ئەشوبهاندو هەورە پڕ ئاودارەکانیشی بە مانگای گوان پڕ لە شیر ئەشوبهاند، ئەفسانەکان هەستی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و بیرکردنەوەی سەرەتایی دەردەخات سەبارەت بە گەلێك یان بوونی نەتەوەیەك کە دواجار بووەتە گەورەترین هۆکار بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت هەر لە سەردەمی مرۆڤایەتیەوە.

جۆرەکانی ئەفسانە :

١-ئەفسانەی (گەردون): کە ئەمەش وردبوونەوە بووە لە ڕژێمی گەردوون و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی بوونە.
٢-ئەفسانەی هۆدۆزی (تعلیلی): کە ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ لێکدانەوەی شت لە سەردەمێکدا کە شێوازێکی زانستی‌یانەی تیادا نەبووە.
هەروەها (جیمس فرێدەر) کە ڕابەری (قوتابخانەی پەرەسەند)ە بە پێی لێکدانەوەی ئەم قوتابخانەیە ڕەگەزی مرۆڤ لە مەسەلەی پەرەسەندنی شارستانێتی‌دا بە سێ قۆناغ تێپەڕ دەکات:
١-قۆناغی سیحر.
٢-قۆناغی ئایین.
٣-قۆناغی زانست.
کەرابێ مانەوەو لەناونەچوونی زۆربەی شتە کۆنەکانی دوێنێی مرۆڤی کۆن گومانی تێدا نی‌یە کە بووەتە سەرچاوەی گەلێك سەرهەڵدانی بیری

زانستیو مێژوویی، دوایش سەلماندنی ڕەچەڵەك و ڕەگەزی گەلانی کۆن و هەروەها ئاستی بیرو هۆشی مرۆڤی کۆن لە ڕووی ئابووری و سایکۆلۆژی و میتۆلۆژییەوە، وەك هەرەمەکانی میسر، باخچە هەڵواسراوەکان بابل، ئەشکەوتەکانی شانیدەر.. هتد، کە بوونی گەلان و نەتەوەکان دەسەلمێنن و بوونەتە کەرەستەکانی مێژوو، واتە مێژوو بەر لە مێژوو بەهۆی دەماودەم و نووسینەوەو پەڕاوە پیرۆزە ئاینییەکانەوە بۆ ئێمە بەجێماوە بەر لە دۆزینەوەی نووسین مێژوو بەهەرەیەکی گشتی زۆر ساکار بوو، بریتی بوو لە گێڕانەوەی پشتاوپشتی بەسەرهاتی ڕابردوو لە شێوەی داستان و چیرۆکدا، ئەفسانەو داستانەکان بۆ ئەوەی داهاتوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەکانداو خەیاڵی فراوانی ئادەمیزاددا شتێکی نوێتری دەخستەسەر، یان لەسەری لادەبرد، زۆرجار بەپێی بەرژەوەندییەکان ناوەرۆکی ئەفسانەکان دەشێوێنرا یان هەر مونکایەتیەکەیان لە گەلان دەسەند بە زوری زۆرداری و گەلێ ڕەچەڵەکیان بێبەش دەکرد لە ئەفسانەکانی و دوایش ناسنامەی نەتەوایەتیان دەسڕایەوە، داستانی گلگامش یەکێکە لە ئیپۆسە هەرە کۆن و گرنگەکانی مێژوو کە دەوروبەری چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بە زوبانی ئەکەدی (بابلی) بە شیعر نوسراوەتەوەو بە درێژایی ئەو سەردەمە باس کراوە.

هەروەها ئیپۆسەی (ئیلیادە) کە بەرهەمی (هۆمیرۆس)ی شاعیری گریکی باسی لەسەرهاتەکانی دوا ساڵی شەڕی تەڕوادە دەکات کە دەروبەری (٢٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە.

(ئۆدیسا)ش ئیپۆرسێکی تری گریکی‌یە دیسان بەناوی هۆمیرۆسەوە ناسراوەو پڕ لە زانیاری‌یە دەربارەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری ئە و سەردەمە کۆنەی مێژوو، زاناکان بە ئەفسانەو داستانەکان ڕانەوەستان و چوونە نێو لاپەڕە تاریکەکانی شاعیران و کتێبە کۆنەکان کە لە نێوانیانیادا زۆر شتی شاراوەیان تیا دۆزیوەتەوە، بۆ وێنە (گ. شلیمان) زانای ئارکیۆلۆژی ئەڵمانی بەهۆی وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لە چەند دێرێکی ئادیای هەڵبەستەکانی ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس) توانی شوێنەواری شاری (تەڕوادە)ی ئەفسانەیی بدۆزێتەوەو سەرلەنوێ کەلاوەکانی بخاتەوە بەر تیشکی ڕووناکی و ئەو تەڕوادەیەی کە هەتا ئەوکاتە بە ئەنجامی بیرێکی لە خەیاڵدا دروستکراو دادەنرا بیکاتە ڕاستی ون نەبوو: هەروەها فیردەوسی لە (شانامە)کەیدا بە چەشنێکی ئەفسانەئامێز مێژووی دێرینی ئێرانی نووسیوەتەوەو کتێبەکەی بووەتە سەرچاوەی مێژوو بۆ ئێران وەك سەرچاوەیەکی بەنرخ بە تایبەتی لای کورد چونکە لاپەڕەیەکی شاراوە دیاری دەخات لە ئەفسانە: کورد، مارکس و ئەنگلس دژی بیروبۆچوونی ئایینی ڕاوەستان و بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئینجیل بەسەرچاوەیەکی مێژوویی دەزانن بۆ بە لە

شیکردنەوەی خەوەکەی یوحەننای پیرۆز)دا کە یەکێکە لە هەرە تاریکترین بەشەکانی ئینجیل. ئەنگلس دەڵێ (ئەم بەشە بە جۆرێکی وا ژیانی سەدەی عیسایی سەردەمی سالی ٦٨٠ی (پ.ز) تێد ڕوون و ئاشکرایە دەڵێی لە ئاوێنەدا دەیبینی) ئەمە دەرخستنی دوێنێی کۆنە لە پەراوو ئەفسانەو داستانە کۆنەکاندا، دیارە بلیمەت و زانایان دەورێکی گرنگیان هەبووە لە ژیانەوەی شارستانیەت و ژیانەوەی ڕەچەڵەك و لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، هەر لەژێر تیشکی بە مێژووکردنی مێژوو ف. بریوسۆف دەڵێ (ئێمەی بلیمەت و شاعیر پارێزەری نهێنی و بڕوا، مەشخەڵی نەکوژاوە هەڵئەگرین بۆ ڕوونکردنەوەی زیندانی ژێرزەوی و بیابان و ئەشکەوتەکان)، کەوابێ مێژوونوس و زانا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕۆشکردنەوەی لاپەڕە تاریکەکانی ژیان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ڕوون و ئاشکرا. زۆربەیان ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستانەو بۆ ڕوون بوونەوەی هەر ڕووداوێك لە هیچ شتێك نەسڵەمیونەتەوەو زانستەکەیان وەك چەکێك بەکارهێناوە.

بە زانست کردنی کەرەستەکانی مێژوو یان بەکارهێنانی مێژوو وەک ئامراز

زاناکان تێکۆشاون و قوربانیان دەدا بۆ بە زانست کردنی دوێنێی مرۆڤی کۆن لە پێناوی بەیانی و پاشەڕۆژی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا، کە ئەمەش جێی مەترسی بوو بۆ پیاوانی ئایینی، هەر لەسەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و ئایینی لە سەردەمەکانی ئیمپراتۆریەکان و مەمالیکەکان و پیاوانی کەنیسە کە ببونە گەورەترین کۆسپ لە ڕێی زاناو پێشکەوتنەکاندا، لە لاوازی حوکمی ئیمپراتۆرو مەمالیک و پیاوانی دەوڵەت شۆڕشی ریفۆرمیستی دینی سەر هەڵداو وەک بەرەو پێشکەوتنێک بە هۆی هۆکارە تەنگ و چەڵەمەکانی پیاوانی دەوڵەت، هەروەک چۆن کەنیسەی مەسیحی لە کاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کۆندا دروستبوو دوای ئەوەی دەوڵەتی ڕۆمانی نەماو کەنیسەی کاسۆلیکی جێی گرتەوەو پیاوانی ئاینی دەوڵەتیان گرتە دەست و ئەوجا ململانێ لە نێوان پیاوانی ئاینیو پیاوانی زانستخواز دەستی پێکرد، زاناکان

دەیانویست، مێژوو و ڕەوتی مێژوو بەرەو پێشەوە ببەن و مرۆڤ لە کۆتی وەهم ڕزگار بکەن و هۆشیاری بکەنەوە لە ئەندێشەی ڕەشبینی و کۆیلەتی ، کری و لێبەجێماوی دووربخەنەوەو بەرەو ڕێی زانستیانە بەرن، بەڵام پیاوانی ئاینیی لە جیاتی ئیمپراتۆر بە شێوەی (پاپا)کان هاتنە نێو کۆمەڵ و کورسی حوکمیان گرتە دەست و خۆیان کردە (نوێنەری یەزدان لەسەر زەوی و لە ڕێی پیاوانیانەوە وەك دەستورێکی دەوڵەتی نامەی کەنیسەی مەسیحیان بڵاوکردەوەو تا گەیشتنە ڕادەی دروستکردنی خوێندنی زانستی لاهوتی کەنیسەی مەسیحی و ئەمەش بەهۆی هەندێ بیرۆکەوە بوونە دروستکردنی بناغەکانی ئاکاری کەنیسەی کاسۆلیکی بەهۆی هەندێ فەیلەسوفە لاهوتیەکانەوە کە باسی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەندی دەکرد یان چارەنوسی مرۆڤ لە پاشەڕۆژدا، یان لێکۆڵینەوەی لاهوتیان لەسەر مرۆڤ و دروستبوونی لەنێو فەلسەفەکانیاندا بووە ڕوکنێك بۆ ڕوکنەکانی دینی مەسیحی و لە چەرخی ناوەڕاستدا سوڵتەیەکی گرتە دەست (سوڵەیەکی سیاسی) و لە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەوەو لە دەوڵەتیش خۆیان جیاکردەوەو سەربەخۆ بوون، وایان لێك دەدایەوە کە کەنیسە لە سەرو دەوڵەتەوەیە، دوای دۆزینە جوگرافیەکان و پێشکەوتنی ئابووری هەلپەی خێزانە مەمالیکەکان و بەربەرەکانیان لە نێوانیان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن تا لێرەدا (پاپا)کان و پیاوانی ئایینی چوونە نێو ئەو قوڕاوەوەو بوونە مشەخۆرو

پارەخۆرو کەوتنە پول خڕکردنەوەو ئەمەش هۆکارێکی ترسناك و گەورە بوو کە زاناکان دەیانگرت لە پیاوانی کەنیسە بەڵام لە سەدەی شانزەدا ئەم ململانێیە گەیشتە ترۆپك و بوو بە ململانێی ڕامیاری و باری گۆڕی و دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی تێکشکان و کە هۆکاری پاشاو حکومەتە نەتەوەیی یەکان کە دواجار ئەو دوو جۆرە حکومەتانە دروستبوون و بوونە هاندەر بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتمان، دوای ئەوەش قوتابخانەی (کالڤن) (کالڤانیەکان) و قوتابخانەی (مارتن لوسر) (لوسەری) کە بوونە هۆی دروستبوونی بیروباوەڕە جیاوازەکان لەنێو کەنیسەدا، کە کەنیسەی (پروتستانتی) (بزوتنەوەی یەسوعیەت) بەم شێوەیە تا گەیشتە ئەوەی بەهۆی شۆڕشی دینییەوە کەنیسەی مەسیحی ببێتە سێ بەش (ئۆرسوزکس، کاسۆلیك، پروتستانت) لەو سەردەمەدا هەموو بیروباوەڕەکان لەژێردەسەڵاتی کەنیسەدا بوون، پیاوانی دینی هەموو شتێکیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان ئەوانیش بەپێی ئەو چین و کۆمەڵانە کە بەشێکیان بێك دەهێنا لەو کۆمەڵگا دواکەوتووەدا، هیچ نووسەرێك و هیچ هونەرمەندێك بۆی نەبوو سەرپێچی لەو یاسانە بکات کە پیاوانی ئایینی دایانڕشتووە، ڕاستییەکەشی هەر ئەوەبوو بەو جۆرە بێ چونکە ئەوانیش بە ڕۆشنبیری ئایینی پەروەردەکرا بوون و گوێش کرابوون کەنیسەو بیروباوەڕی ئایینی مەسیحیش سەرخانێکی گونجاو لە باری بنکە

ئابووریەکەی دەرەبەگایەتی پێکدەهێنا، هونەر وای لێهات ڕەشبینی پێوە درابێت تا خەمێن کاریان دەکردە سەر جەماوەر پیاوانی ئایینی ناچار بوون بە شوێن ڕێگایەکی تردا بگەڕێن کە بیکەنە، بەربەستێك لە نێو هونەرمەندو زاناو جەماوەردا تا هونەر بکەنە ئامرازێك بە هۆیەوە خزمەتی خۆیانی پێبکەن، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لە نێوان ناکۆکی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و پیاوانی ئایینی و پاپاکان و ڕاپەڕینی جوتیاران و پیشەگەران لە بەرهەمەکانیان ڕەنگیان دایەوەو بەرەو ڕیالیزم نزیك بووەوە، دواتیش لە ئەنجامی گەشەکردنی باری ئابووری کۆمەڵگای ئەورووپی نووسەری وەك (دانتی) (پەتراك) (بوکاشیو) هاتنە مەیدان حەقیقەتی سیستەم و دام و دەزگای کەنیسەیان بۆ خەڵکی ڕوونکردەوەو ئاشکرایان کرد، ئەمە سەدەی ڕێنیسانسی گرتەوە (سەدەی بوژانەوە) پاش ئەوانەیش (داڤنشی) و (ئەنجیلۆ) و (شەکسپیر) و (ڕۆفائیل) هاتنە سەر شانۆی ژیان و شان بە شانی شارستانییەتی نوێ ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بینی، تەوەری سەرەکی (سەدەی بوژانەوە) (ئادەمیزاد) بوو کە هەموو شت پێشتر بوو لایان، شەپۆلەکانی جەنگ و داگیرکردن و بازرگانی و بەربلاوی ئابووری دەستی پێکرد وەك شەپۆلی سوپای خاچداران کە بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە نێوان ئەو گەلادا کە بەشداری شەڕیان دەکرد بە تایبەتی ئینگلیزو فەرەنسی و ئەڵمانی لێرەدا ڕێڕەوی دینی گۆڕدرا بۆ ڕێڕەوی نەتەوەیی و نیشتمانی

و دوایی ئەدەبی نەتەوەیی سەریهەڵدا واتە نووسین بە زمانی نەتەوەیی.
هەروەها شارستانێتی ئیسلامیش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئەورووپا کە بۆی کشا لە کۆتایی سەدەی پانزەدا، زانایان بۆ ئەوەی لە دەستی پیاوانی کەنیسەو ئایینی ڕزگاریان بێت کەوتنە خۆئامادەکردن و شێوازی نوێی جۆربەجۆریان دۆزیەوە تا بەهۆیەوە بەربەرەکانی سیستەمی کۆن و بیروباوەڕی دەرەبەگایەتی پێبکەن و پەردەیان لەسە ڕەهەڵماڵن، بۆ ئەم مەبەستە ڕێگای ژیاندنەوەی کەلتووری کۆنیان گرتەبەر بە تایبەتی کەلتووری یۆنانی، ئەوان وا بۆ مەسەلەکە دەچوون گوایە بەهۆی ژیاندنەوەی کەلەپووری کۆنەوە دەتوانن لە یاساکانی سروشت تێبگەن لەم ڕوانگەیەوە ئەم ڕێبازە فیکریە نوێیە بەناوی ڕێنیسانسەوە هاتە نێو مەیدانەوە کە قەڵەم بازێکی گەورە بوو بۆ پێشکەوتنی گشت مرۆڤایەتی و چەندین داهێنانی بەخۆیەوە بینی کە مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەکات هەروەها تەوژمێکی بە هەموو بوارەکاندا، ئەورووپا بە ئاگاهاتبوونەوەو بە پەرۆشەوە هەڵپەی بۆ زانستی نوێ دەکرد جا لەبەرئەوەی ئارەزووی لە زانست و زانیاری نوێ بوو کەوتنە هەڵپەو گەڕان و پشکنین بەدوای لایەنە پشتگوێ خراوەکان بە دەیان فەیلەسوف و مێژوونوسی هێنایە کایەوە کە بیروباوەڕیان تەواو بیروڕای کۆمەڵی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاستی هێنایە لەرزین و بایەخێکی تایبەتی‌یان دا بە وەرگێڕانی کتێبە ئایینی‌یە کۆنەکان، بەڵکو هەڵەی

ناقۆلایان تیا دەدۆزیەوە هەروەها بۆ یەکەمجار تەواوی بەرهەمە ناودارەکانی شاعیرانی گریکیان وەرگێرا لەوانە (ئەلیادە) و (ئۆدیسا)ی (هۆمیرۆس) و جگە لە بەرهەمە فەلسەفی یە کۆنەکانیش، پێشەوایانی (سەدەی بوژانەوە) وەك (دانتی ١٢٦٥-١٣٢١ز) و (پەتراك ١٣٠٤-١٣٧٤ز) و (دافنشی ١٤٥٢-١٥١٩ز) و (میخائیل ئەنجیلۆ ١٤٧٥-١٥٦٤ز).. هتد، لە سەردەمی (بوژانەوە)دا بایەخێکی زۆر بە شوێنەوارە دێرینەکانی رۆژهەلات درا بۆیە زانیاری مێژوو لە ریزی پێشەوەی ئەو زانیاری یە مرۆڤایەتی یانە دادەنرێ کە بیروباوەری (بوژانەوە) کاری تێکردن بابەخدان بە کەلەپووری کۆن بۆ ئەوە بوو رۆشنایی یەکی بەتین بخرێتە سەر لاپەرە شاردراوەو نادیارەکانی مێژووی سیاسی و رۆشنبیری. کۆمەلایەتی ئەوروپا لە سەردەمی گریك و رۆماندا لەوانەش (ماکیاڤیللی ١٤٦٩-١٥٢٧ز) کە بە دیارترین مێژوونوسی سەردەمی (رێنیسانس) دەژمێردرێ، ئەو سەردەمە گرنگترین سەردەمی ئالتونی مێژوونوسان و زاناو فەیلەسوفەکان بەرامبەر بە لێکۆلینەوەکان بە مەبەستی شارەزابوونی مێژوویی بەر لە زایین یەکێکە لەو بابەتانە لە سەردەمی (بوژانەوە)دا سەری هەلداو پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەو قۆناغەوە هەیە لە لایەکی تریشەوە لێکۆلینەوەی مێژوویی گۆرانێکی بنەرەتی بەسەردا هات و مێژوونوسان لە روانگەیەکی نوێوە دەیانروانیە کارەساتە مێژوویی یەکان و رۆلی تاکەکەسیان تیادا دیاری دەکرد،

ئەوانە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە سەرچاوەو ئێدەریجنەرە مێژووییە تۆمارکراوەکان وردەبوونەوە بەمەش نەک هەر دەستیان خستەسەر ناتەواوی کەم و کورتییەکانی ئەو سەرچاوە کۆنانە بەڵکو چەندین حەقیقەتی مێژوویی گرنگیان چەسپاندو بەهۆیانەوە بیروڕای دەرەبەگایەتیان یەکالا کردەوە، هەر لەو سەرەدەمەدا بوو واتە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا مێژوونوسان بۆ یەکەمجار مێژوویان بە پێی سێ قۆناغ دابەشکرد لەو ڕۆژگارەدا، نووسینی مێژووی نەتەوەیی داهاتووە و مێژوونووسانی (بوژانەوە) کەوتنە باسی نیشتمان و پاشەڕۆژی بە شێوازێکی هەست بزوێن، کۆتاییان بە کۆتکردنی یان بە کۆیلەکردنی مێژوو لە لایەن کەنیسەوە هێنا. مێژونوسانی ئەو سەردەمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کەنیسەدا دانویان نەدەکولا بۆ خەڵکیان دەنووسی و دەیانویست لە ڕێگەی مێژووەوە وریایان بکاتەوە، مێژوونوسی ئیتالیایی (لیۆناردۆ برونی) دژی هەموو شتێک وەستا کۆمارو نیشتمانپەروەری بەلایەوە ئەرسی یەکەمی مێژوو بوون و هەر لەبەرئەوەش شەیدای مێژووی ڕۆمانی کۆن بوو، لە سەردەمی شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا زیاتر مێژوو قاڵبی زانستی وەرگرت، تا ئەوکاتە مێژوو نەیتوانی بە تەواوەتی ڕیشەی هەموو پێوەندییەکانی خۆی بە کڵێسەو دەزگا ئاینییەکانەوە بپچڕێت، ڕێبازی زانیاری پەرەی سەند ڕووناکبیران وەک (جان جاک ڕۆسۆ) و (ڤۆڵتێر) و (کانت) ئەمانەش

سووربوون لەسەر ئەوەی مێژوو ڕاوەستانی نییەو بە چاوێکی زانستییەوە دەیانڕوانییە مێژوو، مێژوویان کردە ئامرازێك یان چەکێك بۆ ڕیسواکردن و هەڵتەکاندنی دام و دەزگای ڕژێمی دەرەبەگی هەروەها دەیانویست دوا مووی پێوەندی نێوا کڵێسەو مێژوو بپچڕێنن، مێژوونووسی ئنیگلیزی (ئەدوارد گیسون) کەو تا ئیمڕۆ قیبلەنومای گەلێك مێژوونوسی ڕۆهەلاتە دەیگوت (کڵێسە هەستی نیشتمانپەروەی لە گیانی مرۆڤدا ڕیشەکێش دەکات) ناحەزانی زانیاری پەروەر کە بە ڕۆمانسی ناویا دەکردووە شەیدای سەدە ناوەنجییەکان و دوژمنی باوەکوشتەی شۆڕشی فەرەنسی بوون، (بەشێکی زۆر لە ڕۆمانسییەکان ئەوانە بوون کە لەکاتی خۆی لە ناوشۆڕشی فەرەنسە هەڵهاتبوونە وڵاتانی تر) ڕۆمانسییەکان وەك یەك نەبوون، لیبراڵییەکانیان پاڵیان بە ڕەورەوەی مێژووەوە دەنا کەچی کۆنەپەرستەکانیان ویستیان بەرەو دواوەی بگێڕنەوە، ئەمەش دەستکەوتێکی تر بوو بۆ سەر زانستی مێژوو، بیروباوەڕی سۆسیالیزمی یۆتۆپی (اشتراکیة الطوباوی) مێژووشی گرتەوە، وەك (سان سیمۆن) (شارل فۆربیە)، (ڕۆبەبت فۆبێن)، سان سیمۆن دەیگوت (گەل هەوێنی ڕووداوی مێژوویییە خەباتی بۆرجوازی و جوتیار دەژی دەرەبەگ و کڵێسە ناوەرۆکی ئاڵوگۆڕییە، (تێری) مێژوونوس وای لە یەکێکی وەك مارکس کرد ناوی بنێت (باوکی خەباتی چینایەتی لە زانستی مێژووی فەرەنسیدا) سەدەی نۆزدە کەس

نەیتوانی بە ڕادەی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (هیگڵ) کاریکاتە سەر مێژوونوسانی ئەورووپا، یەکەم کەسە هەوڵی داوە ئاڵوگۆڕە ناوخۆکانی مێژوو دەستنیشان بکات، گوایە پێشخستنی مێژوو هەر لە قۆناغ و سەردەمێکدا یەکێك لە گەلانی جیهان ئەرکی ئەو پێشخستنەی دەکەوێتە ئەستۆ، بەلام بەڕای مارکس و ئەنگلس جیاوازی لە نێوان گەلاندا نی‌یە هەریەکە دەتوانێت لە یەك جۆر باری ژیاندا بە گشتی یەك دەور ببینێت، خەباتی چینایەتی لایان بزبڕەی ئاڵوگۆڕی ڕووداوی مێژووی‌یە ئەنجامیش وەرچەرخانی باری ئابووری و دەسەلاتی سیاسی‌یە کە لە چینێکی پاشکەوتووەوە دەچێتە چینێکی پێشکەوتوتر لە خاوەن کۆیلە بۆ دەرەبەگ لە دەرەبەگەوە بۆ بۆرجوازی و لەویشەوە بۆ پرۆلیتاریا، بە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا زانستی مێژوو هەنگاوی گەورەی بەرو پێشەوەنا لێکۆڵینەوەکان بەرگی زانستیانە پۆشی، سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوی تایبەتی مێژوونوسان بوو، چەندەها گۆڤار دەرچو تایبەت بوو بە مێژوو، پەیوەندی نێوان مێژوونوسان و ولاتانی جیهانی زۆر لە جاران بەهێزتر بوو، هەموو ئەمانە ڕێگەیان دا بۆ بە زانستکردنی مێژوو بە تایبەتی دوای شەڕی جیهانی یەکەم کە بە جارێك پەل هاویشت و ژمارەی ئەو گۆڤارانەی بۆ باسی مێژوویی تەرخان کراون لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا خۆی‌دا لە چەند هەزار گۆڤارێك کە بە دەیان و زیاتر زوبانی

گەلانی جیهان دەردەچوون، ئەمانە هەستیان بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و ئایینی کە کاریان کردە سەر هەموو جیهان ئەم هەموو هەوڵو تێکۆشانەی زاناو فەیلەسوفان و مێژوونوسان بۆ بە مێژوو کردنی مێژوو و ڕاستکردنی مێژوو بوو کە دواجار بلیخانۆف قەڵەمبازێکی گەورەی پێداو بەرگی فەلسەفی کردە بەر بە شێوەیەکی یان بە مەفهومێکی مادیانە مێژووی شیکردەوە، ئەمانە ئەوە دەگەیەنێ کە کەرەستەکانی مێژوو لە هەموو بوارێکەوە گەورەترین هەوێن بوون بۆ مێژووی مێژوو، مێژوو خۆی، شارستانیەت، کە گشت مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەکات بمانەوێ و نەمانەوێ.

سەرچاوەکان:

١-مێژو د. کەمال مەزهەر- بغداد ١٩٨٣.

٢-ڕێنیسانس- د. کەمال مەزهەر- فوئاد مەجید میرسی کردوویە بە کوردی ١٩٨٤.

٣-نهێنی کۆنترین مێژوو- ا. گەربۆڤسکی- جەلال تەقی لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی ١٩٨٠.

٤-ئەفسانە- د. نبیلە ابراهیم- وەرگێڕی لە عەرەبیەوە محمد بدری بغداد ١٩٨٦.

٥-تاريخ اوربا من عصر النهضة و حتى الثورة الفرنسية ١٥٠٠-١٧٨٩.
د. محمد محمد صالح ١٩٨٢ بغداد.

فەرهەنگۆك:

میتۆلۆژی- علم الاساطیر.

ئارکیۆلۆژی- علم الاثار- زانیاری دەربارەی ڕابردوو مرۆڤایەتی بەهۆی کەرەستەی پاشماوەی شوێنەوارەوە.

ئیتنۆگرافی- علم الاجناس- زانیاری دەربارەی شوێن و زانیاری و دروستبوون و ڕادەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی گەلان.

ئەستڕۆنۆمیا کە لە پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەستێرەو لەشە ئاسمانییەکان دەکۆڵێتەوە.

فەسلەجە (فسلجە)- علم اللغة- العلاقة بین اللغة و البیئة.

ئیپۆس- ملحمە. داستان.

سەرچاوەکان:

١-فلسفة التاریخ- ج. بلیخاوف_ بێ مێژوو
٢-تاریخ التاریخ- علی ادهم- دار المعارف- قاهرة ١٩٧٧.
٣-التاریخ مجاله و فلسفته- د. نوری جعفر- بغداد- مطبعة الزهراء ١٩٩٥.

٤-الفيلسوف والتاريخ- نماذج من التأويل الفلسفي للتاريخ- محمد جلوب فرحان- استاذ الفلسفة المساعد كلية التربية جامعة الموصل- بغداد ١٩٨٧.

٥-دراسات في فلسفة التاريخ - د. هاشم يحيى الملاح د. ابراهيم خليل احمد د. عماد احمد الجواهري د. غانم محمد الحفو -وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة الموصل ١٩٨٨.

٦-هيگل- محاضرات في فلسفة التأريخ- الجزء الاول- العقل في التاريخ- ترجمة و تقديم د. امام عبدالفتاح امام -بيروت- دار النشر التنوير- بي ميژوو.

٧-ابن خلدون- المؤرخ و عالم الاجتماع و الفيلسوف- تأليف البروفسور- ناشانيل شمت - ترجمة أ. د. احسان محمد الحسن- دار المأمون بغداد ١٩٩٩.

٨-دور الجماهير الشعبية في التأريخ- اكاديمية العلوم السوفياتية- ترجمة د. بدرالدين السباعي/ د. نجاح الساعاتي- مراجعة يوسف حلاق -بيروت- الطبعة الاولى ١٩٨٢.

٩-الموسوعة الفلسفية- وضع لجنة من العلماء و اكاديميين السوفياتيين باشراف- م روزنتال- ب. يودين- ترجمة سمير كريم- بيروت الطبعة الثالثة ١٩٨١

١٠-ميژوو - د. كەمال مەزهەر ئەحمەد- بغداد ١٩٨٣.

١١-فێرکردنی فەلسەفەی زانستی- ئیحسان تەبەری- وەرگێڕانی د. حسن خەلیقی بغداد ١٩٩٤.

١٢-ڕێنیسانس - د. کەمال مەزهەر ئەحمەد- فوئاد مەجید میسری کردوویەتی بە کوردی- بغداد ١٩٨٣.

١٣-تاريخ اوربا من عصر النهضة و حتى الثورة الفرنسية ١٥٠٠-١٧٨٩ د. محمد صالح بغداد ١٩٨٢.

١٤-المدخل الى الفلسفة- صدام الزيادي- الجزء الاول ١٩٨٩.

١٥-اشتراكية ام فوضوية- جوزيف ستالين- ترجمة جورج طرابيش- بيروت ١٩٧٨.

١٦-ماركس الثامن عشر من بروميل لويس بونابارت- المجلد الاول- الجزء الثاني- ترجمة الياس شاهين- دار التقدم موسكو ١٩٨٠.

١٧-دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ- بەیاد عەبدولقادر ١٩٨٧.

١٨-نهێنی کۆنترین مێژوو- ا. کەربۆلسکی - جەلال تەقی لە ڕووسییەوە کردویە بە کوردی ١٩٨٠.

١٩-ئەفسانە- د. نبیلە ابراهیم- وەرگێڕی لە عەرەبییەوە محمد بدری بغداد ١٩٨٦.

ناوەڕۆك

١- پێشـــەكیەكی كـــورت........................ ٣
٢- دەروازەیـەك بـۆ فەلسـەفەی مێـژوو........................ ٥
٣- فەلســـەفەی مێــژوو........................ ١٤
٤- پرۆژەی لێكۆڵینەوەی مێژوو لای هیگل........................ ٢٣
٥- سروشــتی مێــژوو........................ ٤٤
٦- مێــژووی نوســینی مێــژوو........................ ٤٦
٧- چینییـەكانو نوســینی مێـژوو........................ ٥٠
٨- یابانیـەكانو نوسـینی مێـژوو........................ ٥٢
٩- هنــدو نوســینی مێــژوو........................ ٥٤
١٠- یەهودیـەكانو نوســینی مێـژوو........................ ٥٥
١١- نوسـینی مێـژوو لای یۆنانیـەكانو رۆمانیـەكان........................ ٥٨
١٢- رۆمانیـەكانو نوسـینی مێـژوو........................ ٦٥
١٣- نوسینی مێژوو لەسەرەتای سەردەمی مەسیحیەتدا........................ ٦٧
١٤- نوسـینی مێـژوو لەسـەدەی ناوەڕاسـتدا........................ ٧١
١٥- نوسـینی مێـژوو لەسـەردەمی ئیسـلامدا........................ ٧٣
١٦- (ئیـبن خـەلدون)و فەلسـەفەی مێـژوو........................ ٨٠

١٧- فەلسەفەی مێژوو لای هیگل.....................................٩٥
١٨- فەلسەفەی مێژوو لای سان سیمۆن.............................٩٨
١٩- راڤەکردنی (برتراند رسل)ی فەیلەسوف بۆ مێژوو..........١٠٠
٢٠- فەلسەفەی مێژوو لای مارکس و ئەنگلس.....................١٠١
٢١- سۆشیال یۆتۆپیەکان و مێژوو....................................١٠٢
٢٢- رۆشنگەران و مێژوو..١١٨
٢٣- راڤەکردنی جوگرافیایی بۆ مێژوو................................١٢٢
٢٤- راڤەکردنی رۆحی بۆ مێژوو (لای هیگل).......................١٣٠
٢٥- راڤەکردنی مەتریالیزمیانە بۆ مێژوو............................١٣٥
٢٦- راڤەکردنی سووری (الدوری) بۆ مێژوو.........................١٤٣
٢٧- راڤەکردنی هونەری یان جوانی بۆ مێژوو......................١٥١
٢٨- پێکهاتەی مێژوو..١٥٤
٢٩- رۆڵی تاکەکەس لەمێژوودا..١٧٤
٣٠- کەرەستەکانی مێژوو...١٨٦

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ژیاننامەی نووسەر

* ساڵی ١٩٧٣ لە گەڕەکی (ئیسکان)ی شاری
کەرکوک لە دایک بووە..

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی
لە شاری هەولێر تەواو کردووە..

* ساڵی ١٩٩٤ - ١٩٩٥ بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی
تەواو کردووەو دووەمی بەشەکەی خۆی بووە.

* لە ٩/١٠/١٩٩٩ لەبەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە..

* ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی ماجستێری لەبەشی مێژووی
زانکۆی سلێمانی بە پلەی زۆرباش بەدەست هێناوە.